# گۆڵاڵ

سـاڵی بیسـت و هـەشتـــەم (١٣٠٥)- (١٤)ی شوبـاتی ٢٠٢٢


# سیۆکراسیەتی ئیسلامی سیاسی

## توندڕەوی بێ متمانەیی نادڵنیایی پەراوێزکەوتن

**زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خەریکی ئەوەن بگەڕێنەوە بۆ حوکمڕانیی سیۆکراسی و بە ناوی "خوا"وە حوکمڕانی بکەن**

هەر لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی یەکەمی پیشەسازی کەنیسە چۆکی دادا، بەڵام ئیسلامی سیاسی لە هەر چوار شۆڕشە زانستییەکە بێئاگایە

**هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ ئەوەی پیشان دا کە خەریکە نێومالّی کوردستان و عەرەبی سوننە خۆیان لە ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسی دادەماڵن و بە هیچ جۆرێک کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی نامێنێت**






# تا ئێستا هیچ ئافرەتێکی زیرەک و هێمن و بەهێز و لێهاتووی وەک «خەجیج»ی دایکی شەهید عومەرم نەدیوە

٦

ڕۆژی ٢٤ی ئایاری ساڵی ١٩٨٣ سەردانی ئۆردووگای پەنابەرانی زێوەم کرد، بۆ من ڕۆژێکی تایبەت بوو، لە ژیانمدا بە دەگمەن وەک ئەو ڕۆژە دڵگران بووم و کەوتوومەتە ژێر کاریگەرییەوە، چونکە ژمارەیەکی زۆری منداڵ و ئافرەتە ڕەشپۆشەکان و ئافرەتانی بەتەمەن و بەساڵاچوو و دایکی شەهیدان هاتنە لام و، هەموویان هاوار و شینیان بوو و نزایان بۆ دەکردم، ئەم شیوەن و هاوارەیان زۆر کاری تێ کردم و بە قووڵی خەم دایگرتم، لە خوای گەورە داواکارم پاداشتیان بداتەوە. هەر لەوێ بۆ ماوەیەکی زۆر لە گەڵیاندا دانیشتم و قسەم بۆ کردن و هەوڵمدا دڵیان بدەمەوە، هەر چەندە خۆڕاگری و بەهێزی و متمانە و باوەڕ بە سیمای هەموویانەوە دیاربوو، بەڵام تا ئێستا هیچ ئافرەتێکی بەهێز و لێهاتووی وەک «خەجیج»ی دایکی شەهید عومەرم نەدیوە، زۆر ژیر و لەسەرخۆ و پڕهیوا و قسەزان و هۆشیار و پێگەیشتوو و هێمن بوو. دواتر ژمارەیەکی زۆر جەماوەرم لە بارەگای لێژنەی ناوچەی ئازادی لە زێوە کۆکردەوە و، قسەم بۆ کردن، کە پێویستە زۆر وریا بن و خۆیان لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری نابەجێ بپارێزن، نابێت ڕێگە بدرێت کە برا کوردەکانمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی هاتنیان بۆ زێوە هەست بە نیگەرانی و دڵەڕاوکێ بکەن، پێم گوتن نابێت بە هیچ شێوەیەک خەڵکی بێتاوان ئازار بدرێت، ئامۆژگارییەکی زۆرم کردن، چونکە جەماوەر تاڕادەیەکی زۆر بە دوای سۆز و عاتیفە کەوتبوون.

# چاپکراوی نوێ




کتێبی (ڕۆڵی دیپلۆماسییەتی لوتکە لە یەکلاکردنەوەی ئاشتییانەی ناکۆکییەکان) لە نووسینی ( یونس تەڵعەت دەباغ) و وەرگێڕانی (عوسمان رانیەیی) لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان کەوتە بەردەست خوێنەرو زانستخوازانەوە.

نووسەر ئاماژە بەوە دەکات کە لەم ساڵانەی دواییدا بۆ چەندین جار شاندی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداریی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆسیان کرد، لەوانە ئامادەبوونی بەڕێز مسعود بارزانی لە ٢٠١٤/١/٢٥ و چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکانی جیهان و کەسایەتییە ناسراوەکان ئەنجام دا، بۆ جاری دووەمیش بەڕێزیان لە ٢٠١٧/١/١٧ بەشداریی ئەو کۆڕبەندەی کرد، هەروەها لە ٢٠١٨/١/٢٣ بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشداربوو، لە ٢٠٢٠/١/٢٢ دیسان بەڕێزیان وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەشداریی کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆسی کرد.

بە شێوەیەکی گشتی ئەم کتێبە باس لەوە دەکات کە دیپلۆماسییەتی لوتکە، لەسەر ئاستی شاو سەرۆکی وڵاتانی جیهان و ئەو کەسانەی پۆستی هەرە باڵای سیاسیی دەوڵەت لە ئەستۆ دەگرن، ساز دەکرێت، وەك دەبینرێت لەم ڕۆژگارەدا ئەم شێوازە لە دیپلۆماسییەت ڕوخسارێکی دیاری دیپلۆماسییەتی هاوچەرخ پێك دێنێت و بووە بە نموونەیەکی بەرچاو لە سیستەمێکی نوێی جیهانی.

نووسەری کتێبەکە سەبارەت بە دەرئەنجامەکانی ناوەڕۆکی کتێبەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە لەمیانی ئەم لێکۆڵینەوە زانستییەدا گرنگی دراوە بە تاوتوێکردنی بابەتی دیپلۆماسییەتی لوتکە و ڕۆڵی لە یەکلاکردنەوەی ئاشتییانەی کێشەکان، هاوکات ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی لێکەوتەکانی سەر دیپلۆماسییەتی لوتکەو کارگەرییەکانی لەسەر ڕێڕەوی چارەسەرکردنی ناکۆکییە نێودەوڵەتییەکان.


دەستخۆشی لە دانەرو وەرگێڕی ئەم کتێبە دەکەین بە هیوای بەرهەمی زیاترو دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی بەم جۆرە بابەتانە.

## نەوزاد شێخ کامیل:



**ئەمساڵ ئومێد زۆرە کە گەنمی زۆر بەرهەم بێت و هەموو ئامادەکارییەک بۆ ئەمبارکردنی کراوە**

## فەهمی محەمەد عەلی:




**فرەچەشنکردنی بەرهەمهێنان کارێکی دروست و سەرکەوتووە، بەڵام پێویستی بە سەربەخۆیی ئابووری و سەرمایەی مەعریفی هەیە**

## جیراڵد فێریشتەین:



**کوشتنی ئەل قورەیشی بڕیارێکی لۆژیکی بوو، بەڵام بە مانای کۆتایی هاتنی داعش نایەت**

## ستوارت کۆفمان:



**هێرشکردنە سەر ئۆکرانیا هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵام ڕەنگە پوتین ئەم کارە ئەنجام بدات**





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

سیروان محەمەد :

دیدگای ٢٠-٣٠ نەخشەڕێگا و ڕێنیشاندەرە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و پاڵپشتیکردنی ڕیفۆرمی ئابووری



ڕێژان باڵەک :

پێویستە خێزان هاوکار و پاڵپشت بن بۆ منداڵەکانیان، بەتایبەت کچەکان، ئەگەرنا سەرکەوتوو نابن



ماجدە زەبیتە :


پێویستە هونەرمەند زمانحاڵی کۆمەڵگە بێت



کاتژمێرێکی زیرەکی تایبەت بە ماراتۆن



یەکەم نیشانەی تووشبوون بە ئۆمیکرۆن



سۆما فازڵ :

بەبێ پاڵپشتی خێزانەکەم نەم دەتوانی بگەم بەم ئاستە







## هەڵسەنگاندنێک بۆ
## حوکمڕانیی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان

# حوکمڕانیی باش و دروستکردنی بڕیار لە ناو خواست و داواکاریی خەڵکدا

پرۆفسیۆر مایکلساندل ئوستادی فەلسەفەی سیاسەت لە زانکۆی هارڤارد لە پەنێڵێکدا کە بۆ باسکردنی ناوەڕۆکی کتێبەکەی بە ناونیشانی "سەرکوتاری لە بەدەستهێنانی لێهاتووییدا - The Tyranny of Merit"، ساز کرابوو، ئاماژەی بەوە کرد، کێشەی سەرەکیی حوکمڕانی لە سەدەی بیست و یەکەمدا هەڵکشانی "نادادپەروەری"یە لە کۆمەڵگەدا و، جیا لەوەی دامەزراوەکانی سیستمی دیموکراتی ناتوانن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن، ئەوا لە هەمانکاتدا هەر ئەو دامەزراوانە خۆیان ڕێگەیان بۆ ئەوە خۆش کردووە کە بە شێوەیەکی شەرعی و سیستماتیکی "نادادپەروەری"ی زیاتر دروست بکەن، لەسەر ئەم ئاراستەیە لە کتێبەکەیدا باسی شێوازی وەرگرتنی قوتابی لە زانکۆ هەرە بەناوبانگەکانی ئەمریکا دەکات و نووسیویەتی: "لە زانکۆ هەرە پێشکەوتووەکانی ئەمریکا وەك "هارڤارد، یەڵ، ستانفۆرد و...هتد، بە سێ شێوازی جیاواز قوتابی وەردەگیردرێت، کە بریتین لە "دەرگای پێشەوە بۆ ئەوانەی لێهاتوون و ژمارەشیان زۆر کەمە، لە دەرگای پشتەوە بۆ دەوڵەمەندەکان، لە دەرگای ناوەوە بە ڕێگەی بەرتیل و فێڵکردن"، کێشە سەرەکییەکەش ئەوەیە قوتابیان لە سێ دەرگای جیاوازەوە دەچنە ئەو زانکۆیانە، بەڵام هەموویان لە دەرگای پێشەوە دێنە دەرەوە، بەڵام هەر سێ جۆرەکە یەك شانسیان لە ناو کۆمەڵگە نییە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەوەی بە لێهاتوویی خۆی لە دەرگای پێشەوە چووەتە ئەو زانکۆیانە، کە زانکۆ تەواو دەکات، لە ناو کۆمەڵگە پشتیوانی گەورەی نییە و ئەمانەش کەمینەن لە چاو دوو جۆرەکەی دیکەدا، بەڵام ئەوانەی لە دەرگای پشتەوە و ناوەوە دەچنە ژوورەوە و لەگەڵ لێهاتووە ڕاستەقینەکان لە دەرگای پێشەوە دێنە دەرەوە، پشتگیریی گەورەیان لە ناو کۆمەڵگە هەیە و لە پیادەکردنی "سیستمی لێهاتووگەرایی - meritocracy system" کە بوار دەڕخسێنێت بۆ ئەوەی خەڵکانی خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیە پێشکەوتووەکان جێگەی خۆیان لە ناو دامەزراوەکان بۆ بکرێتەوە، ئەو خەڵکانە دەچنە ئەو شوێنانە کە بە لێهاتوویی خۆیان بڕوانامەی ئەو زانکۆ پێشکەوتوویەیان بەدەست نەهێناوە و، سەرەنجامیش لە بەر ئەوەی سیستمی لێهاتووگەرایی دەبێتە بەشێك لە "نادادپەروەری"، ئەوا نادادپەروەری هەموو جومگەکانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە و، "تووڕەبوونێکی پەنگخواردووی دانەمرکاوە re-sentment"، دروست دەبێت و، دامەزراوەکانیش دەستەوەستان دەبن لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ "دادپەروەری و دامرکاندنەوەی ئەو تووڕەبوونە"، بۆیە خەڵك بە دوای ئەلتەرناتیڤێکی دیکەدا دەگەڕێت کە بەداخەوە ئەو ئەلتەرناتیڤە "سەرکردەی پۆپۆلیستە" کە یاری بە سۆزی خەڵك دەکات و خەڵکەکەش وا دەزانێت فریادڕەسە و دەنگی پێ دەدات و شوێنی دەکەوێت.

لەسەر ئەم بنەمایە کاتێك باسی دیاردەی بوونی دۆناڵد ترەمپ بە سەرۆکی ئەمریکا دەکات، دەست دەخاتە سەر برینەکە و دەڵێت: "کێشەکە ئەوە نییە گەیشتینە ئەو قەناعەتەی دەنگ زیاتر بە بایدن بدرێت و، ترەمپ هەڵبژاردنەکە بدۆڕێنێت، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە ٧٠ ملیۆن کەس لە ئەمریکا دەنگی بە ترەمپ داوە و خوازیار بوون بۆ چوار ساڵی دیکەش ئەو بەردەوام بێت، ئەم ڕێژەیەش تەنیا یەك دوو ملیۆن دەنگی لە ڕکابەرەکەی کەمترە، کە ئێستا سەرۆکی ئەمریکایە."

ئەوەی ئەم بیرمەندە لەم کتێبەدا دەستی خستووەتە سەر، ڕەهەندێکی فەلسەفیی قووڵتری هەیە لەو باسانەی پێشتر لەسەر پرسی "نادادپەروەری و لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی" دەستیان خراوەتە سەر و، ڕاشکاوانە پێمان دەڵێت: "ئەوە گەندەڵی نییە کە نادادپەروەری دروست دەکات، بەڵکو ئەوە نادادپەروەرییە کە نەك هەر گەندەڵی، بەڵکو "کۆمەڵگەی گەندەڵ"یش دروست دەکات، کە کۆمەڵگەش گەندەڵ بوو، ئەوا هیچ دامەزراوەیەك ناتوانێت چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە."

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا چ لایەنێك لە پشت دروستبوونی ئەم نادادپەروەرییەوەیە؟ تۆماس فریدمان وەڵامی ئەم پرسیارە گرێ دەداتەوە بە سیاسەتی شکستخواردووی هەر دوو پارتی "کۆماری و دیموکراتیی ئەمریکا"، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەندامانی ئەو دوو پارتە نوێنەرایەتیی خەڵکی ئەمریکا لە هەر

**بەپێی چاودێریی زۆربەی چاودێرانی سیاسی و پسپۆڕان لە بواری حوکمڕانی، سەرۆك بارزانی ئەو هۆکارانەی زۆر بە باشی دەستنیشان کردبوو کە بوونە هۆکاری "پاشاگەردانیی سیاسی، نادادپەروەری، بەربڵاویی گەندەڵی و لاوازیی ڕۆڵی یاسا"**

**کێشەکە ئەوەیە ٧٠ ملیۆن کەس لە ئەمریکا دەنگی بە ترەمپ داوە و خوازیار بوون بۆ چوار ساڵی دیکەش ئەو بەردەوام بێت، ئەم ڕێژەیەش تەنیا یەک دوو ملیۆن دەنگی لە ڕکابەرەکەی کەمترە، کە ئێستا سەرۆکی ئەمریکایە**

**ئەوە گەندەڵی نییە کە نادادپەروەری دروست دەکات، بەڵکو ئەوە نادادپەروەرییە کە نەک هەر گەندەڵی، بەڵکو "کۆمەڵگەی گەندەڵ"یش دروست دەکات، کە کۆمەڵگەش گەندەڵ بوو، ئەوا هیچ دامەزراوەیەک ناتوانێت چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە**

دوو ئەنجومەنی "کۆنگرێس و سەنات" دەکەن، ئەم نوێنەرانەش هێندەی نوێنەری بۆرسە و بزنێسمانەکان نوێنەرایەتیی خەڵکی ئەمریکا ناکەن، هەر بۆیە لە ناو کۆشکی سپی "کۆماری یان دیموکراتی" سەرۆك و ستاف بێت، لەبەر ئەوەی بڕیار و یاساکانی ئەو دوو ئەنجومەنە جێبەجێ دەکەن، ئەو بڕیار و یاسایانەش بۆ بەرژەوەندیی کۆمەڵێك کۆمپانیا و بزنێس "نەك خەڵکی ئەمریکا" دانراون، بۆیە هەر چۆنێك حوکمڕانی بکرێت، ئاراستەکە هەر بەرەو نادادپەروەری دەچێتەوە.

فرانسیس فۆکۆیاما وەك هەوڵێك بۆ ڕاستکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەی دامەزراوەکان لە سیستمی دیموکراتیدا، دوو کتێبی بە ناونیشانی "بنەچەی دامەزراوەکان و لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی" نووسیوە کە پێکەوە قەوارەیان نزیکەی دوو هەزار لاپەڕەیە، لە کتێبی یەکەم ئەوەمان پێ دەڵێت: دامەزراوە داهێنانیکی نوێ نییە، هەتا نەزانین چۆن دەتوانێت کاربکات، بنەچەی دامەزراوەکان لە پەیوەندیی خزمایەتی و خوێنەوە سەرچاوە دەگرێت و، دامەزراوە بۆ ئەوەیە کە پەیوەندییەکانی ناو ئەو گرووپ و هۆز و کۆمەڵگەیە ڕێك بخات و، چارەسەر بۆ کێشەکانیان بدۆزێتەوە، چارەسەرەکەش دەبێت ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی کۆی خەڵکەکە بێت و ئەو خەڵکە بەو چارەسەرە ڕازی بێت، بۆ ئەوەی پشتیوانیی دامەزراوەکان بکات و لە کارەکەیدا سەرکەتوو بێت، بەڵام بەپێچەوانەوە لە کتێبی دووەم "لەبەریەك هەڵوەشانی سیاسی" پێمان دەڵێت: "کاتێك دامەزراوەکان کەوتنە دەرەوەی ئیرادەی خەڵك و کەوتنە ژێر کاریگەریی کۆمپانیا و بزنێس و بزنێسمانەکان، ئەوا حاڵەتێك دروست دەبێت، کە نە کۆمپانیا و بزنێسمانەکان لە یەکتری تێدەگەن و، نە خەڵکیش لە زمانی هیچیان تێدەگات، بۆیە دامەزراوەکان دەبنە جەستەیەکی بێگیان و کۆمەڵگەش بەرەو " لەبەر یەك هەڵوەشانی سیاسی" مل دەنێت.

بیرمەندان "نەك سیاسەتمەداران و سەرکردەی حزبە سیاسییەکان "گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی دامەزراوەکان چۆن چارەسەر دەکرێت و، پرسیارەکانیان بە شێوەیەك دەورووژێنن کە ناچارین بۆ وەڵامدانەوەیان دەست بخەینە سەر قووڵایی برینەکە، هەر بۆ نموونە کاتێك دەپرسن: ئەگەر حکومەتی هێندستان بڕیار بدات پڕۆژەیەکی گەورە جێبەجێ بکات و حکومەتی چینیش لە یەك کاتدا هەمان بڕیار بدات، ئایا پڕۆژەکە حکومەتی هیندستان، یان حکومەتی چین کامیان زووتر تەواوی دەکەن؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەگەر نەشگەڕینەوە بۆ ناو قووڵایی وەڵامی بیرمەندان، ئەوە وەك شتێکی ڕۆتینی هەر چاودێریکی سادەی سیاسی دەڵێت: "پڕۆژەکە حکومەتی چین زووتر تەواوی دەکات"، ئەم وەڵامە سادەیە پێمان دەڵێت: دیکتاتۆریەتی پارتی کۆمۆنیستی چین لە دیموکراتییە پەرلەمانییەکەی هێندستان سەرکەوتووترە"، ڕاستە ئەو پڕۆژەیەی حکومەتی چین دەستی پێ دەکات، لەوانەیە بەرهەمی بیرکردنەوەی بیرۆی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی چینی بێت و، لەناو خواست و داواکاریی خەڵکەوە سەرچاوەی نەگرتبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناو حکومەتی چیندا یەك ئیرادە هەیە، کە ئەویش ئیرادەی بیرۆی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستە و پاشاگەردانیی سیاسی بوونی نییە، ئەوا بڕیارەکەی حکومەتی چین لە بڕیارەکەی حکومەتی هێندستان بەهێزتر دەبێت و، لەسەر ئەم نموونە سادەیەش بەشێکی زۆری بیرمەندانی فەلسەفەی سیاسی دەچنە سەر ئەو قەناعەتەی کە ئەو بانگەشەیەی کە دەیگوت "چین ڕێگە هەڵەکەی مێژووی گرتووە"، دەرکەوت چین ڕێگەیەکی هەڵەی نەگرتووە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە هەتا ئێستا بە دەنگی بەرز "کۆتایی حزبی سیاسی" ڕانەگەیەندراوە کە سەرچاوەی هەموو کێشەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی پیادە دەکەن، بە دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپاشەوە.

### ● حزبی سیاسی ئاستەنگی سەرەکی لە بەردەم پیادەکردنی حوکمڕانیی باشدا

ئەگەر ئیدارەی ئەمریکا وەك بەهێزترین ئیدارەی دیموکراتی لە جیهاندا وەربگرین و ئەو پرسیارە لەسەر ئیدارەی ئیستای جۆزیف بایدن دروست بکەین و بپرسین: لە هەڵبژاردنی نیوەی یەکەمی کۆنگریس و سەنات، ئیدارەی

**بیرمەندان "نەک سیاسەتمەداران و سەرکردەی حزبە سیاسییەکان "گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە کێشەی دامەزراوەکان چۆن چارەسەر دەکرێت و، پرسیارەکانیان بە شێوەیەک دەورووژێنن کە ناچارین بۆ وەڵامدانەوەیان دەست بخەینە سەر قووڵایی برینەکە**

**ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە هەتا ئێستا بە دەنگی بەرز "کۆتایی حزبی سیاسی" ڕانەگەیەندراوە کە سەرچاوەی هەموو کێشەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە سیستمی لیبراڵ دیموکراتی پیادە دەکەن، بە دەوڵەتانی یەکێتیی ئەوروپاشەوە**

**کاتێک جیاوازی لە نێوان سیاسەتمەدار و دەوڵەمەتدار نەما، ئەوا هەر دووکیان دەبنە سیاسەتمەدار و چاویان تەنیا لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەبێت، نەک بەرژەوەندیی خەڵک و نەوەکانی ئاینده**

بایدن زۆرینەی لە دەست دا، ئایا لە دوو ساڵی کۆتایی ئەم خولەیدا، بڕیارەکان چۆن دەردەچن؟ بێگومان مێژووی دەیەی ڕابردووی ئیدارەی ئەمریکا پێمان دەڵێت: سادەترین یاسا کە یاسای بودجەی ساڵانەی ئیدارەی ئەمریکا پەک دەخرێت و حکومەت ناچاری "شەتداون" دەکەن، بۆ شرۆڤەی ئەم حاڵەتە لە پێشکەوتووترین حوکمڕانیی دیموکراتیی ئەم جیهانەدا، ناچارین پەنا بەرینە بەر بیرمەندی ئەمریکی ئۆستن ڕەنی کە لە هەر دوو بەرگەکەی "سیاسەتی حوکمڕانی" ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات: "کاتێك جیاوازی لە نێوان سیاسەتمەدار و دەوڵەمەتدار نەما، ئەوا هەر دووکیان دەبنە سیاسەتمەدار و چاویان تەنیا لەسەر سندوقەکانی دەنگدان دەبێت، نەك بەرژەوەندیی خەڵك و نەوەکانی ئایندە"، کە ئەم حاڵەتەش دروست بوو، بەرژوەندیی گشتی خەڵك دەبێت بە ئامراز بە دەست حزبەکانەوە و بەرژەوەندیی حزب جێگەی دەگرێتەوە، کە گەیشتە ئەم حاڵەتەش، ئەوە بەرژەوەندیی حزب بڕیار دەدات، بەوەی ئایا لە کاتی بڵاوبوونەوەی پەتایەکی وەك کۆڤید١٩ خەڵك ڤاکسین لە خۆی بدات و ماسك ببەستێت، نەك باری گشتیی تەندروستیی خەڵك و، لەمەش زیاتر ئەگەر حکومەت بیەوێت بودجەیەکی زیاتر بۆ چاودێریی تەندروستی و خوێندن و پەروەردە و ڕێگاوبان و.. هتد بدات، ئەوە بەرژەوەندیی حزبە سیاسییەکانە بڕیار دەدات لە ناو پەرلەمان پێشوازی لەم بڕیارەی حکومەت بکەن، یان ڕەتی بکەنەوە، نەك بەرژەوەندیی خەڵك، نموونەی زۆر زیندووش پارتی کۆماری ئەمریکا زۆر بە توندی دژی ئەو زیادکردنی بودجەی چاودێریی تەندروستی ئیدارەی ئۆباما بوو کە بە "چاودێریی ئۆباما - Obama Care" ناسرابوو، پێ دەچێت هەروەك چۆن پێش نزیکەی ٢٥٠ ساڵ جۆرج واشنتۆن هەستی بە مەترسیی حزبی سیاسی کردووە و گوتوویەتی: "گەورەترین دوژمنی سەرسەختی گەلی ئەمریکا حزبی سیاسییە و هەرگیز حزب دامەمەزرێنن، بە هەمان شێوە پێ دەچێت، مستەفا بارزانی پێش زیاتر لە ٧٠ ساڵ هەستی بە مەترسیی حزبی سیاسی کردبێت، بۆیە لە پاکۆوە پێمان دەڵێت: "گرنگە هەموو کوردستان تەنیا یەك پارتی پێشڕەوی هەبێت و، ئەم پارتەش ئامرازێك بێت بۆ خزمەتکاریی گەل و دامەزرانی جمهوورییەتی کوردستانی گەورە".

ئاماژەکردنمان بۆ ڕۆڵی نەرێنیی حزبی سیاسی لە پرۆسەی حوکمڕانیی باش و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە، تەنیا کێشەی حوکمڕانیی کوردستان نییە، بەڵکو کێشەیەکی گشتیی حوکمڕانیی باشە لە کۆی دەوڵەتەکانی جیهاندا، ئەم کێشەیەش تەنیا بە یەك ڕێگە لە ناو کۆی نەتەوەکانی جیهاندا چارەسەری بۆ دۆزراوەتەوە، ئەویش دەرکەوتنی ڕابەرێکی کاریزمایە کە گوتارێکی جیاوازی لە گوتاری حزبە سیاسییەکانی پێ بێت و، گوتارەکەی هەڵقوڵاوی خواست و ئیرادەی گەلەکەی بێت، نەك ئەو حزبە سیاسییەی کە خۆیشی ڕابەرایەتی دەکات. ئەگەر ئەم کاریزما و ڕابەرە لە ناو نەتەوەدا بوونی نەبوو، یان واقیعی سیاسیی نەتەوە دروستی نەکرد، ئەوە دەبێت چاوەڕێی سەرهەڵدانی حزب و سەرکردەی پۆپۆلیستی بین، کە نەك کێشەکانی پێ چارەسەر ناکرێت، بەڵکو کێشە لە دوای کێشە دروست دەکات، بۆ ئەوەی کێشەکانی پێشتری پێ بشارێتەوە.

سەرۆك مسعود بارزانی هەر لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەستی بەوە کرد، چارەسەرکردنی کێشەکانی پاشاگەردانیی سیاسی پێوستی بە کوردستانێکی بەهێزە، کوردستانی بەهێزیش دەبێت ئەو توانایەی هەبێت کە بتوانێت ئەو زۆلکاوە سیاسییانە وشك بکات، کە سەرکردە و حزبی پۆلیستی تێیدا سەرهەڵدەدەن. لەسەر ئەم بنەمایە لە چوارچێوەی گوتارێکی سیاسیی جیاواز لە گوتاری سیاسیی هەموو حزبەکان، سەرۆك بارزانی بە دووبارە دامەزراندنەوەی بارەگای بارزانی نەخشەی بۆ بونیادنانەوەی کوردستانێکی بەهێز دارشت و لەگەڵ دامەزراندنەوەی ئەم بارەگا گرنگەش، خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی پێدانی متمانەی زیاتر بە پارتی دیموکراتی کوردستان کە وەك ئامرازێك لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا نوێنەرایەتیی بارەگای بارزانی دەکات، پیرۆزبایی خۆیان

**ئەگەر ئەم کاریزما و ڕابەرە لە ناو نەتەوەدا بوونی نەبوو، یان واقیعی سیاسیی نەتەوە دروستی نەکرد، ئەوە دەبێت چاوەڕێی سەرهەڵدانی حزب و سەرکردەی پۆپۆلیستی بین، کە نەک کێشەکانی پێ چارەسەر ناکرێت، بەڵکو کێشە لە دوای کێشە دروست دەکات، بۆ ئەوەی کێشەکانی پێشتری پێ بشارێتەوە**

**سەرۆک مسعود بارزانی هەر لە کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەستی بەوە کرد، چارەسەرکردنی کێشەکانی پاشاگەردانیی سیاسی پێوستی بە کوردستانێکی بەهێزە، کوردستانی بەهێزیش دەبێت ئەو توانایەی هەبێت کە بتوانێت ئەو زۆلکاوە سیاسییانە وشک بکات، کە سەرکردە و حزبی پۆلیستی تێیدا سەرهەڵدەدەن**

ئاراستەی ئەم هەنگاوەی سەرۆک و رابەر مسعود بارزانی کردووە.

● **هەڵسەنگاندنێك بۆ حوكمڕانی كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان**

لەوانەیە یەكێك لەو هۆكارانەی وا دەكات هەڵوستەی زیاتر لەسەر كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان بكەین، بۆ دوو هۆكاری سەرەكی بێت:

یەكەم: كابینەی نۆیەم یەكەم كابینەیە كە نەخشەڕێگەكەی "بونیادنانەوەی كوردستانێكی بەهێزە"و ئەمە بووەتە ئەركی سەرەتا و كۆتایی ئەم كابینەیە، بۆ ئەم ئەركەش لە ژێر چاودێری و ڕاسپاردەكانی سەرۆك بارزانی-دایە.

دووەم: ئەم نەخشەڕێگەیەی سەرۆك بارزانی لەلایەن خەڵكی كوردستانەوە متمانەیەكی گەورەی وەرگرتووە و بە ڕێژەی ٤٥٪ دەنگەكانیان داوە بە پرۆژەكەی بارزانی، بۆیە ئەم كابینەیە دەبێت لە ئاستی ئەو متمانە گەورەیەی خەڵكی كوردستان بێت، كە داویانە بە پارتی دیموكراتی كوردستان.

بۆ سەرخستنی ئەم پرۆژەیە سەرۆك بارزانی، نێچیرڤان بارزانی كاندید كردووە بۆ پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستان كە پێشتر خۆی لەو پۆستەدا بووە، هەروەها مسرور بارزانی كاندید كردووە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران كە پێشتر لای نێچیرڤان بارزانی بووە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شێوازی كاندیدكردنی هەردووكیشیان كە وتەبێژی فەرمیی پارتی دیموكراتی كوردستان لە ساڵی ٢٠١٩ ڕایگەیاند، هەر دووكیان كاندیدی سەرۆك بارزانی-ن، ئەمەش مانای ئەوەیە ڕاستە نێچیرڤان بارزانی جێگری سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستانە و مسرور بارزانی ئەندامی مەكتەبی سیاسیی پارتی دیموكراتی كوردستانە، ئەوا دوای ئەوەی وەك كاندیدی سەرۆك بارزانی بۆ پڕكردنەوەی هەر دوو پۆستی "سەرۆكی هەرێم و سەرۆك وەزیران"، ئەمە مانای ئەوەیە سەرۆك بارزانی لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی گشتیی خەڵكی كوردستان ڕەقیبە بە سەر هەر دوو پۆستەكە و كۆی پرۆسەی سیاسی لە كوردستاندا، نەك تەنیا لە ڕوانگەی بەرژەوەندیی پارتی دیموكراتی كوردستانەوە.

دیارە سەرۆك بارزانی جیا لەوەی رابەری گەلی كوردستانە، پێشتریش كە لە پۆستی سەرۆكی هەرێمی كوردستاندا بووە و، وەك پێشمەرگەیەك سەركردایەتیی شەڕی دژی داعشی كردووە، كاراكتەرێكی دیاری سیاسەتی نێودەوڵەتی بووە و، ئاگاداری كێشەكانی كۆی سیستمی حوكمڕانی بووە لە جیهاندا و، لە ناو ئەو ئەزموون و ئاگادارییەوە ڕێگەی چارەسەری بۆ كێشەكانی كوردستان داڕشتووە و كردوویەتی بە نەخشەڕێگە بۆ كابینەی نۆیەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان.

بەپێی چاودێریی زۆربەی چاودێرانی سیاسی



و پسپۆران لە بواری حوكمڕانی، سەرۆك بارزانی ئەو هۆكارانەی زۆر بە باشی دەستنیشان كردبوو كە بوونە هۆكاری "پاشاگەردانیی سیاسی، نادادپەروەری، بەربڵاویی گەندەڵی و لاوازیی ڕۆڵی یاسا"، بەپێی ئەو هەنگاوانەی لە ماوەی دەستبەكاربوونی كابینەی نۆیەم هەستی پێ دەكرێت، ئەو هۆكارانە لە بیركردنەوەی سەرۆك بارزانی بریتی بوون لە:

١. ڕاستگۆیی: سەرۆك بارزانی زۆر باش ئەو خاڵەی دەستنیشان كردووە كە سیاسەتی حوكمڕانی بە چەواشەكاری و شاردنەوەی ڕاستییەكان، جیا لەوەی سەركەوتوو نابێت، لە هەمان كاتدا زۆنگاوی سیاسیش وشك نابێت كە باشترین ژینگەیە بۆ سەرهەڵدانی حزب و سەركردەی پۆپۆلیستی.

٢. گێڕانەوەی متمانە: سەرۆك بارزانی نەك

**سەرۆک بارزانی بە دووبارە دامەزراندنەوەی بارەگای بارزانی نەخشەی بۆ بونیادنانەوەی کوردستانیکی بەهێز دارشت و لەگەڵ دامەزراندنەوەی ئەم بارەگا گرنگەش، خەڵکی کوردستان لە رێگەی پێدانی متمانەی زیاتر بە پارتی دیموکراتی کوردستان کە وەک ئامرازێک لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا نوێنەرایەتیی بارەگای بارزانی دەکات، پیرۆزبایی خۆیان ئاراستەی ئەم هەنگاوەی سەرۆک و رابەر مسعود بارزانی کردووە**

ئێستا، بەڵکو هەر لە دوای نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ـەوە لەسەر ئەم خاڵە هەڵوەستەی جددی کردووە و ڕایگەیاندووە: "ئەگەر متمانە نەمێنێت، نائومێدی دروست دەبێت، کە نائومێدییش دروست بوو، هەموو شتێك لە دەست دەدەین"، بۆیە یەکێك لە بەرنامە گرنگەکانی کابینەی نۆیەم "گێڕانەوەی متمانەیە لە نێوان حکومەت و خەڵکدا."

٣. ڕاگرتنی گەندەڵی لە شوێنی خۆی و بنبڕکردنی بە یاسا، ئەمەش کە بووەتە خاڵێکی دیکەی بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەرنامەیەکە لە ساڵی ٢٠١٤ بە سەرپەرشتیی خودی سەرۆك بارزانی لیژنەیەك لە سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر کردووە و لە چوارچێوەی یاسای چاکسازی ئامادە کراوە.

٤. ڕاگرتنی نادادپەروەری و هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی دادپەروەری بۆ کۆمەڵگە، ئەم پرسە کە گرنگترین ئەرك و پرسە بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام تا ئێستا بەرگەی فشارەکانی گرتووە و تا ڕاددەیەکی باش هەنگاوی بۆ ڕاگرتنی هەڵگرتووە.

ئەم چوار خاڵە کە چوار ئاستەنگی سەرەکین بۆ دروستکردنی بڕیار لە هەر حکومەتێکدا، پێویستی بە بەرنامەیەکی دیکە هەبوو، کە پێویست بوو لە چوارچێوەی ئەو دانوستاندنانە پێداگری لەسەر بکرێت، کە بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم لەگەڵ لایەنەکانی دیکە گرێ دەدران، بۆ ئەمەش چەند خاڵێك هەبوون:

- ئەو حزبە سیاسییانەی هاوپەیمانی دەکەن بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەم، دەبێت ڕاشکاوانە بە گەلی کوردستان ڕابگەیەنن، ئێمە بەشێکین لەم حکومەتە و لە شکست و سەرکەوتنی ئەم حکومەتە خۆمان بە هاوبەش دەزانین و، دەبێت ئەو دیاردەیە کۆتایی بێت، هەم لە حکومەت بن و هەم لە ئۆپۆزسیۆن .
- ئەو حزبە سیاسییانەی هاوپەیمانی دەکەن و بەپێی شایستەیی هەڵبژاردن پۆست وەردەگرن و بە کاندیدی خۆیان پڕی دەکەنەوە، ئەوانە لە ناو حکومەت نوێنەرایەتیی هیچ حزبێکی سیاسی ناکەن و خزمەتکاری خەڵکی کوردستان دەبن.
- ئەم حکومەتە لە پێناوی بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستاندایە و پێشکەشکردنی خزمەتکردنی زیاتری خزمەتگوزاری بۆ خەڵك، پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بۆ کاتێکی نادیار دوا ناکەوێت.

لەسەر ئەم بنەمایە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزراوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێت هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین، دەبێت کۆی ئەم خاڵانە لەبەر چاو بگرین بەم جۆرە:

- لەگەڵ ئەوەی ئەم کابینەیە تەنیا لە نزیکەی ١٠٠ ڕۆژی یەکەمی دەست بەکاربوونی سەقامگیرییەکی تەواو و پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵیی عێراق هەبوو، دوای ئەوە و لەگەڵ دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی تشرین لە ساڵی ٢٠١٩ دەستی پێ کرد و ئەو ڕێککەوتنە باشەی لەگەڵ بەغدا کرابوو، وەك خۆی نەما.

- هاوکات لەگەڵ ئەمەدا، سەرەتاکانی گۆڕانی پەتای کۆڤید ١٩ لە پەتایەکی لۆکاڵەوە بۆ پەتایەکی گلۆباڵی سەریهەڵدا و، ئەم وەرچەرخانەش بارودۆخی هەموو جیهانی ئاڵۆز کرد و، مەترسیی گەورەی دروست کرد، بێگومان ئەمە شڵەژانێکی لەناو کابینەی نۆیەمیش وەك هەر حکومەتێکی دیکەی جیهانی دروست کرد و لە ٢٠ی شوباتی ٢٠٢٠ کابینەی نۆیەم ڕێوشوینی پێویستی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی کۆڤید ١٩ وەرگرت و لە مانگی ئادار کەرەنتینەی سەرتاسەری لە کوردستان ڕاگەیاند.

- لە ناو ئەم ژینگە ناسەقامگیرەی باری تەندروستی و ئابووری، حزبە سیاسییەکان ئەو هەلەیان قۆستەوە و دژی بڕیاری کەرەنتینەی حکومەت کەوتنە جووڵە و کێشەی سیاسیی لابەلایان بۆ حکومەت دروست کرد و، هەڕەشەیان لەسەر بەردەوامیی کابینەکە دروست کرد.

- لە مانگی ئایاری ٢٠٢٠ نرخی نەوت نەك هەر بووە سفر، بەڵکو دەبوو لەگەڵ هەر بەرمیلێك نەوت ٣٧ دۆلار بدەیت بۆ ئەوەی لێت وەربگرن.

- حکومەتی عێراق لەم بارودۆخە سەختەدا هەموو پابەندبوونەکانی بۆ ناردنی شایستە

**کابینەی نۆیەم یەکەم کابینەیە کە نەخشەڕێگەکەی "بونیادنانەوەی کوردستانێکی بەهێزە"و ئەمە بووەتە ئەرکی سەرەتا و کۆتایی ئەم کابینەیە، بۆ ئەم ئەرکەش لە ژێر چاودێری و ڕاسپاردەکانی سەرۆک بارزانی-دایە**

داراییەکانی کوردستان هەڵپەسارد و تەنانەت لە بڕیاری پەرلەمانی عێراق بۆ وەرگرتنی قەرز بۆ پێدانی مووچە، پشکی هەرێمی کوردستان دیاری نەکرا.

- لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢١ وێڕای ئەوەی پشکی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەی ١٢,٦٧ دیاری کرا، بەڵام حکومەتی عێراق پابەند نەبوو بە جێبەجێکردنی یاسای بودجە.

لەناو ئەم ژینگە ئاڵۆز و ناسەقامگیرە لەسەر ئاستەکانی "سیاسی، حوکمڕانی، تەندروستی، دارایی" کابینەی نۆیەم بەمجۆرە مامەڵەی لەگەڵ ئەم هەموو قەیران و تەنگژانەدا کرد:

- بۆ ڕێگرتن لە دووبارە سەرهەڵدانەوەی دیاردەی پۆپۆلیستی و تێکدانی ئاسایشی کۆمەڵایەتی، کابینەی نۆیەم هەنگاوێکی بوێرانەی هەڵگرت و ڕاشکاوانە داوای لە حزبە بەشداربووەکان کرد: "پێمان بڵێن، ئێوە لە حکومەتن، یان ئۆپۆزسیون، بەپێچەوانەوە چاو بە هاوپەیمانییەکەدا دەگێرینەوە."
- بۆ ڕێگرتن لە سوودوەرگرتن لە دەرفەتی پۆپۆلیستییانە سەبارە بە بڕیاری حکومەت بۆ ڕاگەیاندنی کەرەنتینە لە کوردستان، ئەم دەسەڵاتە شۆڕکرایەوە بۆ پارێزگاکان و هەر پارێزگایەك بەپێی بارودۆخی بڵاوبوونەوەی پەتاکە بڕیار بدات.
- ڕاستگۆیانە بە خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند، حکومەت ئامادە نییە بۆ پێدانی مووچە قەرز بکات، بۆ ئەم مەبەستەش وەزیری دارایی تەخویل کرا، بە پێی داهاتی بەردەست مووچەی فەرمانبەران دابین بکات، ڕاستە لە ماوەی مانگەکانی ئایار تا کانوونی دووەمی ٢٠٢٠ و، لەگەڵ حکومەتی بەغدا پشکی کوردستانی نەنارد، لەو قەرزەی بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی عێراق تەرخان کرابوو، دوو سێ مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان لە کاتی خۆی نەدرا، بەڵام کابینەی نۆیەم ڕاشکاوانە ڕایگەیاند، ئیمکانیەت هەر ئەوەندەیە و سەرکەوتنیش بە خۆڕاگریی گەلی کوردستان دێتەدی.
- لەناو ئەم ژینگە ئاڵۆزەدا، سەرۆك وەزیران بە ئومێدەوە هەنگاوی بۆ ئایندە هەڵگرت و درێژەی بە جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەی وەبەرهێنانە دا، کە بەشێك بوو لە کارنامەی کابینەی نۆیەم، ئەویش پتەوکردنی ژێرخانی کشتوکاڵ و پیشەسازی بوو لە کوردستان.

ساڵی ٢٠٢٠ بە هەموو سەختییەکانیەوە تێپەری و کابینەی نۆیەم بە ئومیدەوە پێی نایە ساڵی تازە و لەگەڵ دەستپێکی ساڵی تازە، دیسان ڕاشکاوانە داهاتی حکومەتی بۆ گەلی کوردستان ئاشکرا کرد و ڕایگەیاند: ئەگەر بەغدا پابەند نەبێت بە ناردنی پشکی بودجەی هەرێم، ئەوا حکومەت لە ئێستا توانای ئەوەی هەیە ٨٠٪ی مووچەی فەرمانبەران هەر ٣٠ ڕۆژ جارێك دابین بکات و، لەو ماوەیەدا و بە درێژای ساڵی ٢٠٢١ هەر ٣٠ ڕۆژ جارێك کابینەی نۆیەم مووچەی دابەش کردووە و، پاش ئەوەی لەگەڵ حکومەتی عێراقیش گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنەی کە مانگانە ٢٠٠ ملیار دینار وەك سولفە بۆ هەرێمی کوردستان بنێریت، حکومەت هەر ٣٠ ڕۆژ جارێك پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی جێبەجێ کردووە، هەروەها لە ماوەی دەستەبەکاربوونیەوە چەندین کێشەی ئاڵۆز و گرنگی دیکەی چارەسەر کردووە، وەك دروستکردنی چەندین سایلۆ لە شارە جیاوازەکانی کوردستان بۆ کڕینەوەی گەنمی جووتیاران و چەندین پڕۆژەی ستراتیژیی دیکە لە سەرانسەری کوردستان، هەنگاوەکانیش هەمووی بە ئومێدەوە بەرەو ئەوە دەچن، کە ئەو کوردستانە بەهێزەی ئاواتی خەڵکی کوردستانە، لەم کابینەیەدا ژێرخانێکی پتەوی بۆ دروست بکرێت، ئەم سەرکەوتنانەش وەك لە هەڵبژاردنی تشرینی دووەمی ڕابردوو بینیمان، جارێکی دیکە خەڵکی کوردستان متمانەی زیاتری بە پڕۆژەکەی سەرۆك بارزانی بۆ بونیادنانەوەی کوردستانی بەهێز دایەوە و، بە ڕێژەی ٥٠٪ دەنگیان بە پارتی دیموکراتی کوردستان دا. ئەم گێڕانەوەی متمانەیە، دروستکردنەوەی ئەو ئومێدەیە کە سەرۆك بارزانی دەڵێت: "ئەگەر ئیرادە هەبێت، دەکرێت نامومکینەکانیش بێنینە دی" و، ئەو ژینگەیەشی کابینەی نۆیەم توانی تێپەڕێنێت و بیگەیێنێتە ئێستا، ئەو ئیرادەیە بوو کە ناموومکینی هێنایە دی.

**سەرۆک بارزانی جیا لەوەی ڕابەری گەلی کوردستانە، پێشتریش کە لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بووە و، وەک پێشمەرگەیەک سەرکردایەتیی شەڕی دژی داعشی کردووە، کاراکتەرێکی دیاری سیاسەتی نیودەوڵەتی بووە و، ئاگاداری کێشەکانی کۆی سیستمی حوکمڕانی بووە لە جیهاندا و، لە ناو ئەو ئەزموون و ئاگادارییەوە ڕێگەی چارەسەری بۆ کێشەکانی کوردستان داڕشتووە و کردوویەتی بە نەخشەڕێگە بۆ کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**سەرۆک بارزانی زۆر باش ئەو خاڵەی دەستنیشان کردووە کە سیاسەتی حوکمڕانی بە چەواشەکاری و شاردنەوەی ڕاستییەکان، جیا لەوەی سەرکەوتوو نابێت، لە هەمان کاتدا زۆنگاوی سیاسیش وشک نابێت کە باشترین ژینگەیە بۆ سەرهەڵدانی حزب و سەرکردەی پۆپۆلیستی**



نەوزاد شێخ کامیل

بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئەمساڵ ئومێد زۆرە کە گەنمی زۆر بەرهەم بێت و هەموو ئامادەکارییەک بۆ ئەمبارکردنی کراوە

## وەزارەتی بازرگانیی عێراق لە هەوڵی کەمکردنەوەی نرخی ئارددایە

**لەگەڵ هاتنی پێنج ملیار و ٦٢٣ ملیۆن دیناری بەشی نۆیەمی شایستە داراییەکانی جوتیاران بۆ ساڵی ٢٠٢١ و ئەگەری زیادبوونی بەرهەمی گەنمی ئەمساڵی جوتیاران، ئومێد زۆرە نرخی ئارد و نان کەم ببێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی وەزارەتی بازرگانیی عێراق سەرقاڵی پلانێکە بۆ زیادکردنی خستنەڕووی ئارد و دابەزینی نرخ و باشکردنی بەشە خۆراکی هاووڵاتیان، لەسەر ئەم پرسە چەند پرسیارمان ئاراستەی نەوزاد شێخ کامیل بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانیی هەرێمی کوردستان کرد، لێرەدا پوختەی وەڵامەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** سەرەتا با لەو بڕە پارەیەوە دەست پێ بکەین کە وەکو بەشی نۆیەمی پارەی جووتیارانی هەرێم دیاری کراوە و، وا بڕیارە بەسەر جووتیاراندا دابەشی بکەن، ئایا ئەو بڕە پارەیە چەندە و چۆن بە سەر جووتیاراندا دابەشی دەکەن؟**

- لە بەردەوامیی هەوڵەکان بۆ وەرگرتنی شایستە داراییەکانی جووتیاران، بڕێك پارە بۆ ساڵی ٢٠٢١ وەکو بەشی نۆیەمی پارەی گەنمی جووتیارانی هەرێم دیاری کراوە، دوای گەیشتنی چەکی پارەکە و چەند ڕێکارێکی کارگێڕی و بە پێی ڕۆژی وەرگرتنی گەنمی جووتیاران لە سایلۆکانی کوردستان، ئەو پارەیە دابەش دەکرێت، کە بڕەکەی نزیکەی پێنج ملیار و ٦٢٣ ملیۆن دینارە، بۆ پارێزگای هەولێر دوو ملیارو ٧٠ ملیۆن دینار و بۆ پارێزگای سلێمانی سێ ملیار و ٢٤٠ ملیۆن دینار و بۆ پارێزگای دهۆکیش ٣١٣ ملیۆن دینارە. بۆ ساڵەکانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ و ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ تەواوی شایستە داراییەکانی جووتیاران دراوە و، تەنیا ساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ دەمێنێت. بە گشتی تا ئێستا بڕی ئەو پارەیەی لای حکومەتی فیدراڵ ماوە بۆ ساڵی ٢٠١٤و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ بریتییە لە ٣٠٨,٢٦٣,٣٥٦ سێسەد و هەشت ملیار و دووسەد و شەست و سێ ملیۆن و سێ سەدو پەنجاوشەش هەزار دینار.

نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی چڕکردووەتەوە و سەردانی وەزارەتی بازرگانیی عێراق و ئەمانەی گشتیی لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی کردووە، ئەوانیش بەڵێنیان پێ داوە ئەو شایستە داراییەی بڕە گەنمی جووتیاران کە ماوە، دەخرێتە ناو بودجەی ٢٠٢٢ بۆ ئەوەی کۆتایی بە دۆسێی جووتیاران بهێنرێت.

*** وا چاوەڕوان دەکرێت لە وەرزی دووەمی بارانبارینەدا کۆتایی بە وشکەساڵی بێت و بەرهەمی ئەمساڵی گەنمی جووتیاران زیاد بێت، ئایا لەسەر وەرگرتنی ئەو بڕە گەنمەی کە بۆ ئەمساڵ پێویستە لە جووتیاران وەربگیرێت، بڕەکە و نرخەکەی زیاد دەکرێت؟**

- ساڵانە هەر دوو وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێم و وەزارەتی کشتوکاڵی عێراق کۆدەبنەوە و گفتوگۆکانیان دەست پێ دەکەن، بۆ دیاریکردنی بڕی گەنمی وەرگیراوی جووتیاران، ساڵی ڕابردوو ٣٧٥ هەزار تەن گەنم بڕیاری لێ درا کە لە جووتیارانی هەرێمی کوردستان وەربگیرێت، بەڵام بڕی گەنمی وەرگیراو بۆ ساڵی ٢٠٢١ بریتی بوو لە ١٢٥,٤٨٢,٦٣٠ سەد و بیست و پێنج هەزار و چوار سەدو هەشتاو دوو تەن و شەش سەدو سی کیلۆ، چونکە کاتێك گەنمەکان بۆ پشکنین دەبرانە تاقیگەکانمان زۆر بەدەگمەن دەرەجە یەکی تێدا بوو، جووتیارانیش ئامادە نەبوون بە دەرەجە دوو و سێ گەنمەکە تەسلیمی کۆگا و ئەمبارەکانی سایلۆکانی حکومەت بکەن و لە بازاڕدا دەیانفرۆشتەوە، پێشبینی دەکەین بۆ ئەمساڵ پشکی گەنمی وەرگیراوی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەو ٣٧٥ هەزار تۆنەی ساڵی ڕابردوو زیاتر بێت، ئەمەش بەهۆی بارانبارین و کۆتاییهاتنی وشکەساڵی و پێویستیی کارگە و ئاشەکانمان بە گەنمێکی زیاتر، بە خۆشحاڵیشەوە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان سەرقاڵی دابەشکردنی دەرمانی قڕکەرەی سن و کیسەڵەن، کە هەموو ساڵێك

**پێشبینی دەکەین بۆ ئەمساڵ پشکی گەنمی وەرگیراوی جووتیارانی هەرێمی کوردستان لەو ٣٧٥ هەزار تۆنەی ساڵی ڕابردوو زیاتر بێت**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان سەرقاڵی دابەشکردنی دەرمانی قڕکەرەی سن و کیسەڵەن، کە هەموو ساڵێک کێشەیەکی گەورەمان بۆ دروست دەکات و زیان بە جۆری باشی گەنم دەگەیەنێت**

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی باش نراوە بۆ دروستکردنی سایلۆ، کە بە بێ سایلۆی مەخموور توانای ئەمبارکردنی ٦٥٠ هەزار تەن گەنم هەیە**

بۆ ئەمساڵ پرۆژەیەکی دیکەی سایلۆمان بۆ پارێزگای هەڵەبجە لە بەردەستدایە و، لە پرۆپۆزەڵدایە و دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت و، توانای ئەمبارکردنی ٤٠ هەزار تەن گەنمی دەبێت

نرخی گەنم و ئارد لە سەرچاوەی سەرەکیی بەرهەمهێنانیەوە گران بووە، عێراقیش بەو نرخە جیهانییانە ئارد دەهێنێت

ئەو گەنم و ئاردەی لە نێوخۆدا بەرهەم دەهێنرێت، بەشی پێداویستییەکانی بازاڕ ناکات

بەرزبوونەوەی نرخی گەنم و ئارد بۆ کۆمەڵێک هۆکار دەگەڕێتەوە، هەر بە هۆکاری وشکەساڵی و شوێنەوارەکانی کۆرۆناوە، تا بەرزیی تێچوونی گواستنەوەی ئاردەکە

وەزارەتی بازرگانیی عێراق لە ڕێگەی زیادکردنی هێنانی ئاردەوە و هاوسەنگبوونی خواست و خستنەڕووی ئارد لە بازاڕەکاندا، سەرقاڵی کارکردنن بۆ داشکانی نرخی ئارد

کێشەیەکی گەورەمان بۆ دروست دەکات و زیان بە جۆری باشی گەنم دەگەیەنێت.

*** لە هەرێمی کوردستان ئامادەکاری کراوە بۆ وەرگرتنی ئەو بڕە گەنمەی جووتیاران، ئایا لە ڕووی بووژانەوەی ژێرخانی هەرێمەوە تا چەند پرۆژەی نوێی سایلۆ جێبەجێ کراوە؟**

- لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەنگاوی باش نراوە بۆ دروستکردنی سایلۆ، کە بە بێ سایلۆی مەخموور توانای ئەمبارکردنی ٦٥٠ هەزار تەن گەنم هەیە، هەر سێ سایلۆی سەرەکی (کەلار و ڕۆڤیا و قوشتەپە) ئەو سێ سایلۆیەی کە تەواو بوون، هەر یەکێکیان توانای هەڵگرتنی ٤٠ هەزار تەن گەنمیان هەیە، ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ کۆگا و ئەمبارەکانی هەر دوو سایلۆی خۆشناو و قەیوان، کە توانای هەڵگرتنی ٥٠٠ هەزار تەن گەنمیان هەیە و، سایلۆی کۆمپانیای خۆشناو تەواو بووە و ساڵی ڕابردوو بڕە گەنمێکی زۆری تێدا ئەمبار کرا، بۆ ئەمساڵ پرۆژەیەکی دیکەی سایلۆمان بۆ پارێزگای هەڵەبجە لە بەردەستدایە و، لە پرۆپۆزەڵدایە و دەست بە جێبەجێکردنی دەکرێت و، توانای ئەمبارکردنی ٤٠ هەزار تەن گەنمی دەبێت، بەمەش لە هەرێمی کوردستان شتێك نامێنێت بە ناوی کێشەی وەرگرتن و ئەمبارکردنی گەنمی جووتیاران.

*** لەگەڵ ئەوەی بڕە گەنمێکی باش لە هەرێمی کوردستان و عێراق بەرهەم دەهێندرێت، کەچی کێشەی گرانبوونی نرخی ئارد و نان بەردەوامیی هەیە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا هیچ هەنگاوێك نراوە بۆ چارەسەرکردنی گرانیی نرخی ئارد؟**

- هەمووان دەزانن کە نرخی گەنم و ئارد لە سەرچاوەی سەرەکیی بەرهەمهێنانیەوە گران بووە، عێراقیش بەو نرخە جیهانییانە ئارد دەهێنێت، چونکە ئەو گەنم و ئاردەی لە نێوخۆدا بەرهەم دەهێنرێت، بەشی پێداویستییەکانی بازاڕ ناکات، لە ساڵی ڕابردوو لە هەموو عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە سێ ملیۆن و نیو تەن گەنم بەرهەم هاتووە، لە کاتێکدا بازاڕەکانی عێراق پێویستیان بە پێنج ملیۆن تەن گەنم هەیە، بەرزبوونەوەی نرخی گەنم و ئارد بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، هەر بە هۆکاری وشکەساڵی و شوێنەوارەکانی کۆرۆناوە، تا بەرزیی تێچوونی گواستنەوەی ئاردەکە، ئەمانە هەمووی وای کردووە ئەو گەنمەی دەکڕدرێت و تا دەگاتە بازاڕەکانی عێراق، نرخەکەی زۆر زیاتر بەرز ببێتەوە، لە نێوخۆشدا بە هۆی بارودۆخی بژێویی خەڵك و باشیی ئەو گەنمەی لە ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەهێنرێت و لە ئاشەکانمان دەیهاڕین و، لە بەشە خۆراکی هاووڵاتیاندا دابەش دەکرێت، ئەمە وای کردووە زۆر کەس بەشە ئاردەکەیان نەفرۆشنەوە و بەکاری دەهێنن بۆ دروستکردنی نان، ئەمەش وای کردووە ئارد لە بازاڕەکاندا کەم بێتەوەو نرخی فەردەیەك ئاردی بایعی لە ١٣-١٤ هەزار دینارەوە بۆ ٢٤-٢٨ هەزار دینار بەرز ببێتەوە، هەرچەندە لە بازاڕەکانی کوردستان و عێراقیشدا دیاردەی کێشەی ئارد نییە، بەڵکو تەنیا بەرزبوونەوەیەکی کەمی نرخی ئارد هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا وەزارەتی بازرگانیی عێراق لە ڕێگەی زیادکردنی هێنانی ئاردەوە و هاوسەنگبوونی خواست و خستنەڕووی ئارد لە بازاڕەکاندا، سەرقاڵی کارکردنن بۆ داشکانی نرخی ئارد، وا چاوەڕوانیش دەکرێت لەگەڵ زیادبوونی بەرهەمی گەنمی ئەمساڵ و دابەشکردنی بەشە خۆراکی ئاردی هاووڵاتیان بە سەر بریکارەکانی ئارددا، نرخی گەنم و ئارد لە بازاڕەکاندا دابەزێت .

*** لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێکی گرانبوونی نرخی ئارد و گەمەکردن بە نرخەکەیەوە، بەڕێوەبەرایەتییەکەتان چ هەنگاوێکی ناوە؟**

- لەگەڵ ئەوەی نرخی ئارد لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی گەنمەوە گران بووە و تەنی ئارد لە ٤٣٠ دۆلارەوە بۆ ٥٠٠ دۆلار زیاد بووە، بەڵام عێراق و هەرێمی کوردستانیش سەرچاوەی بەرهەمهێنانی گەنمە، بۆیە واچاوەڕوان دەکرێت بۆ ئەمساڵ کێشەی وشکەساڵی کۆتایی بێت و بەرهەمی گەنمی جووتیاران زیاد بێت، لەگەڵ ئەمەشدا لە ڕێگەی لیژنەکانی ئاسایشی ئابووری و قایمقامیەتەوە ڕێگە لە چوونە دەرەوەی ئارد دەگیرێت و چاودێرە بازرگانییەکانمان ئاگادار کردوونەتەوە زیاتر بچنە ناو بازاڕ و ڕێگری لە زیادبوونی نرخ و گەمەکردن و قۆرخکاری



بەو بەرهەمە گرنك و پێویستییە سەرەکییەی هاوولاتیانەوە بکەن، لە ئێستادا ئێمە لە وەزارەتی بازرگانی لەگەڵ وەزارەتی کشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو لە هەماهەنگیداین بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ئاردی سفر، بۆ ئەمەش کۆمپانیای خۆشناو کە بەشێکی گەنمی جووتیارانی وەرگرتووە و ئاردی سفر بەرهەم دەهێنێت و نرخەکەی لە ئاردی سفری تورکی کەمترە، ئامادەکاریی تەوەی کردووە، ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئاردی سفر زیاتر لە حەوت سەد هەزار تەن لە دەروازەکانەوە هاوردە دەکەین، مەرج نییە هەمووی لە هەرێم ساغ بێتەوە، لە دەروازە سنوورییەکان هەموو ئاسانکارییەك بۆ بازرگانەکان کراوە بۆ هێنانی ئارد.

*** ئایا بۆ ئەمساڵ ئامادەکاری بۆ دەستپێکردنی بەشە خۆراکی هاوولاتیان کراوە و، لە ناویشیدا دابەشکردنی ئارد؟**

- لە ساڵی ڕابردوو شەش بەشە خۆراك و ١٠ بەشە ئاردمان بە سەر بریکارەكانی خۆراك و ئاردا دابەش کردووە، بۆ ئەمساڵیش بۆ کۆگاکان بەشە خۆراك و ئاردی مانگی یەك هاتووە، لە ئێستادا ناردوومانە بۆ تاقیگەكان بۆ پشکنین، دوای تەواوبوونی پشکنینەکە دەست بە دابەشکردنی دەکەین، حکومەتی عێراق بڕیاری داوە بۆ ئەمساڵ بە شێوەیەکی ڕێکوپێك هەموو بەشە خۆراکەکان دابەش بکات، ئەمەش کاریگەریی لەسەر دابەزینی نرخی هەموو ئەو خۆراکانە دەکات کە دابەش دەکرێت، لەگەڵ نرخی ئارد لە بازاڕەکاندا، لە ئێستادا عێراق لە نەجەف سەرقاڵی پرۆسەیەکە وەکو تاقیکردنەوەیەك بەوەی پسوولەی خۆراك بکاتە کارتی ئەلەکترۆنی و دەبێت هەموو ئەندامانی خێزانەکە تەواجودیان هەبێت و لە ڕێگەی تەواجودی کەسەکان و وێنەگرتنی ئەلەکترۆنییەوە دەردەکەوێت کە ئەو کەسە مردووە، یان ناوی دووبارەیە، یانیش چووەتە دەرەوەی عێراق، ئەو کات دەبینە خاوەنی لیستێکی پوخت و ڕێکوپێك و وەزارەتی بازرگانیی عێراقیش بەڵێنی داوە ئەگەر پسوولەی خۆراك پاك بکرێتەوە و ئەو ژمارەیەی ئێستا کەم بکرێتەوە، ئەوا لە ڕووی جۆر و چەندایەتییەوە ئەو مادە خۆراکییانەی دابەش دەکرێت، باشتری دەکات.

**حکومەتی عێراق بڕیاری داوە بۆ ئەمساڵ بە شێوەیەکی ڕێکوپێک هەموو بەشە خۆراکەکان دابەش بکات**

**عێراق لە نەجەف سەرقاڵی پرۆسەیەکە وەکو تاقیکردنەوەیەک بەوەی پسوولەی خۆراک بکاتە کارتی ئەلەکترۆنی و دەبێت هەموو ئەندامانی خێزانەکە تەواجودیان هەبێت**



سیروان محەمەد
ڕاوێژکاری وەزارەتی پلاندانان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:

# دیدگای ٢٠-٣٠ نەخشەڕێگا و ڕێنیشاندەرە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان و پاڵپشتیکردنی ڕیفۆرمی ئابووری

**یەکێك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمە، پلاندانانە بۆ جێبەجێکردنی ڕیفۆرمی ئابووری و ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان، کە ئەرك و بەرپرسیارێتیی گرنگی لە ئەستۆدایە، وەك داڕشتنەوە و دیاریکردنی پلانی ستراتیژی کە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەڕێژدرێت، ئەرکی وەزارەتی پلاندانانیش لەم ڕووەوە سەرپەرشتیکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومەتە، کە لە چوارچێوەی بودجەی گشتیدا بڕە پارەیەك تەرخان بکرێت، بۆ ئەم جۆرە وەبەرهێنانە و، پلان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی و ئابووری دابڕێژدرێت، بەتایبەتی ئەوەی کە پێی دەگوترێت «بەرەنگاربوونەوەی ئەگەرەکانی قەیرانی دارایی»، لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا، هەوڵەکانی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگای ڕیفۆرمی ئابووری زیاتر بوون، ئەوە بوو دیدگای هەرێمی کوردستان ٢٠-٢٠ ئامادە کرا، بەڵام ئەمیش بە هۆی هاتنی ئەو هەموو قەیرانەوە تا ئێستا نەتوانرا جێبەجێ بکرێت، ئەمانە و چەندین پرسی دیکەی پەیوەندیدار بوونە تەوەری سەرەکیی دیدارێکی گوڵان لەگەڵ سیروان محەمەد ڕاوێژکاری وەزارەتی پلاندانان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

*** پلاندانان بۆ جێبەجێکردنی ڕیفۆرمی ئابووری و بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکان بە یەکێك لە پێداویستییە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمە دادەنرێت، سەرەتا دەکرێت بزانین ئێوە لە وەزارەتی پلاندانان چۆن هاوکاریی وەزارەت و دامەزراوە حکوومییەکان دەکەن بۆ ئەوەی بە پلان دیدگا و ئامانجەکانی دامەزراوەکەیان دەستنیشان بکەن و لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێی بکەن؟**

- بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، سەرەتا دەبێت بزانین وەزارەتی پلاندانان کە بەپێی یاسای ژمارە ٧ی ساڵی ٢٠٠٦ دامەزراوە، گرنگترین ئەرکەکانی لەم ڕووەوە چییە؛ داڕشتنەوە و دیاریکردنی پلانی ستراتیژی بە یەکێك لە هەرە ئەرکە گرنگەکانی وەزارەتی پلاندانان دادەنرێت کە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پلانە دادەڕێژدرێت، ئەمەش دوای ئەوەی دیدگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەتەکان دەستنیشان دەکات، بۆ ئەوەی لە ژێر ڕۆشنایی ئەو دیدگایەدا کارەکانیان بکەن.

ئەرکێکی دیکەی وەزارەتی پلاندانان سەرپەرشتیکردنی پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومەتە کە لە چوارچێوەی بودجەی گشتی، بڕە پارەیەك تەرخان دەکرێت بۆ ئەم جۆرە وەبەرهێنانانە، دەستەی ئامار کارەکەی ئەوەیە ئامار و داتا و نیشاندەر بە دەست بهێنێت، تاوەکو حکومەت سوودی لێ وەربگرێت و، بتوانێت پلانەکانی خۆی لە ڕوانگەی ئەو داتا و زانیاری و نیشاندەرانەوە دابنێت. هەر خۆی لە خۆیدا وەزارەتی پلاندانان بەپێی ناوەکەی و پێناسەکەی ئەرك و کارەکەی ئەوەیە هاوکاریی وەزارەتەکان بکات، بۆ ئەوەی بتوانن پلانەکانیان جێبەجێ بکەن و، بەرچاو ڕوونییەك دیاری بکات بۆ ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان تاوەکو ئەوانیش بتوانن بڕیار بدەن بە پشتبەستن بە پلانێکی دیاریکراوی زانستییانە کە ئامادە کراوە، ئیتر چ بتوانن خۆیان ئەو پلانە جێبەجێ بکەن لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکانیانەوە بە هاوکاری ڕێکخراو و ئاژانسە نێودەوڵەتییەکان، بۆ ئەم پەیوەندی و لێکتێگەیشتنەش لە ناو وەزارەتی پلاندانانندا بەڕێوەبەرایەتییەکی گشتی هەیە بۆ ڕێکخستنەوەی کار و چالاکییەکان لە سنووری هەرێمی کوردستانی عێراقدا.

*** پلاندانان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی دارایی و ئابووری گرنگی خۆی هەیە، بەتایبەتی ئەوەی کە پێی دەوترێت بەرەنگاربوونەوەی ئەگەرەکانی قەیرانی دارایی واتا پێش ڕوودانی قەیرانەکە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا لەم بارەیەوە وەزارەتی پلاندانان تا چەند کاری کردووە؟**

- لە سەرەتاکانی ٢٠١٥ ئەو کاتەی حکومەتی مەرکەزیی عێراق قەیرانی دارایی دەرهەق بە هەرێمی کوردستان سەپاندبوو، بەوەی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی بڕی کە هاوکات بوو لەگەڵ دەستپێکردنی شەڕی تیرۆریستانی

**داڕشتنەوە و دیاریکردنی پلانی ستراتیژی بە یەکێک لە هەرە ئەرکە گرنگەکانی وەزارەتی پلاندانان دادەنرێت**

**قەیرانە چاوەڕواننەکراوەکان کاریگەریی و شوێنەوارەکانی زۆر سەختترە لەو قەیرانانەی کە پێشوەختە خۆت بۆ ئامادە کردووە**

**لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵەکانی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگای ڕیفۆرمی ئابووری زیاتر بوون**

**دۆزینەوە و زیادکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکان بەتایبەتی بۆ دەرچووانی زانکۆ بە یەکێک لە ستراتیژیەت و بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت**

**دەبێت هێنانی کرێکاری بیانی کەم بکرێتەوە و توانای کرێکار و کارمەندان و دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان بەرز بکرێنەوە و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بگونجێت و بەپێی خواست و ویستی بازاڕ ئامادە بکرێن**

داعش و دابەزینی کتوپڕی بەهای نەوتی خاو، ئەمانە هەمووی کۆمەڵە هۆکارێکی سەخت و دژوار بوو بۆ تێکچوونی ڕەوشی دارایی و ئابووریی هەرێمی کوردستان، هەڵبەتە قەیرانە چاوەڕواننەکراوەکان کاریگەریی و شوێنەوارەکانی زۆر سەختترە لەو قەیرانانەی کە پێشوەختە خۆت بۆ ئامادە کردووە. ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان بە هاوکاریی ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان بە تایبەتی لە ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەوانەی لە هەرێمی کوردستان بوون، لەگەڵ ئەو ڕێکخراوانەی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بوون کە دەمانتوانی سوودیان لێ وەربگرین، ئەوە بوو لە کۆتایی مانگی ٥ی ساڵی ٢٠١٦دا یەکەم نەخشەڕێگای ڕیفۆرمی ئابووری ئامادە کرا و دواتر ڕاگەیەندرا، کە بەداخەوە دەبوایە ئەو دەمە کاری لە سەر بکرایە، بەڵام بە هۆی سەختیی بواری دارایی و قەیرانەکان و چەند هۆکارێکی دیکەوە کارکردن لەسەر ئەم نەخشەڕێگایەی ڕیفۆرمی ئابووری دواکەوت، ئەو کات دەبوایە زۆربەی خاڵ و بڕگەکانی ئەو نەخشەڕێگایە تاوەکو ساڵی ٢٠٢٠ جێبەجێ بکرایە.

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەوڵەکانی جێبەجێکردنی نەخشەڕێگای ڕیفۆرمی ئابووری زیاتر بوون، ئەوە بوو دیدگای هەرێمی کوردستان ٢٠-٢٠ ئامادە کرا، ئەمیش بە هۆی هاتنی ئەو هەموو قەیرانە نەتوانرا جێبەجێ بکرێت.

*** کەواتە دەکرێت بوترێت خاڵی لاواز و لەمپەر لە بەردەم ڕیفۆرمی ئابووری لە هەرێمی کوردستان هەیە، بۆیە ئەو نەخشەڕێگا و دیدگا ئابوورییانەی دادەنرێن، لە ئەرزی واقیع جێبەجێ ناکرێن؟**

- وەکو ئاماژەم پێ دا، قەیرانە دارایی و ئابوورییەکانی هەرێمی کوردستان ئەوەندە سەخت بوون، زەحمەتە هەموو بڕگە و خاڵەکانی نەخشەڕێگا و دیدگاکان جێبەجێ بکرێن، لەگەڵ ئەمەشدا لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ ئەوەی ئەو خاڵانە دیاری بکەین کە لاوازن لەو پلانانە و پتەوتری بکەین. بۆیە وەزارەتی پلاندانان ئەرکێکی زۆرتری لە سەرە و کاری لەسەر خاڵە لاوازەکان کردووە و ئێستا دیدگای هەرێمی کوردستان٢٠-٣٠ ئامادە دەکرێت و، چاوخشاندنەوە بە نەخشەڕێگای ڕیفۆرمی ئابووری دەکرێت. بە خۆشحاڵییەوە ئێستا دەرفەتێکی زیاتر هەیە بۆ ئەوەی لەگەڵ وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بە هاوکاری لایەنی نێودەوڵەتی و تێگەیشتنێکی باشتر لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی عێراق بۆ جێبەجێکردنی نەخشەڕێگای ڕیفۆرمی ئابووری و دیدگای ٢٠٣٠ تاوەکو بتوانین ئەو چاکسازییانەی لە هەرێمی کوردستان پێویستن، لە ڕێگەی وەزارەتی پلاندانانەوە دیاری بکرێن و کاریان لەسەر بکرێت، بەتایبەتی زیادکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکان.

*** باسی خاڵێکی گرنگت کرد کە ئێستا گەنجەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لەشکرێك لە دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان بە دەستیەوە دەناڵێنن، ئەویش دەستنەکەوتنی هەلی کاری گونجاو و شیاوە، ئایا ئێوە لە وەزارەتی پلاندانان چ پلان و بەرنامەیەکتان بەدەستەوەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئاڵۆز و هەستیارە؟**

- دۆزینەوە و زیادکردنی هەلی کار بۆ گەنجەکان بەتایبەتی بۆ دەرچووانی زانکۆ بە یەکێك لە ستراتیژیەت و بەرنامەی کاری کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت و، لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەم دادەنرێت، ئەمەش لە ڕێگەی ڕیفۆرمی ئابووری و چاکسازییەوە دەکرێت، کە دەبێت هێنانی کرێکاری بیانی کەم بکرێتەوە و توانای کرێکار و کارمەندان و دەرچووانی زانکۆکانی کوردستان بەرز بکرێنەوە و لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا بگونجێت و بەپێی خواست و ویستی بازاڕ ئامادە بکرێن، ئەمە ڕێنمایی و واقیعبینانەی دەوێت، واتا خۆ ناکرێت چاکسازی کە پرۆسەیەکی بەردەوام و درێژە پەلەی تێدا بکرێت و بە بێ داتا و نیشاندەری ئابووری، هەروا بەپێی ویست و خواستی ناواقیعبینانە و نازانستییانە جێبەجێ بکرێت، ئەوەی باشی و کەموکورتییەکان دیاری دەکات، داتا و ئامار و نیشاندەرەکانە کە نیشانمان دەدات ئێمە لە چ قۆناغێکداین و بەپێی ئەم کێرڤ و زانیارییانە دەکرێت باشەکان باشتر بکرێن و کەموکورتییەکانیش ڕێگا چارەسەری گونجاوی بۆ بدۆزرێتەوە.

ئێمە لە دەستەی ئاماری وەزارەتی پلاندانان

لە ساڵی ٢٠١٢وە ساڵانە ڕووپێوێکی تایبەت جێبەجێ دەکەین کە تایبەتە بە ( هێزی کار – کار- بێکاری ) کە ڕێژەکانی بێکاری و کارکردن و ئەو سێکتەرە ئابوورییانەی خەڵکی زیاتر کاری تێدا دەکەن و کاری تێدا دەدۆزرێتەوە، لەپاڵ چەندین نیشاندەری دیکەی گرنگ لەخۆ دەگرێت، ئەمەش دەبەسترێتەوە بە سیستەمی خوێندن لە وڵاتەکە بەتایبەتی لە هەر دوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، بۆ ئەوەی زیاتر کار لەسەر ئەو پسپۆڕایەتییانە بکرێت، کە بازاڕی کار پێویستیەتی، هەروەها وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بەرپرسیارە بەوەی ئەوەی بێکارن چ توێژ و چینێکن و چ ڕەگەز و تەمەن و پسپۆڕایەتییەکە، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەرکی ڕێکخستن و بەیاساکردن و دابینکردنی بیمە و زەمانەتی کارکردن لە کەرتی تایبەت بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی چیتر ئەوەندە دەرچووانی زانکۆ و گەنجەکان لە چاوەڕوانی کارکردن نەبن لە کەرتی گشتی. لە دەستەی ئامار لە ساڵی ٢٠٢١ نوێترین ڕووپێومان ئەنجام داوە و لەگەڵ ئەو خاڵە یەك دەگرێتەوە کە لە هێڵە گشتییەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان هاتووە و باس لە زیادکردن و پەیداکردنی هەلی کار دەکات بۆ سەرمایەی مرۆیی ناوخۆ و دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ کەمکردنەوەی هێنانی کرێکاری بیانی و باشکردنی بازاڕی کاری هەرێمی کوردستان، ئەمەش دەرفەت بۆ گەنجەکان و خەڵکی هەرێمی کوردستان زیاتر دەخولقێنێت، تاوەکو کاری گونجاو و شیاویان دەست بکەوێت. دەستکاریکردنی ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە ڕێگرن لە بەردەم هاتنی بە لێشاوی گەنجەکانی دەرەوەی هەرێم و لە دەستدانی هەلی کار بۆ گەنجەکانی ناوخۆی هەرێم، کارێکی پێویستە بەتایبەتی سنووردارکردنی هێنانی ئەو کرێکارانە و کارمەندانەی پێویست نین و پسپۆڕایەتی و شارەزاییەکی بەرزیان نییە. ڕەنگە ئێوە بپرسن ئەمە کاتێکی زۆری دەوێت، بەڵێ ڕاستە، بەڵام خۆ دەبێت دەست پێ بکەین و کاری لەسەر بکەین، بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا قەبارەی گرفتەکە گەورەتر نەبێت و، بێکاری لەناو گەنجانماندا زیاتر نەبێت و، هەلی کاری پێویست بۆ گەنجەکانمان بدۆزینەوە. بە پشتبەستن بە داتا و نیشاندەرە ئامارییەکان کە دەستەی ئامار بەرپرسە لە دیاریکردنی پلانەکان و واقیعبینانە و باشتر و لە کاتێکی کەمتردا دەتوانرێت کاری جددی لە سەر بکرێت، بەتایبەتی لە ناو وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا.

*** پلاندانان لەناو حکومەتێکی ناوەندیی پڕ لە کێشە و گرفت کارێکی ئاسان نییە، بە تایبەتی لەگەڵ بوونی زۆر لە دەسەڵاتە سیادی، ئایا لاوازی و ناسەقامگیریی ئەم پەیوەندییانە کاریگەرییەکانی لەسەر هەرێم چۆنە و چۆن دەکرێت خۆمانی لێ ڕزگار بکەین؟**

- ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا هەیە، بێ کەموکووڕی نییە و پتەویش نییە، بەڵام هەوڵەکان بۆ لێکتێگەیشتنی زیاتر لە نێوان ناوەند و هەرێمدا بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر گرنگە هەرێم بەهێز بکەین، بەبێ پشتبەستن بە حکومەتی ناوەندی، دەرفەتێکی باشیشمان لە بەردەستدایە تاوەکو ئەوەندە لە ڕووی ئابوورییەوە پشت بە عێراق نەبەستین. بۆ نموونە دیدگای بیست سی ٣٠-٢٠ چوارچێوەیەکی فراوانە و خاڵە گشتییەکان دیاری دەکات، کە دەمانەوێت بگەینە کوێ، بە تایبەتی لە بوارەکانی تەندروستی و سەرمایەی مرۆیی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و تەندروستی و . تادوایی. بە ڕای زۆربەمان لە وەزارەت و سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران وا دانراوە، لە ناو کارەکاندا ون نەبین و بزانین تا ٢٠٣٠ بگەینە کوێ، ئەمە وەکو ئامانجەکانی پەرەپێدانی بەردەوامە ٣٠-٢٠ ئەویش دیدگایەکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دیاری کردووە بۆ ئەوەی وڵاتان کار بکەن بۆ باشترکردنی ڕەوشی هاووڵاتیان و پەیوەندییەکان لە نێوان وڵاتان. بە شێوەیەکی گشتی دەبێت دیدگای ٢٠٣٠ لە ماوەی ١٠ ساڵی داهاتوو جێبەجێ بکەین، بۆ ئەوەی چیتر ئەوەندە پشت بە داهاتی نەوت و فرۆشتنی نەوت نەبەستین، چونکە دوای ١٠ ساڵی دیکە نرخەکانی نەوت وەکو ئێستا نابێت و جیهان بە دوای بەدیلی نەوتدا دەگەڕێت و ڕەنگە عێراق دووچاری قەیرانێکی زۆر سەخت ببێتەوە، ئەو کات ئێمە لە ڕووی ڕیفۆرمی ئابووری و بەهێزکردنی ژێرخان و ئابووریی هەرێمەوە شوێنەوارەکانی ئەو قەیرانە وا نەکات بارودۆخەکەمان تێك بچێت.


**ناکرێت چاکسازی کە پرۆسەیەکی بەردەوام و درێژە پەلەی تێدا بکرێت و بە بێ داتا و نیشاندەری ئابووری، هەروا بە پێی ویست و خواستی ناواقیعبینانە و نازانستییانە جێبەجێ بکرێت**

**ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا هەیە، بێ کەموکووڕی نییە و پتەویش نییە، بەڵام هەوڵەکان بۆ لێکتێگەیشتنی زیاتر لە نێوان ناوەند و هەرێمدا بەردەوامە**

**زۆر گرنگە هەرێم بەهێز بکەین، بەبێ پشتبەستن بە حکومەتی ناوەندی، دەرفەتێکی باشیشمان لە بەردەستدایە تاوەکو ئەوەندە لە ڕووی ئابوورییەوە پشت بە عێراق نەبەستین**

# سیۆکراسیەتی ئیسلامی سیاسی

## توندڕەوی
## بێ متمانەیی
## نادڵنیایی
## پەراوێزکەوتن



**"جیهانەکەمان لەژێر مەترسیدایە، دڵنیایی نەریتی لە بەریەک هەڵوەشاوە، هەڕەشە و خاڵە لاوازەکان تا دێت زیاتر دەبن، ئەو سیستەمەی لەسەر بنەمایەکی پتەو دامەزرابوو، زیاتر کەوتووەتە ژێر هێرشەوە، هەر بۆیە ئەوەندەی لەم سەردەمە پێویستییەکی گەورەمان بە دیالۆگ هەیە، لە هیچ سەردەمێک هێندە پێویستمان نەبووە."**

**پەیامی باڵیۆز واڵفگانگ ئیشینگر بۆ کۆنفرانسی ئاسایشی جیهانی – میونشن ٢٠٢٢**

### چیرۆکی لیبراڵیزم کۆتایی هات و تازەکەش هێشتا لە دایك نەبووە

بیرمەندانی سەردەم کاتێك باس لە هۆکاری مانەوەی ئینسانی ئاقڵ "sapiens" دەکەن، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە "ئینسانی ئاقڵ" توانای هاوکاری و هەمانگی و دیالۆگی هەبووە و، لەم ڕێگەیەشەوە توانیویەتی گرووپی گەورە لە دەوری یەك کۆبکاتەوە و، لە هەمانکاتیشدا بە تێپەربوونی کات "کەلتوور، گرووپ، ئایین، ناشناڵیزم"ی دروست کردووە، هەموو ئەمانەش کە وەك خەیاڵێکی ڕاست "Real fiction" دەستکردی خۆی بوون، توانیویەتی قەناعەت بە گرووپی زۆر گەورە دروست بکات و، ئەندامانی ئەو گرووپە گەورانەش ئامادە بوون ئەم خەیاڵە دەستکردە وەك بەهایەکی پیرۆز سەیر بکەن و، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی دێرینی مرۆڤیش، ئەوا پێش هاتنی پەیامهێنەران، مرۆڤ نەك هەر خۆی خواوەندی بۆ خۆی دروست کردووە، بەڵکو بۆ هەر دیاردەیەکی سرووشتی خواوەندێکی دروست کردووە وەك: "با، باران، ئاگر، خۆشەویستی، مەرگ و...هتد"، لە دوای هاتنی پەیامبەرانیشەوە و دوای نەمانی پەیامبەران (دروودی خوایان لەسەر بێت)، دیسان مرۆڤ دەستکاریی پەیامی پەیامهێنەرانی کردووە و، خۆی شتێکی خەیاڵی تێکەڵی ئەو پەیامە کردووە کە ئێستا شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە وەك پەیامی پەروەردگار، یان وەك پەیامی پەیامهێنەر بە پیرۆزی دەزانن. هەر بۆ نموونە: ئەگەر سەیری مێژووی هەر سێ ئایینی ئاسمانیی "جوو، کریستیان، ئیسلام" بکەین، ئەوا وەك هەندێك سەرچاوەی مێژوویی باسی دەکات "تەورات" وەك پەیامی مووسا "د.خ" دوای چەند سەدەیەك نووسراوەتەوە، هەروەها ئینجیلیش دوای یەك دوو سەدە نووسراوەتەوە، دەبینین لەسەر ئەم دوو کتێبە ئاسمانییە چەندین نوسخەی جیاواز هەیە و، بیرمەندان و مێژوونووسان کێشمەکێشیان لەسەر ئەوەیە چۆن دەبێت بۆ یەك پەیام، چەندین نوسخەی جیاوازی کتێبی پیرۆز هەبێت؟ ئەم پرسە لە ئایینی ئیسلامیشدا بە جۆرێکی دیکە بوونی هەیە و، لەگەڵ ئەوەی قورئانی پیرۆز بە چەندساڵێك دوای کۆچی دوایی پەیامهێنەری ئیسلام "د.خ" نووسراوەتەوە و کۆکراوەتەوە و، هەر لە سەردەمی خەلیفەکانی "ڕاشدین"یشدا کراوە بە "کتێبی قورئان"، لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا تەنیا یەك نوسخەی

**پێش هاتنی پەیامهێنەران، مرۆڤ نەک هەر خۆی خواوەندی بۆ خۆی دروست کردووە، بەڵکو بۆ هەر دیاردەیەکی سرووشتی خواوەندێکی دروست کردووە وەک: "با، باران، ئاگر، خۆشەویستی، مەرگ و...هتد"**




قورئانی پیرۆز وەك پەیامی پەروەردگار هەیە، بەڵام لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەر "د.خ" لە ناو بیرمەندانی ئیسلامدا کێشمەکێش هەیە. هەر بۆ نموونە: پرۆفیسۆر د.محەمەد شەریف سەرۆکی کۆڕبەندی فیکری ئیسلامیی کوردستان ڕاشکاوانە دەڵێت: "بە هەزاران فەرموودە بە ناوی فەرموودەی پەیامهێنەری ئیسلام دروست کراون"، ئیشکالیەتەکەش لەوەدایە، ئەم فەرموودە دروستکراوانەی دەستی مرۆڤ لە پیرۆزیدا هاوتای پەیامی پەروەردگار کراون، هەر بۆیە ئەو توندڕەوییە بە پشتبەستن بە بەشێك لەو فەرموودانە لە هەندێك گرووپی ڕادیکاڵی ئیسلامی سیاسی دەردەکەوێت و، ڕووە ئاشتیخوازەکەی ئیسلامی شاردووەتەوە، هەروەك ئەوەی کەنیسەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەوروپا دەیانکرد، ڕووە ئاشتیخوازەکەی پەیامهێنەری مەسیحی "د.خ"یان ناشیرین کردبوو، هەتا کار گەیشتە ئەوەی بیرمەندێکی وەك جۆن لۆك لە "نامەی لێبوردەیی" بڵێت: "ئەگەر کریستیانیەت ئەوە بێت کە عیسا "د.خ" باسی دەکات، ئەوا من لە هەموو قەشەکانی ناو کەنیسە کریستیانترم، بەڵام ئەگەر کریستانیەت ئەوە بێت کە کەنیسەکان باسی دەکەن و لەسەر جیاوازیی مەزهەب یەکتری سەر دەبڕن، ئەوا من هەرگیز ئەو کریستیانە نابم."

هەموو ئەم باکگراوەندە بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە مێژووییە بوو، کە مرۆڤی ئاقڵ "sapiens"، پێش هاتنی پەیامهێنەران و دوای هاتنی پەیامهێنەرانیش، خۆیان هەندێك خەیاڵی خۆیان کردووە بە ڕاستی بۆ ئەوەی گرووپ و هێز و دەسەڵاتی پێ کۆبکەنەوە و بە ناوی "خودا"وە حوکمڕانی بکەن، ئەم پرسەش وەك خۆی مایەوە هەتا دەرکەوتنی "شۆڕشی کۆپەرنیکۆس" کە بە ڕێگای زانستی سەلماندی ئەوەی کەنیسە دەیلێت، خەیاڵێکە بە درێژایی مێژوو دروست کراوە و پەروەردگار بەو شێوەیە زەوی و ئاسمان و ئەستێرەکانی دروست نەکردووە کە کەنیسە تەفسیری دەکات، سەرەنجامیش دوای ئەوەی سەلمێندرا زەوی تەخت نییە و بەڵکو هەسارەیەکە وەك هەر هەسارەیەکی دیکە لە ناو گەردوون، ئیدی کەنیسە ناچار بوو، دەستکاریی پرانسیپەکانی خۆی بکات و ملکەچی زانستە سەلمێندراوەکان بێت، بەمەش شۆڕشی هیومانیزم دەستی پێ کرد و، لەبەر ئەوەی سەلمێندرا تەفسیری کەنیسە بۆ گەردوون و

**دوای نەمانی پەیامبەران (درووی خوایان لەسەر بێت)، دیسان مرۆڤ دەستکاریی پەیامی پەیامهێنەرانی کردووە و، خۆی شتێکی خەیاڵی تێکەڵی ئەو پەیامە کردووە کە ئێستا شوێنکەوتووانی ئەو ئایینە وەک پەیامی پەروەردگار، یان وەک پەیامی پەیامهێنەر بە پیرۆزی دەزانن**

یاساکانی ئاسمان پەیامی پەروەردگار نییە، ئیدی "ئایین و سیاسەت" لێك جیاکرانەوە و دەسەڵات گواسترایەوە بۆ دەستی مرۆڤ و ئیرادەی ئازادی مرۆڤ و، بە کۆتاییهاتنی شەڕی ئایینی لە ئەوروپادا، بە تەواوەتی ئەم گواستنەوەیە لە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا بەرجەستە بوو.

لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین، ئەو وەرچەرخانە گەورەیەی لە سەرەتای سەدەی پازدەیەم لە ئەوروپای کریستانیەتی ڕووی دا، لە جیهانی ئیسلامی (ئیمپراتۆریەتی عوسمانی) ڕووی نەدا و، بەپێچەوانەوە لە دەستپێکی ئەم شۆڕشە زانستییە گەورەیەدا "محەمەدی فاتیح – سوڵتان محەمەدی دووەم" سەرقاڵی ئەوە بوو، کەنیسەی "ئایا سۆفیا" بگرێت و بیکات بە مزگەوت و ئەمەشی بۆ چووە سەر، بەڵام وازهێنانی ئەوروپا لە دەسەڵاتی هەموو کەنیسەکان" بە هۆی شۆڕشی زانستییەوە وای کرد، ئەوروپا بە ڕێگەی ڕێزگرتنی لە دەوڵەتە نەتەوەییە هاوچەرخەکان و دامەزراندنی پەیوەندیی نێودەوڵەتی کۆنسێرتێکی هێز دروست بکات و، ببێتە ئەو هێزەی کە نەك هەر بیر لە ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی و خەلافەتەکەی بکاتەوە، بەڵکو بیری لەوە دەکردەوە چۆن سەرکردایەتیی هەموو جیهان بکات، ئەمەشمان لە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی و هەروەها لە میانەی پەنجا ساڵەی شەڕی سارد بینی.

ئەو بەهایانەی ئەوروپای کریستانیەتی لە دوای ڕێککەوتنی "ویستفالیا"وە لە ساڵی ١٦٤٨ ـەوە شانازی پێ دەکات و پاشان هەر دوو شۆڕشی گەورەی "ئەمریکا و فەرەنسا"ی بەدوادا هات و، زیاتر ئەو "ئیرادەی ئازادی مرۆڤ"ـە تەواوی پرانسیپەکانی سیستمی سەرمایەداریی "لیبراڵ دیموکرات"ی پێ پێناسە کرایەوە و، هەر ئەم میتۆدەش سیستمی سەرمایەداری کردە سۆپەر پاوەری جیهان و جیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە "٥١" ویلایەتە، لە هەمانکاتدا گەورەترین فیدراسیۆنیشی لە نێوان ٢٧ دەوڵەتی ئەورووپی دروست کردووە کە ناوی "یەکێتیی ئەورووپا"یە، ئەو پرانسیپانەش کە پێیان دەگوترێت: بەهاکانی "ڕۆژئاوا" بریتین لە:

١- دەبێت ئیرادەی ئازادی مرۆڤ بە ڕێگەی سندوقەکانی دەنگدان بڕیاری سیاسی دروست بکات و دەستنیشانی بکات کە کێ دەبێتە فەرمانڕەوا، لەبەر ئەوەی "دەنگدەر بەردەوام لە هەمووان باشتر دەزانێت".

٢- دەبێت ئیرادەی ئازادی مرۆڤ بڕیار بدات کام بەرهەم باشە کە کۆمپانیاکان بەرهەمی دەهێنێت، لەبەر ئەوەی هەمیشە موشتەری لەسەر هەقە نەك کۆمپانیاکان.

٣- ئیرادەی ئازادی مرۆڤ بڕیار دەدات کام هەر یەك لەمانە باش و جوانن "ئاکار، هونەر بە هەموو بەشەکانیەوە، ئەدەب بە هەموو بەشەکانیەوە و.. هتد."

ئەوەی لە دوماهیی ئەم دێڕانە گرنگە، ئەوەیە ئەو دەسەڵاتەی بە ناوی "خوا و خواوەند"ـەوە لەسەر مرۆڤ پیادە دەکرا، شۆڕشی زانستی ئەو دەسەڵاتەی گێڕایەوە بۆ ئیرادەی ئازادی مرۆڤ، بەڵام ئێستا درێژە پێدەری هەمان شۆڕشی زانستی "شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی" بە هەمان شێوە خەریکە دەسەڵاتی ئیرادەی ئازادی مرۆڤ دەگوازیتەوە بۆ "زیرەکی دەستکرد"، ڕاشکاوانەتر دەسەڵات لە "ئۆرگانیزم"ـەوە (مرۆڤ) دەگوازێتەوە بۆ "ئەلگۆریزم" کە ئامێرە و ئۆرگانیزم نییە. ئەوجا چۆن لەگەڵ دەستپێکی شۆڕشی زانستی کەنیسە ناچار بوو، ددان بەوەدا بنێت، چیتر ئەو خاوەنی دەسەڵات نابێت و سەرەنجام هەر ئیرادەی ئازادی مرۆڤ بووە سەرچاوەی دەسەڵات، ئێستا ئەو سیستمەی پێی دەگوترێت "لیبراڵ دیموکراتی" لە بەردەم هەمان هەڕەشەدایە و، ڕاستە چۆن لە سەرەتای سەدەی پازدەیەم "کەنیسە" بە ئاسانی ڕازی نەبوو ئەم وەرچەرخانە ڕوو بدات، بەڵام سەرەنجام تەسلیم بوو، ئێستا سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و لیبراڵیی نێودەوڵەتی لە بەردەم هەمان چارەنووسدایە، بەڵام ئەوەی بووەتە جێگەی سەرسوڕمان و نیگەرانییەکی گەورە، ئەوەیە ئێستا جیهان نیگەرانی ئەوەیە دەسەڵات لە ئیرادەی ئازادی مرۆڤ دەگوازرێتەوە بۆ ئۆلگۆریزم و زیرەکی دەستکرد، لە وڵاتی ئێمە (عێراق) و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند وڵاتێکی ئیسلامی خەریکی ئەوەن

**لە تەواوی جیهانی ئیسلامیدا تەنیا یەک نوسخەی قورئانی پیرۆز وەک پەیامی پەروەردگار هەیە، بەڵام لەسەر فەرموودەکانی پێغەمبەر "د.خ" لە ناو بیرمەندانی ئیسلامدا کێشمەکێش هەیە**

**بە هەزاران فەرموودە بە ناوی فەرموودەی پەیامهێنەری ئیسلام دروست کراون"، ئیشکالیەتەکەش لەوەدایە، ئەم فەرموودە دروستکراوانەی دەستی مرۆڤ لە پیرۆزیدا هاوتای پەیامی پەروەردگار کراون**

**بیرمەندێکی وەک جۆن لۆک لە "نامەی لێبورەدەیی" بڵێت: "ئەگەر کریستیانیەت ئەوە بێت کە عیسا "د.خ" باسی دەکات، ئەوا من لە هەموو قەشەکانی ناو کەنیسە کریستیانترم، بەڵام ئەگەر کریستانیەت ئەوە بێت کە کەنیسەکان باسی دەکەن و لەسەر جیاوازیی مەزهەب یەکتری سەر دەبڕن، ئەوا من هەرگیز ئەو کریستیانە نابم."**

بمانگێڕنەوە بۆ حوکمڕانیی سیۆکراسی و بە ناوی "خوا"وە حوکمڕانیمان بکەن.

**● هەڕەشە و مەترسییە جیهانییەکان لە توانا و ئەقڵی سیاسەتمەداران گەورەترە**

کاتێك دۆناڵد ترەمپ لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٦ بۆ سەرۆکایەتیی ئەمریکا، ڕاشکاوانە ڕایگەیاند: "چی دیکە پاراستنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دەستێوەردان و بونیادنانەوەی دەوڵەتان و وەرگرتنی پەنابەران کاری ئەمریکا نییە"، باراك ئۆباما-ی سەرۆکی پێشتووتری ئەمریکا کە هاوکاریی هەڵمەتی بانگەشەکانی هیلاری کلینتۆنی دەکرد، دەستوورەکەی ئەمریکای دابووە دەست ئەم کابرایە و دەیگوت: "قسەکانی ترەمپ دژی دەستووری ئەمریکایە، لەبەر ئەوەی ئەم هاوڵاتییە بە پێی ئەم دەستوورە هاوڵاتیەکی ئەمریکییە و هەر ئەم دەستوورەش ئەو مافەی پێ داوە، کە کوڕەکەی ببێتە سەربازی ئەمریکا و لە پێناوی بەها بەرزەکانی ئەم دەستوورە بەشداریی شەڕی عێراق بکات و لەو شەڕەشدا بکوژرێت."

باراك ئۆباما لەو بانگەشەیە مەبەستی بوو بڵێت:

١- لەگەڵ ئەوەی پارتی دیموکراتی ئەمریکا لەگەڵ شەڕی ئەمریکا نەبوو لە عێراقدا، بەڵام بۆ پاریزگاریکردن لەم دەستوورە پارتی دیموکراتی لە ساڵی ٢٠٠٧ پشتگیریی ڕاپۆرتەکەی "بیکەر- هاملتۆن"ی کرد بۆ ناردنی بەپەلەی هێز "surge" بۆ عێراق، لە پێناوی ئەوەی تیرۆریستانی ئەلقاعیدە قەڵاچۆ بکرێن و بنەماکانی جاری گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ بپارێزێت.

٢- هاووڵاتیانی ئەمریکا چ ئەوانەی بە بنەچە ئەمریکین و چ ئەوانەشی بە پەنابەری هاتوونەتە ئەم وڵاتە و بوونەتە هاووڵاتی، هەموویان پێکەوە بەرگری لە لائیحەی ئەو مافانە دەکەن کە لەم دەستوورەدا هاتوون و هەمووشیان ئامادەن لە پێناوی پاراستنی ئەو بەهایانە گیانی خۆیان ببەخشن.

٣- ئۆباما مەبەستی بوو بڵێت، ئەمریکا بە هۆی دەستێوەردانەکانی لە "شەڕی یەکەمی جیهان و دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلان و، شەڕی دووەمی جیهان و دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەرکردایەتیکردنی شەڕی سارد و دامەزراندن و پاراستنی سیستمی لیبراڵیی نیودەوڵەتی و "شەڕ لە پێناوی بنبڕکردنی شەڕ" بووەتە سۆپەر پاوەری جیهان، هەر بۆیە کاتێك ترەمپ بانگەشە بۆ ئەوە دەکات، دەستێوەردان و پاراستنی بنەماکانی جاڕی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ، چیتر کاری ئەمریکا نییە، ئەوا بە تەواوەتی بنەماکانی ئەم دستوورە پێشێل دەکات.

لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٢٠ی ئەمریکادا، جارێکی دیکە ترەمپ وەك کاندیدی پارتی کۆماری لەسەر دروشمەکانی ساڵی ٢٠١٦ بەردەوام بوو، بەڵام بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ و خۆپیشاندانی ڕەشپێستەکانی ئەمریکا و لە سەرووی هەمووشیانەوە تەواونەبوونی دروستکردنی ڤاکسین بۆ ئیحتواکردنی کۆڤید ١٩، ئەوە بوو ترەمپ هەڵبژاردنەکانی دۆڕاند، بایدن-یش گەلی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ترانس ئەتلەنتیکی دڵنیا کردەوە کە هەموو شتێك دەگێڕێتەوە بۆ پێش سەرۆکایەتیی ترەمپ، بەڵام با بزانین لە ماوەی ئەم ١٤ مانگەی بایدن وەك سەرۆکی ئەمریکا لە "کۆشی سپی"یە، توانیویەتی کام لەو هەنگاوانەی ترەمپ پێچەوانە بکاتەوە:

١- ترەمپ ددانانی نا بە "بەرزاییەکانی جۆلان" وەك بەشێك لە خاکی ئیسرائیل، لە کاتێکدا بەرزاییەکانی جۆلان خاکی سووریایە و لە ساڵی ١٩٦٧ ئیسرائیل داگیری کردووە، هەروەها ترەمپ ددانانی نا بە قودس وەك پایتەختی ئیسرائیل، ئەم بڕیارەی ترەمپ لە ئیدارەی بایدن-یش گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.

٢- ترەمپ یەك لایەنە لە ڕێککەوتنی ئەتۆمیی وڵاتانی (١+٥) لەگەڵ ئێران هاتەدەرەوە و، یەکەم کاری ئیدارەی بایدن ئەوە بوو بگەڕێتەوە ناو ئەم ڕێککەوتنە، بەڵام هەتا ئێستاش ئاسۆیەکی ئەوتۆ دیار نییە کە ئەم ئیدارەیە لەگەڵ ئێران بگەنە ڕێککەوتن.

٣- ترەمپ لەگەڵ حکومەتی ئەفغانستان ڕێککەوت کە لە ساڵی ٢٠٢١ هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان دەکشێتەوە، ئیدارەی بایدن وەك

**لەبەر ئەوەی سەلمێندرا تەفسیری کەنیسە بۆ گەردوون و یاساکانی ئاسمان پەیامی پەروەردگار نییە، ئیدی "ئایین و سیاسەت" لێک جیاکرانەوە و دەسەڵات گواسترایەوە بۆ دەستی مرۆڤ و ئیرادەی ئازادی مرۆڤ و، بە کۆتاییهاتنی شەڕی ئایینی لە ئەوروپادا، بە تەواوەتی ئەم گواستنەوەیە لە دەوڵەتی نەتەوەیی هاوچەرخدا بەرجەستە بوو**

**لە وڵاتی ئێمە (عێراق) و تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەند وڵاتێکی ئیسلامی خەریکی ئەوەن بمانگێڕنەوە بۆ حوکمڕانیی سیۆکراسی و بە ناوی "خوا"وە حوکمڕانیمان بکەن**

**ترەمپ ددانانی نا بە "بەرزاییەکانی جۆلان" وەک بەشێک لە خاکی ئیسرائیل، لە کاتێکدا بەرزاییەکانی جۆلان خاکی سووریایە و لە ساڵی ١٩٦٧ ئیسرائیل داگیری کردووە**

**ترەمپ یەک لایەنە لە ڕێککەوتنی ئەتومی وڵاتانی (١+٥) لەگەڵ ئێران هاتەدەرەوە و، یەکەم کاری ئیدارەی بایدن ئەوە بوو بگەڕێتەوە ناو ئەم ڕێککەوتنە، بەڵام هەتا ئێستاش ئاسۆیەکی ئەوتۆ دیار نییە کە ئەم ئیدارەیە لەگەڵ ئێران بگەنە ڕێککەوتن**

**ڕووسیا لە هەموو کاتێک زیاتر تەحەددای ناتۆ دەکات و، جیا لەوەی داوای دیکۆمێنیتی فەرمی لە ئەمریکا دەکات بەوەی ”نە ئێستا و نە لە داهاتووشدا نابێت ئۆکرانیا ببێتە ئەندامی ناتۆ“، لە هەمانکاتدا داوای ئەوە دەکات کە دەبێت بڵاوەپێکردنی هێزەکانی ناتۆ بکشێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٧**

**بایدن و پارتی کۆماری لەو قەناعەتەدا بوون، کە ئەمریکا بەبێ هاریکاری و هەماهەنگی و هاوپەیمانەکانی نە دەتوانێت سۆپەر پاوەر بێت، نە دەشتوانێت سەرکردایەتیی جیهان بکات، ئەم پرانسیپەی دیموکراتەکان لە ڕووی تیۆریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سەردەمانی شەڕی سارد، تیۆریکی ڕاست بووە و سەرکەوتنی گەورەشی بە دەست هێناوە**

خۆی ئەم ڕێککەوتنەی ترەمپی جێبەجێ کرد و، لەسەر سینییەکی زێڕ ئەفغانستانی تەسلیمی تالیبان کردەوە، کە تەنیا ئەمریکا زیاتر لە سێ ترلیۆن دۆلار و دەیان هەزار سەربازی (بە کوژارو و بریندارەوە) لەو شەڕەدا لە دەست داوە، ئەمە بێجگە لە زیانەکانی دەوڵەتانی ئەندام لە هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی.

٤- سەبارەت بە گێڕانەوەی شکۆ بۆ هاوپەیمانیی باکووری ئەتڵەسی و سەرکردایەتیی ئەمریکای ڕاستەوخۆ بۆ ئەو هاوپەیمانییە، ئێستا وەك هەموو لایەك دەیبینین، ڕووسیا لە هەموو کاتێك زیاتر تەحەددای ناتۆ دەکات و، جیا لەوەی داوای دیکۆمێنیتی فەرمی لە ئەمریکا دەکات بەوەی ”نە ئێستا و نە لە داهاتووشدا نابێت ئۆکرانیا ببێتە ئەندامی ناتۆ“، لە هەمانکاتدا داوای ئەوە دەکات کە دەبێت بڵاوەپێکردنی هێزەکانی ناتۆ بکشێتەوە بۆ ساڵی ١٩٩٧.

ئەم بەراوردکردنەمان بۆ ئەوە نییە کە بڵێین: ”ترەمپ لە بایدن باشتر بوو، یان بەپێچەوانەوە“، هەروەها بۆ ئەوەشمان نییە کە بڵێین ”ترەمپ پابەندی بەڵێنەکانی خۆی بوو، بەڵام بایدن نەیتوانیوە بەڵینەکانی خۆی جێبەجێ بکات“، بەڵکو لەم بەراوردکارییە مەبەستمانە بڵێین: ئەگەر لە ساڵی ٢٠٢٠ جارێکی دیکە ترەمپ ببوایەتەوە بە سەرۆکی ئەمریکا، ئەوا لەوانە بوو بارودۆخەکە لەمەی ئێستای سەردەمی ئیدارەی بایدن خراپتر بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی بایدن و پارتی کۆماری لەو قەناعەتەدا بوون، کە ئەمریکا بەبێ هاریکاری و هەماهەنگی و هاوپەیمانەکانی نە دەتوانێت سۆپەر پاوەر بێت، نە دەشتوانێت سەرکردایەتیی جیهان بکات، ئەم پرانسیپەی دیموکراتەکان لە ڕووی تیۆریی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی سەردەمانی شەڕی سارد، تیۆریکی ڕاست بووە و سەرکەوتنی گەورەشی بە دەست هێناوە، بەڵام لە ئێستادا کە میکانیزمی هاریکاری و هەماهەنگی لەسەر ئاستی جیهان لەبار چووە و، توانای دەوڵەتمەدار و دیپلۆماتەکان لەسەر ئاستی جیهان لە ئاستی مەترسییە جیهانیەکاندا لەوە لاوازترە کە بتوانێت دووبارە هەمانگی و هاوکاری لەسەر ئاستی دەوڵەتانی جیهان دروست بکاتەوە، ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە نەك ”ترەمپ و بایدن“ بەڵکو ئەگەر هەموو باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا زیندوو ببنەوە و سەرکردایەتیی ئەم قۆناغەیان پێ بسپێردرێتەوە، ئەوا ئەوانیش ناتوانن لە ناو ئەو چوارچێوە کۆنە، شکۆ بۆ ئەمریکا و سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی بگێڕنەوە، وەك بیرمەندانیش ڕۆژانە جەختی لەسەر دەکەنەوە، چیرۆکی لیبراڵی کۆتایی هات و هێشتا چیرۆکێکی دیکەش دروست نەبووە کە جیهان لە دەوری کۆببێتەوە.

### ● ئیحراجیی کۆڕبەندی داڤوس و کۆنفرانسی میونشن لە پاراستنی دیموکراتی و سیستمی لیبراڵیی نێودەوڵەتیدا

کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی — داڤۆس، لە ساڵی ١٩٧١ـەوە بۆ ڕێگرتن و دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشانە دامەزراوە کە ڕووبەڕووی سیستمی لیبراڵ دیموکراتی و ئابووریی بازاڕ دەبێتەوە و، تەوەرەی سەرەکیی ڕاپۆرت و پەنێڵە سەرەکییەکانیشی هەر بۆ ئەو مەترسییانە تەرخان دەکران، بەڵام ئەمساڵ ٢٠٢٢ بۆ یەکەمین جار بوو، ڕاپۆرتی کۆڕبەندی ئابووریی جیهانی ڕاستەوخۆ خاڵە سەرەکییەکانی ڕاپۆرتەکەی و پەنێڵە سەرەکییەکانی تایبەت بە ”مەترسییەکان لەسەر سیستمی دیموکراتی، مەترسییەکان لەسەر ئابووریی بازاڕ، مەترسییەکان لەسەر سیستمی نوێی جیهان“ نەبوون، بە پێچەوانەوە ئەو خاڵە سەرەکییانەی ڕاپۆرتی ”مەترسییە جیهانییەکان —داڤۆس ٢٠٢٢ ” لە خۆی گرتبوو، بریتی بوون لە:

١- لێدانی ڤاکسین و سەلامەتیی تاك و دووبارە بووژاندنەوەی ئابووری بەو مەرجەی ئەو جیاوازییەی ئێستا لە پێدانی ڤاکسین لەسەر ئاستی دەوڵەتان بوونی هەیە، نەبێتە هۆکاری بووژانەوەی جیاواز و دروستبوونی نادادپەروەریی زیاتر لەسەر ئاستی جیهان.

٢- مەترسیی گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا.

٣- مەترسییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هەڕەشەکانی فەزای سایبەر.

٤- نەبوونی سیستمێکی بەڕێوەبردن بۆ گەشتەکانی فەزا و مەترسیی بەریەککەوتن لە فەزای دەرەوەی هەسارەی زەویدا.

ئـەوەی جێگـەی هەڵوەسـتەکردن بـوو لەسـەر کۆڕبەنـدی داڤـوس ئـەوە بـوو، جیـا لـەوەی ساڵی پـار ٢٠٢١ بـە هـۆی بڵاوبونـەوەی پەتـای کۆڤیـد ١٩ نەتوانـرا ئـەم کۆڕبەنـدە گـرێ بدرێـت، ئەمسـاڵیش بـە هـۆی بڵاوبونـەوەی ڤایرۆسـی "ئۆمیکـرۆن"، کۆڕبەندەکـە تەنیـا بـە ئۆنلایـن بەڕێوەچـوو، ئەمـە لـە کاتێکـدا یەکێـك لـە تـەوەرە سـەرەکییەکانی ئـەم کۆڕبەنـدە باسـی بووژانـەوەی ئابـووری بـوو دوای قۆناخـی پەتـای کۆڤیـد ١٩، بـەڵام خـودی کۆڕبەندەکـە لـە ترسـی پەتـای کۆڤیـد ١٩ و ئۆمیکـرۆن بـە ئۆنلایـن بەڕێـوە چـوو.

هـەر سـەبارەت بـەم پرسـە و بـۆ پاراسـتنی "سیسـتمی لیبراڵیـی نێودەوڵەتـی" لـە دوای تەنگـژەی "کەنـداوی بـەرزان -کوبـا" خەریـك بـوو لـە سـاڵی ١٩٦٢ شـەڕێکی ئەتۆمـی لـە نێـوان ئەمریـکا و یەکێتیـی سـۆڤیەت بێتـە ئـاراوە، لـە سـاڵی ١٩٦٣ یەکەمیـن کۆنفرانسـی میونشـن – ئەڵمانیـا گـرێ درا، لـەو کاتـەوە هەتـا ئێسـتا هەمـوو سـاڵێك ئـەم کۆنفرانسـە گـرێ دەدرێـت، کۆنفراسـی ئەمسـاڵ کـە پەنجـاو هەشـتەمین کۆنفرانسـە بڕیـارە ڕۆژی ١٩ی شـوبات بـە هـۆی مەترسـیی "کۆڤیـد ١٩ و ئۆمیکـرۆن" بـە ئامادەبوونـی ژمارەیەکـی دیاریکـراوی ئامادەبـووان بەڕێـوە بچێـت، ئەوجا لەگـەڵ ئـەوەی تـا نووسـینی ئـەم دێڕانـە ڕاپـۆرتی کۆنفرانسـەکە بـڵاو نەکراوەتـەوە، بـەڵام وەك واڵفانـگ شـنایدەر سـەرۆکی کۆنفرانسـی میونشـن بـۆ ئاسایشـی جیهـان لـە پەیامێکـدا بـۆ کۆنفرانسـی ئەمسـاڵ ئامـاژەی پـێ کـردووە و دەڵێـت: "جیهانەکەمـان لـە ژێـر مەترسـیدایە، دڵنیایـی نەریتـی لەبەریـەك هەڵوەشـاوە، هەڕەشـە و خاڵـە لاوازەکان تـا دێـت زیاتـر دەبـن، ئـەو سیسـتەمەی لەسـەر بنەمایەکـی پتـەو دامەزرابـوو، زیاتـر کەوتووەتـە ژێـر هێرشـەوە، هـەر بۆیـە ئەوەنـدەی لـەم سـەردەمە پێویسـتییەکی گەورەمـان بـە دیالـۆگ هەیـە، لـە هیـچ سـەردەمێك هێنـدە پێویسـتمان نەبـووە". ئەوجـا ئەگـەر بـە وردی سـەرنج لـەم پەیامـەی شـنایدەر بدەیـن، کـە پێشـان لـە هـەر کۆنفراسـێکدا دەیگـوت: سیسـتەمەکەمان "سیسـتمی لیبراڵیـی نێودەوڵەتـی" لـە ژێـر مەترسـیدایە، ئـەوا ئەمجـارە دەڵێـت: "جیهانەکەمـان لـە مەترسـیدایە"، ئەمـە مانـای ئەوەیـە ڕاپـۆرت و پەنێڵـە سـەرەکییەکانی کۆنفرانسـی میونشـن-یش جیاوازییەکـی ئەوتـۆی لەگـەڵ ئـەو مەترسـییانە نابێـت کـە ڕاپـۆرتی ئەمسـاڵی کۆڕبەنـدی ئابووریـی جیهـان ئامـاژەی پـێ کـردوون. شـنایدەر بـە هاوشـێوەی قسـەکانی ئـۆلاف شـۆلتز ڕاوێـژکاری تـازەی ئەڵمانیـا لـە کۆڕبەنـدی ئۆنلاینـی داڤـوس، هەمـوو کێشـەکانی بەسـتووەتەوە بـە هـاوکاری و هەماهەنگـی و دیالـۆگ لـە نێـوان کـۆی دەوڵەتانـی جیهانـدا. بـەڵام پرسـیار ئەوەیـە ئایـا ئـەم خۆزگـە و ئاواتـەی مرۆڤـی ئاقـڵ "sapiens" دێتـەدی کـە لـە بەرامبەریـدا ئەقڵێکـی بەهێزتـر هەیـە، کـە ئەویـش ئەقڵـی "زیرەکـی دەستکرد"ـە؟ ئەگـەر بـۆ

**دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی ژێرخانێکی پتەوی حوکمڕانییان نەبووە و بەردەوام بۆ حوکمڕانی پشتیان بە لایەنی دەرەکی بەستووە و حکومەتەکانیش دیکتاتۆری و میلیتاری و پادشایەتیی ڕەها بوون**



پرۆفیسۆر فی فی لی

وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە پەنا بەرینـە بـەر خانمی زانـا "پرۆفیسـۆر فـی فـی لـی" بـە ڕەچەڵـەك چینـی و بەڕێوەبـەری ئامـۆژگای سـتانفۆرد بـۆ "زیرەکـی دەسـتکرد"، ئـەوا وەك لـە پەنێڵێکـدا ئامـاژەی پـێ کـرد، ئـەم کێشـەیە "پێویسـتی بـە دیالـۆگ و هاریـکاری و هەماهەنگـیی نێـوان "زانایانـی زانسـتی کۆمپیوتـەر، بایۆلـۆژی و فیزیا و ئەندازیارانی ئای تی و کۆمپانیـاکان و سیاسـەتمەداران" هەیـە بـۆ ئـەوەی ڕێگەچـارەی زانسـتییانە بـۆ بەرژەوەندیـی مرۆڤایەتـی لـە مەترسـیی زیانەکانـی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا وگۆڕانکارییەکانـی کەشـوهەوا، ڕێگرتـن لـە بێـکاری و دروسـتبوونی "چینێکـی بـێ کەڵـك، و تـەواوی کێشـەکانی دیکـە" بدۆزرێتـەوە. بـەڵام

**ئەگەر جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بخەینە ناو چوارچێوەی هەر چوار شۆڕشە زانستییەکەی جیهان، دەبینین جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لە دەرەوەی ئەم چوار شۆڕشەن و هیچ کاریگەرییەکی لەسەریان دروست نەکردووە**



**لە سەرەتای حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو كە هاوكاتە لەگەڵ دەركەوتنی شەپۆلی سێیەمی دیموكراتی و دەستپێكی شۆڕشی سێیەمی زانستی، باهۆزی دیموكراتی لە جیهاندا بەرەو هەڵكشان چوو و، سەرەتای كۆتایی حوكمڕانیی كۆمۆنیستی دەركەوتن، بەڵام لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بە دوو شیوازی جیاواز هەڵكشانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی دەركەوت**

لەسەر ئەم وەڵامەی "فی فی لی"، بیرمەندانی بواری مێژوو و سیاسەت ڕەشبینن بەوەی لە ئێستادا "زانا و ئەندازیاران" بتوانن وەڵامی پرسیارە فیكرییەكانی ئەو فەیلەسووفانەی سەدەكانی پێشوو بدەنەوە، بۆیە زۆر زەحمەتە هاوكاری و هەمانگیی پێویست لە نێوان هەموو لایەنەكاندا بێتە ئاراوە.. هەر ئەم ڕەشبینییەش كۆی فیكری سیاسەتمەدار و دیپلۆماتكارانی بە شێوەیەك ئاڵۆز كردووە، كە نەتوانن چارەسەری گونجاو بۆ كێشەكان بدۆزنەوە، یان وەك پێویست مەزندەیان بۆ مەترسییەكانی ئایندە هەبێت.

### ● حوكمڕانیی سیۆكراسی لە سەدەی ٢١ بەهای نایێت

پرۆفیسۆر لاری دایمۆند بیرمەند و توێژەری ناسراوی جیهانی لە بواری دیموكراتی و چاودێریكردنی سیستمە دیموكراتییەكان، لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ و پرۆسەی ئازادكردنی عێراق، كرایە ڕاوێژكاری پۆل بریمەر بۆ چۆنیەتیی چەسپاندنی پرۆسەی دیموكراتی لە عێراقدا، لە ماوەی مانەوەی ئەو چەند مانگەی لە عێراق بوو، كۆڕێكیان لە زانكۆی "كووفە" بۆ گرێ دا، لەو كۆڕەدا دایمۆند گەیشتە ئەو قەناعەتەی لە عێراقدا لە بری دیموكراسی "شەڕی ناوخۆی مەزهەبی" دروست دەبێت، هەر بۆیە پۆستەكەی بەجێهێشت و گەڕایەوە بۆ ئەمریكا، هەر ئەم بیرمەندە لە توێژینەوەیەكیدا كە تایبەتە بە جیهانی عەرەبی و ئیسلامی، پرسیارێكی زۆر گرنگ دەورووژێنێت: "بۆچی شەپۆلی سێیەمی دیموكراتی و ڕووخانی دیواری بەرلین نەبوونە هۆكارێك بۆ ئەوەی باهۆزی دیموكراتی ڕوو لە جیهانی عەرەبی بە تایبەتی و جیهانی ئیسلامی (بێجگە لە یەك دوو دەوڵەت) بە گشتی بكات؟" وەڵامی دایمۆند بۆ ئەم پرسیارە ئەوەیە كە "دەوڵەتانی عەرەبی



و ئیسلامی ژێرخانێکی پتەوی حوکمڕانییان نەبووە و بەردەوام بۆ حوکمڕانی پشتیان بە لایەنی دەرەکی بەستووە و حکومەتەکانیش دیکتاتۆری و میلیتاری و پادشایەتیی ڕەها بوون.“

ئەم وەڵامەی دایمۆند دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی دوو دەیە پێش ئێستا و ئەو سەردەمەش وەڵامێکی پەسەند بووە، لە بەر ئەوەی وەك فۆکۆیاما باسی دەکات، مەترسییە جیهانییەکان هەتا ساڵی ٢٠١٩ هاریکاری و هەماهەنگی و دیالۆگی جیهانیی لێ دەکەوتەوە، هەر بۆ نموونە لە دوای کارەساتی ١١ی سێپتەمبەر، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە دژی تیرۆر دروست بوو، دوای تەنگژە ئابوورییەکەی ٢٠٠٨، گرووپی 20Gی لێکەوتەوە، لە دوای سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعشیش، هاوپەیمانیی نێودەوڵەتیی دژی داعش دروست بوو، بەڵام هەر لەگەڵ ڕاگەیاندنی ”شۆڕشی چوارەمی پیشەسازی“ لە ساڵی ٢٠١٦ لە مینبەری کۆڕبەندی داڤۆسەوە، یەکەمین دوو دیاردە دەرکەوتنی ”ترەمپ و دەرچوونی بەریتانیا بوو لە یەکێتیی ئەورووپا“ و لەگەڵ هاتنی پەتای کۆڤید ١٩ش ئیدی پەرتەوازەیی لەسەر ئاستی جیهان هاتە ئاراوە، ئەگەر ئەم دەرەنجامەی فۆکۆیاما گرێ بدەینەوە بە بۆچوونەکانی هەراری-یەوە، ئەوا دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە جیهان لە دوای ٢٠١٦وە دەستەوەستانە لەسەر دروستکرنی چیرۆکێك کە ببێتە ئەلتەرناتیڤ بۆ چیرۆکی لیبراڵی.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەگەر جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بخەینە ناو چوارچێوەی هەر چوار شۆڕشە زانستییەکەی جیهان، دەبینین جیهانی عەرەبی و ئیسلامی لە دەرەوەی ئەم چوار شۆڕشەن و هیچ کاریگەرییەکی لەسەریان دروست نەکردووە و، لێرەدا بە چەند خاڵ ئاماژەیان پێ دەکەین:

**لە ساڵی ١٩٧٩ و کۆماری ئیسلامیی ئێران دامەزرا، ئەم کۆمارەش هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە ئەوەی ڕاگەیاندووە ”لا شرقیة و لا غربیة“، بۆیە ئەمیش لە بری ئەوەی مودێلیکی تازەی حوکمڕانیی دەوڵەت بخاتەڕوو، چەمکی ”هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە“ی هێنایە ئاراوە**

١- شۆڕشی یەکەمی زانستیی کە هاوکاتە لەگەڵ ئەوپەڕی هێزی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا و محەمەدی فاتیح کەنیسەی "ئایا سۆفیا"ی داگیر کرد و کردی بە مزگەوت، لە ئەوروپای ڕۆژئاوا و لە بەر ڕۆشنایی ڕاستییەکانی ئەو شۆڕشە زانستییە تەفسیرێکی جیاواز بۆ گەردوون هاتە ئاراوە، کە جیاواز بوو لە تەفسیری کەنیسە بۆ گەردوون، بەمەش کەنیسە و دەوڵەت لێك جیاکرانەوە، بەڵام لە ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا ئەم گۆڕانکاریە ڕووی نەدا و نەیانتوانی خۆیان لەگەڵ ڕاستییە زانستییەکانی شۆڕشی یەکەمی زانستی بگونجێنن، بەمەش بەجێمان و سەرەنجامیش ڕووخان و خەلافەت لە بەریەك هەڵوەشایەوە.

٢- لە دوای شەڕی یەکەمی جیهان و دەستپێکی شۆڕشی دووەمی زانستی، وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بە سەر سێ بەرەدا دابەش بوون:

ا- وڵاتانی عەرەبی بە شێوەی ماندێت لەلایەن ئیمپریالیزمی ئەوروپا "بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتالیا..." حوکمڕانی دەکران و، هەر یەك لەو هێزە ئیمپریالیزمانە دەیانویست بە شێوازی خۆیان دەوڵەتەکە بونیاد بنێن، ئەو دەوڵەتەش لە داهاتوودا وەك پاشکۆی خۆیان بمێنێتەوە، بەمەش کەلتوورێکی حوکمڕانیی نامۆیان لەناو دەوڵەتێکی دروستکراودا بە سەردا سەپاندن، کە لەگەڵ گەوهەری دیموکراتی لە چوارچێوەی دەوڵەتی نیشتمانی یەك ناگرێتەوە.

ب- لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی، مستەفا کەمال "ئەتا تورك" توانی کۆماری تورکیا دابمەزرێنێت و، بۆ پاراستنی ئەم دەوڵەتەش بەو جۆرە لەگەڵ ڕۆژئاوا ڕێککەوت لەسەر شێوازی سکۆلاریزمی ڕۆژئاوا "سکۆلاریزمی کوێرانەی دەوڵەتی قووڵ" کۆماری تورکیا دابمەزرێنێتەوە و دەمامکێکی ڕۆژئاوای لەسەر سەری تورکیا دانا و، لە بری هەنگاوهەڵگرتن بۆ بونیادی دەوڵەتێکی نیشتمانیی مۆزاییك، بووە دەوڵەتێکی ڕەگەزپەرستی تورك و دەسەڵاتی میلیتاری، بەمەش تۆوی ماف و ئەرکی دیموکراتی لە تورکیا شین نەبوو، وەك ئێستاش دەبینین خەونی ئێستای کۆماری تورکیا دووبارە لەوەدا چڕبووەتەوە کە جارێکی دیکە سەرۆك کۆماری تورکیا ببێتەوە بە سوڵتان محەمەدی فاتیح و ئایا سۆفیا بکاتەوە بە مزگەوتێکی گەورە، هەروەك کردووشییەتی.

ج- هەرچی ئیسلامی شیعەیە و مەرجەعییەتیان شاری "نەجەف" و زۆرینەی هەر دوو دەوڵەتی "ئێران و عێراق " پێك دەهێنن، هەتا حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بڕوایان بەوە نەبوو کە تێکەڵاوی دەسەڵات بن، هەر بۆیە لە عێراق و ئێرانیش لە دەسەڵات دوور بوون، بۆیە هیچ مودێلێکی ئیسلامی سیاسیی شیعە بۆ حوکمڕانی بوونی نەبووە.

٣- لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو کە هاوکاتە لەگەڵ دەرکەوتنی شەپۆلی سێیەمی دیموکراتی و دەستپێکی شۆڕشی سێیەمی زانستی، باهۆزی دیموکراتی لە جیهاندا بەرەو هەڵکشان چوو و، سەرەتای کۆتایی حوکمڕانیی کۆمۆنیستی دەرکەوتن، بەڵام لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بە دوو شێوازی جیاواز هەڵکشانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی دەرکەوت، لەسەر ئاستی ئیسلامی سیاسیی سوننە، ئیخوان و سەلەفی بەرەو هەڵکشان چوون، سەرەنجامیش دوای داگیرکردنی ئەفغانستان لە لایەن سۆڤیەتەوە پشتگیرییەکی گەورەی نێودەوڵەتیشی بۆ دروست بوو، ئاکامەکەشی ئەوە بوو، ڕەوتەکە بووە هۆی دروستبوونی "ڕێکخراوی تیرۆریستیی قاعیدە، بزووتنەوەی تاڵیبان و ئێستا تیرۆریستانی داعش"، لەسەر ئاستی ئیسلامی سیاسیی شیعەش، چەمکی گرتنەدەستی دەسەڵات لە چوارچێوەی "ویلایەتی فەقیە" بەرەو هەڵکشان چوو، هەتا لە ساڵی ١٩٧٩ و کۆماری ئیسلامیی ئێران دامەزرا، ئەم کۆمارەش هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە ئەوەی ڕاگەیاندووە "لا شرقیة و لا غربیة"، بۆیە ئەمیش لە بری ئەوەی مودێلێکی تازەی حوکمڕانیی دەوڵەت بخاتەڕوو، چەمکی "هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە"ی هێنایە ئاراوە.

ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت، چۆن ئیسلامی سیاسیی سوننە کەوتە دەرەوەی هەر سێ شۆڕشە زانستییەکەی مرۆڤایەتی و هیچ سوودێکی لێ وەرنەگرت، بە هەمان شێوە لەگەڵ دەرکەوتنی ئیسلامی سیاسیی شیعەش کە هاوکات لەگەڵ سەرەتاکانی شۆڕشی زانستی

**ئێستاش کە شۆڕشی چوارەمی زانستی "پیشەسازی" دەستی پێکردووە و، ئامانجیەتی کە دەسەڵات لە ئیرادەی ئازادی مرۆڤەوە بگوازێتەوە بۆ دیکتاتۆریەتیی "زیرەکی دەستکرد و ئەلگۆریزم"، دیسان جیهانی عەرەبی و ئیسلامی "شیعە و سوننە"، پشتیان لە مەترسییەکانی جیهان کردووە و خۆیان خستووەتە پەراوێزەوە و بەرەو گۆشەگیری ئەبەدی هەنگاو هەڵدەگرن**

**ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ ئەوەمان پیشان دەدات کە خەریکە نێوماڵی کوردستان و عەرەبی سوننە خۆیان لە ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسی دادەماڵن، یان ئەگەر بوونیشیان هەبێت، هێندە لاواز بوون کە بە هیچ جۆرێك کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی نابێت و، وردە وردەش زیاتر دەکەونە پەراوێزەوە و بەرەو گۆشەگیریی زیاتر دەچن**

سەریهەڵدا، لەناو هەناوی ئەو شۆڕشە دروست نەبوو، بەڵکو ئەمیشیان لە دەرەوەی شۆڕشە زانستییەکان و لە میانەی تەفسیری شەرعی بۆ چەمکی حاکمییەت لەناو هەناوی ئیسلامی سیاسیی شیعە هاتە دەرەوە، ئەمەش بەو مانایەی چۆن ئیسلامی سیاسی سوننە مافی خۆیەتی خەلافەتی هەبێت و ئێستاش هەوڵ بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی خەلافەت دەدات، ئەوا ئیسلامی سیاسیی شیعەش ئەو مافەی هەیە کە حاکمییەتی "ویلایەتی فەقیە"ی هەبێت، ئەمەش وای کرد کە هەر دوو باڵی ئیسلامی سیاسی "شیعە و سوننە" هەر لە دەرەوەی شۆڕشە زانستییەکانی مرۆڤایەتی بمێننەوە، ئێستاش کە شۆڕشی چوارەمی زانستی "پیشەسازی" دەستی پێ کردووە و، ئامانجیەتی کە دەسەڵات لە ئیرادەی ئازادی مرۆڤەوە بگوازێتەوە بۆ دیکتاتۆریەتیی "زیرەکی دەستکرد و ئەلگۆریزم"، دیسان جیهانی عەرەبی و ئیسلامی "شیعە و سوننە"، پشتیان لە مەترسییەکانی جیهان کردووە و خۆیان خستووەتە پەراوێزەوە و بەرەو گۆشەگیریی ئەبەدی هەنگاو هەڵدەگرن.

## ● سێکراسیەتی ئیسلامی سیاسیی شیعە و ئایندەی حوکمڕانی لە عێراقدا

ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ ئەوەمان پیشان دەدات کە خەریکە نێوماڵی کوردستان و عەرەبی سوننە خۆیان لە ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامی سیاسی دادەماڵن، یان ئەگەر بوونیشیان هەبێت، هێندە لاواز بوون کە بە هیچ جۆرێك کاریگەرییان لەسەر بڕیاری سیاسی نابێت و، وردە وردەش زیاتر دەکەونە پەراوێزەوە و بەرەو گۆشەگیریی زیاتر دەچن.

هەر ئاکامی ئەو هەڵبژاردنانە لەسەر نێوماڵی شیعەش ئەوەمان پێ دەڵێت، کە ئیسلامی سیاسیی شیعەش "تەیار و ئیتار" لە داشکانێکی گەورەدان و ئەگەر وەك خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن، کە ژمارەی دانیشتووانی عێراق نزیکەی ٤٠ ملیۆنە و ئەم ٤٠ ملیۆنەش دابەش بکەین بە سەر ٣٢٩ کورسیی پەرلەماندا، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت، هەر کورسییەکی پەرلەمان نوێنەرایەتیی نزیکەی ١٢٢ هەزار کەس دەکات، ئەوا ئەگەر ژمارەی کورسییەکانی کورد و عەرەبی سوننە لە کۆی کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەران دەربکەین کە دەکاتە نزیکەی ١٤٠ کورسی " ٦٣ کورد، ٦٧ عەزم و تەقدوم، ٨-١٠ ئەلعەزم" مانای ئەوەیە نزیکەی ١٩٠ کورسی لە پەرلەماندا پشکی شیعەیە "تەیار ٧٣، ئیتار ٨٨، ئەوی دیکەی سەربەخۆکان"، ئەوجا ئەگەر ئەم ١٩٠ کورسییە لەگەڵ ژمارەی دانیشتووان بەراورد بکەین، ئەوە پێمان دەڵێت، ژمارەی دانیشتووانی شیعە لەو ٤٠ ملیۆنە مەزندەکراوەی دانیشتووانی عێراق نزیکەی ٢٣-٢٤ ملیۆن کەس، لەم ژمارەیەش ئەگەر تەنیا ٤٥٪ مافی دەنگدانیان هەبێت، ئەوا دەبێت نزیکەی ١١ملیۆن هاووڵاتی شیعە مافی دەنگدانی هەبێت، ئەوجا وەك هەر دوو بەرەی "ئیتار و تەیار" خۆیان بانگەشە بۆ دەنگەکانی خۆیان دەکەن، بە هەردوو لایان زۆر کەمتر لە سێ ملیۆن دەنگیان هێناوە، ئەم ئامارەش ئەوەمان پێ دەڵێت، کە کەمتر لە ٢٥٪ دەنگی بە هەر دوو بەرەکەی ئیسلامی سیاسیی شیعە داوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە دەرەوەی هەر دوو بەرەکە بە هاوشێوەی کورد و عەرەبی سوننە نییە کە لە چوارچێوەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی نوێنەرایەتیی کۆمەڵگەی شیعەی عێراق بکات، بۆیە ئێستاش وەك دەبینین کۆمباسی ئاراستەکردنی پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق هەر لە دەستی ئیسلامی سیاسیی شیعەدایە و، لەگەڵ ئەوەی زۆر باس لە جیاوازییەکانی هەر دوو بەرەی "ئیتار و تەیار" دەکرێت، بەڵام وەك تێڕوانین بۆ دەوڵەت و حوکمڕانی هەردوولایان یەك ئاراستەیان هەیە، کە ئەویش ئاراستەی سێوکراسیەتی ئیسلامی سیاسیی شیعەیە لە عێراقدا، لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەفغانستانی تەسلیمی ئاراستەی سێوکراسیەتی تاڵیبان کردووە، بۆیە ئاساییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە سێوکراسیەتی ئیسلامی سیاسیی شیعەش ڕازی بێت، بەڵام لە بەر ئەوەی سەردەمی سێوکراسیەت لە سەدەی بیست و یەکەمدا جێگەی نابێتەوە، ئەوا جارێکی دیکە هیچ کامیان "عێراق و ئەفغانستان" لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بیر لە دەستێوەردانیان ناکرێتەوە، بەڵام لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا دەکەونە پەراوێزەوە.

**لەگەڵ ئەوەی زۆر باس لە جیاوازییەکانی هەر دوو بەرەی "ئیتار و تەیار" دەکرێت، بەڵام وەک تێڕوانین بۆ دەوڵەت و حوکمڕانی هەردوولایان یەک ئاراستەیان هەیە، کە ئەویش ئاراستەی سێوکراسیەتی ئیسلامی سیاسیی شیعەیە لە عێراقدا**

**لە ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەفغانستانی تەسلیمی ئاراستەی سێوکراسیەتی تاڵیبان کردووە، بۆیە ئاساییە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە سێوکراسیەتی ئیسلامی سیاسیی شیعەش ڕازی بێت**

**لە بەر ئەوەی سەردەمی سێوکراسیەت لە سەدەی بیست و یەکەمدا جێگەی نابێتەوە، ئەوا جارێکی دیکە هیچ کامیان "عێراق و ئەفغانستان" لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بیر لە دەستێوەردانیان ناکرێتەوە، بەڵام لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشدا دەکەونە پەراوێزەوە**



# مەسەلەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە بەر ڕۆشنایی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا





**د.نەژدەت ئاکرەیی**

پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

چەمکەکانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ زۆر فراوانن، بۆ شرۆڤەکردنیان پێویستە توێژینەوە و دیراساتی زۆریان بۆ ئەنجام بدرێت، چونکە کۆن و دێرینن، هەر چۆنێك بێت، ئەو دوو چەمکە (دیموکراسی و مافی مرۆڤ) پێکەوە گرێدراون، واتا هیچ یەکێکیان بێ ئەوی دیکە سەرناگرێت و نایەتە دی، هەر دوو چەمکیش پێگەی خۆیان لە سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە، بەو مانایەی کە ئاسایشی نەتەوەیی گەڕانە بە دوای قەوارەیەکی ستراتیژیدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە زیندووەکان، پاراستنی دیموکراسی بەرژەوەندییەکی زیندووە، بە هەمان شێوە پاراستنی مافی مرۆڤیش هەر بەرژەوەندییەکی زیندووە.

لە سەرەتاوە ئەگەر باسی حیساباتی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ دیموکراسی بکەین، خوێندنەوەمان بۆ ئەم بابەتە لەسەر ئەو بنەمایەیە کە دەسەڵاتی سیاسی بریتییە لە پسپۆڕیی دەستنیشانکراو کە دادوەرەکان ئەنجامی دەدەن، ئەوانەی کە هەڵبژێردراون، ناتوانن دوور لە مەسەلەی میراتگری دەسەڵاتی لە دەستدا بێت، دەسەڵاتەکانیش بە پێی پرەنسیپی یاسایی و دەستووری ڕێکخراوە، لە سەر ئەم بنەمایە ئەمە لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و بەشداریکردنی زۆرینەی سیاسی و ڕێکخستنی دامەزراوەییە، هەروەها سەروەریی یاسا و ئازادی و عەقڵانییەتی سیاسی، ئەمە وا دەکات کە ژیانێکی دیموکراسی بێتە کایەوە لەسەر بنەمای فرە سیاسی و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات.

**ئاسایشی نەتەوەیی گەڕانە بە دوای قەوارەیەکی ستراتیژیدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندییە زیندووەکان، پاراستنی دیموکراسی بەرژەوەندییەکی زیندووە، بە هەمان شێوە پاراستنی مافی مرۆڤیش هەر بەرژەوەندییەکی زیندووە**

لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین کە ئاسایشی نەتەوەیی میتۆدێکی گرنگە بۆ ژیان و پیادەکردنی دەستوور و یاسا و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و دابینکردنی ئازادی و مافە گشتییەکان، بۆیە پەراوێزخستنی هێزە سیاسییەکان و نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی دیموکراسی بە مانای ڕۆشنبیریی بەشداریکردن، نەك ڕۆشنبیریی ملکەچکردن، بۆ ئەوانەی دەسەڵات دەگرنە دەست لەبەر ئەوە دیموکراسی پەراوێز دەخرێت. بە واتایەکی دیکە تێگەیشتنی دیموکراسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لە دوورکەوتنەوە لە دیدی تەسکی ئەمنیدا دەبینێتەوە، هەروەها جەختکردن لەسەر ئاسایشی هاووڵاتی نەك ئاسایشی سیستەم، بۆیە دەبێ دەستەبەری دەستووری و یاسایی بۆ هاووڵاتی هەبێت، هەروەها یاسا ئیستسنائییەکان و میکانیزمەکانی ئاسایشی دەوڵەت، لە هەمان کاتدا پێویستە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕێکخراو و بەرپرس هەبێت، دەسەڵاتیش خۆی لە دیدی ئەم ئۆپۆزسیۆنە ببینێتەوە، ئۆپۆزسیۆنیش دەبێ پرۆژەیەکی سیاسی هەبێت و، توانای نوێنەرایەتیکردن و ئەزموونێکی سیاسیی هەبێت، بۆیە دیموکراسی یەکێکە لە بنەما بنچینەییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ناوخۆدا،

**ئاسایشی نەتەوەیی میتۆدێکی گرنگە بۆ ژیان و پیادەکردنی دەستوور و یاسا و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و دابینکردنی ئازادی و مافە گشتییەکان**

لەبەر ئەوە هیچ پێشکەوتنێك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی نایەتەدی بەبێ ڕەخساندنی زەمینەی دیموکراسی، ئەوەی پەیوەستە بە ئاسایشی نەتەوەیی لە ڕوانگەی دیموکراسییەوە، ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتی سیاسییە لەسەر بنەمای هەڵبژاردن، کە زۆر گرنگە لە چوارچێوەی سیستمی سیاسی و، بوونی سیستەمی حزبە سیاسییەکان چ دووقۆڵی، یان فرە سیاسی بن، بەتایبەتی ئەوەی دوایی کە کاریگەریی هەیە لەسەر ئاسایش لە ڕوانگەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتەوە، هەروەها حزبەکان بە یەکدی و پەیوەندیی ئەوان بە هاووڵاتیان.

**تێگەیشتنی دیموکراسی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی خۆی لە دوورکەوتنەوە لە دیدی تەسکی ئەمنیدا دەبینێتەوە**

لە هەمان کاتدا بەشداریی سیاسی زۆر گرنگە لە دابینکردنی بنچینەیەکی بنەڕەتی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی، بەشداریی سیاسیی خۆی لە چالاکییە سیساییەکان و هەڵبژاردن و دیدە مەدەنییەکانی مومارەسەی سیاسیدا دەبینێتەوە، ئەگەر ئەمانە نەبن، تووشی کێشەیەك دەبین کە لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا پێی دەڵێن «کێشەی ناسەقامگیریی سیاسی»، ئەمەش ڕەنگە لە کۆمەڵگەدا ئاسەواری توندوتیژی و تێکدانی ڕەوتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی بە دوادا بێت، جگە لەمانەش سیستمەکانی حوکمڕانیی سیاسی و جۆری دەوڵەتەکان کاریگەرییان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی هەیە.

**پێویستە ئۆپۆزسیۆنێکی ڕێکخراو و بەرپرس هەبێت، دەسەڵاتیش خۆی لە دیدی ئەم ئۆپۆزسیۆنە ببینێتەوە، ئۆپۆزسیۆنیش دەبێ پرۆژەیەکی سیاسی هەبێت و، توانای نوێنەرایەتیکردن و ئەزموونێکی سیاسیی هەبێت**

ئەگەر لە ڕوانگەی مافەکانی مرۆڤەوە باسی ئاسایشی نەتەوەیی بکەین، دەتوانین بڵێین مافەکانی مرۆڤ هەمەجۆرن (مەدەنی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی) ئەمەش لە ڕوانگەیەکی نێودەوڵەتییەوە زۆر پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە و، لە زۆر ڕێککەوتننامە و جاڕی گەردوونیی ساڵی ١٩٤٨ و، هەروەها ڕێککەوتننامەکانی ساڵی ١٩٦٦ دەربارەی مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی پێ کراوە.

لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان ئەم سیاسەتانە و مەسەلەی چۆنێتی خوێندنەوە بۆ مافەکانی مرۆڤ هەیە، هەندێ کار ئەنجام دەدرێت کە کاریگەریی بۆسەر مافەکانی مرۆڤ دەبێت، وەك کاری سەروەریی دەوڵەتان، دەسەڵاتی تەقدیریی حوکمڕانی، دیسپلینی کارگێڕی و کارەکانیان،

ڕاگەیاندنی باری نائاسایی کە دەوڵەتەکان بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆ و دەرەوە ڕایدەگەیەنن، لە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا زۆر جار کار دەکرێتە سەر مافەکانی مرۆڤ، وەك مافە مەدەنی و سیاسییەکان و ژیانی ئازادی و ئەشکەنجەدان و مامەڵەی نامرۆڤایەتی و مافی یەکسانی بەرانبەر بە دادگا، مافی ئایینی و بیروڕا و هەڵبژاردن و گردبوونەوەی ئاشتییانە و ڕەگەزنامە و پەناهەندەیی. هەروەها سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کاریگەرییان دەبێت لەسەر مافەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری، وەك مافی مرۆڤ لە کار و دابینی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی سەندیکاکان و پێکهێنانی خێزان و پاراستنی ئافرەت و منداڵ و تەندروستی و ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و ئازادیی توێژینەوە، لەوانەیە هەندێ شتی دیکەش هەبێت کە سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کاربکاتە سەر مافەکانی مرۆڤ لە مامەڵەکردن لەگەڵیدا لە کاتی لێکۆڵینەوە و ژیانی تایبەتی و چاودێریی تەلەفۆن و.. تاد.

ئەوەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی زیاتر کاریگەریی هەیە بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ، بریتییە لە دادگای تایبەت بە ئاسایشی دەوڵەت، ئەم دادگایانە وا دەکەن کە پرەنسیپەکانی دادگای گشتی بەکارناهێنن، زۆر جاریش دەبینین مافی بەرگریکردن و تێهەڵچوونەوە لە حوکمەکاندا نییە.

لە خوێندنەوەی هەندێ سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەییدا زۆر بابەت کاریگەریی هەبووە، وەك: بزرکردنی زۆرەملێی، واتا ئەو کەسانەی دەگیرێن، یان دەستبەسەر دەکرێن و بە بارمتە دەگیرێن و لە ئازادییان دوور دەخرێنەوە، کە هەندێ دەزگا پەنای بۆ دەبەن، لە هەندێ حاڵەتی دیکەشدا کە چارەنووسی ئەو کەسانە دیار نییە، دیارە ئەم کارانەش بە پاساوی پاراستنی ئاسایش پەنایان بۆ دەبرێن.

هەروەها کردەوەکانی پەیوەست بە لەسێدارەدانی دوور لە یاسا و بێ دادگاییکردن و لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، مەسەلەی ئەشکەنجەدان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە و سیستمێکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی بووەتەوە، گەیشتووەتە ئاستی ئەوەی کە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان هاتووەتە کایەوە.

لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین کە هاودژییەك لە نێوان سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و مافەکانی مرۆڤدا هەیە، هەوڵیش دراوە هاوسەنگییەك پەیدا بێت بۆ چارەسەرکردنی ئەم هاودژییە، لەسەر ئەو بنەمایەی کە ڕاستە دەوڵەت مافی پاراستنی ئاسایشی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم مافە سنووردارە بە دەستوور و یاساکانی تایبەت بە ڕێکخستنی دەزگا ئەمنییەکان، بۆیە لەسەر ئەم بنەمایە دەبێت ئەم هاوسەنگییە بێتە ئاراوە. بە پێچەوانەوە دەزگاکانی ئاسایشی نەتەوەیی تووشی بەرپرسیارێتیی کارگێری و تاوانی مەدەنی دەبن، ئەم خاڵانەش لە زۆر لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا هەن و کاریان بۆ کراوە.


لە دەرئەنجامدا دەڵێین پەیوەندییەکی دیالیکتیکی لە نێوان مافەکانی مرۆڤ و دیموکراسی و ئاسایشی نەتەوەییدا هەیە، بۆیە خوێندنەوەی سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ ئەم مەسەلانە، لەسەر بوونی هاوسەنگییەك لە نێوان ئەم سیاسەتانە و مافەکانی دەوڵەت و هاووڵاتیان بەندە، بە ئامانجی دابینکردنی بنەمایەکی دیموکراسی بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ کۆمەڵگە.




**دیموکراسی یەکێکە لە بنەما بنچینەییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ناوخۆدا، لەبەر ئەوە هیچ پێشکەوتنێك بۆ ئاسایشی نەتەوەیی نایەتەدی بەبێ ڕەخساندنی زەمینەی دیموکراسی**

**ئەشکەنجەدان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە و سیستمێکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ڕووبەڕووی بووەتەوە، گەیشتووەتە ئاستی ئەوەی کە ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەشکەنجەدان هاتووەتە کایەوە**

دیمانەی تایبەت



**جیراڵد فێریشتەین**

**باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا بۆ یەمەن، بۆ گوڵان:**

# کوشتنی ئەل قورەیشی بڕیارێکی لۆژیکی بوو، بەڵام بە مانای کۆتایی هاتنی داعش نایەت

**جیراڵد فێریشتەین جێگری سەرۆك ئەنستیتوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، کە بارەگاکەی لە (واشنتۆن دی سی)یە و توێژەرێکی باڵای بواری دیپلۆماسییەتی ئەمریکایە لەم ئەنستیتوتە، پێشتریش چەندین پۆستی دیپلۆماتیی جۆراوجۆری هەبووە و، لە شاندە دیپلۆماتییەکانی ئەمریکادا بووە بۆ پاکستان و سعودیە و، لە ساڵی ٢٠١٠ لە لایەن ئیدارەی سەرۆك باراك ئۆباما کرایە باڵیۆزی ئەمریکا لە یەمەن و تا ساڵی ٢٠١٣ لەو پۆستەدا مایەوە، لە ساڵی ٢٠١٣ تا ساڵی ٢٠١٦ جێگری یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بووە بۆ کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك. گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا، کە تەوەرە سەرەکییەکانی پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیە و، پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران و بەرەنگاربوونەوەی هەڕەشەکانی تیرۆریزم و چەند پرسێکی دیکە.**

*** وەك دەزانین ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست چەندین قەیران و کێشە و تەنگژەوە گرفتارە، شەڕی ناوخۆیی و ناسەقامگیریی سیاسی و سستیی گەشەی ئابووری، لە نێو هەموو ئەم دۆخە دژوارەدا چ پەرەسەندن و پێشهاتێك زیاتر ئێوی نیگەران کردووە؟**

- لە ڕاستیدا چەندین کێشەیە و قەیران هەن کە ئێمە دەتوانین ئاماژەیان پێ بکەین، کە لە ڕوانگەی ئەمریکاوە پێویستییان بە ئاوڕدانەوە و کارکردنێکی بە پەلە هەیە بۆ چارەسەرکردنیان، بە دڵنیاییەوە یەکێك لەو کێشانە بریتییە لە پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران و نیگەرانییەکانی دیکە لە بارەی ڕۆڵ و ڕەفتاری وڵاتی ئێران لە تەواوی ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە وڵاتانی عێراق و سووریا و یەمەن و لوبنان، کە پێم وایە ئەمە مەسەلەیەکە کە جێی بایەخ و نیگەرانیی ئەمریکایە. هەروەها شەڕی یەمەن، کە تەنیا دۆخ و کارەساتێکی مرۆیی نییە، بەڵکو ئەو دۆخەی لەو وڵاتەدا هەیە، ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێت کە ببێتە هۆی بەرفراوانبوونی شەڕ و ناکۆکییەکەش، بە چەشنێك ببێتە مایەی ناسەقامگیریی زیاتر لە نێو وڵاتانی کەنداودا، هەروەها ناکرێت ئاماژە بە دەرئەنجام و ئاکامەکانی پاشەکشە و کشانەوە لە ئەفغانستان نەکەین، کە بە دڵنیاییەوە بووە هۆی لاوازکردنی متمانە بە ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا و، بە توانای ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی پابەندبوونە ئەمنییەکانی لە ئاست هاوبەش و هاوپەیمانەکانی. کەواتە پێم وایە ئەمانە ئەو پرسە و کێشە بنەڕەتییانەن کە لە ئێستادا ئێمە لێیان دەڕوانین.

*** ئێوە ئاماژەتان بە پرسی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران کرد، کە ئاشکرایە ئیدارەی ئێستای ئەمریکا هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونیەوە گفتوگانی دەست پێ کردەوە و، ڕایگەیاند کە دەیەوێت ئەم پرسە یەکلا بکاتەوە، ئایا پێت وایە لە ئەنجامی ئەم گفتوگۆیانەوە ئەگەری ئەوە لە ئارادایە کە ڕێککەوتنێکی باشتر و درێژخایەنتر لەگەڵ ئێراندا بهێنرێتە ئاراوە؟**

- پێ دەچێت لەم ساتەوەختە دیاریکراوەدا تێڕوانینێك هاتبێتەئاراوە، کە دەرئەنجامێکی ئەرێنی لە گفتوگۆکانی ڤیەننا بکەوێتەوە، واتە جۆرێك لە ڕێککەوتن دروست ببێت لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئێراندا، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ پابەندبوون بە بڕگە و بەندەکانی ڕێککەوتنەکەی پێشوو، بەڵام ئەو ئومێدەی سەرەتا لای ئەم ئیدارەیە دروست بوو، کە جەختکردنەوە لەسەر گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی پێشوو بکرێتە دەروازەیەك بۆ باسکردن لە پرسەکانی دیکە، وەك پرۆگرامە

**ناکرێت ئاماژە بە دەرئەنجام و ئاکامەکانی پاشەکشە و کشانەوە لە ئەفغانستان نەکەین، کە بە دڵنیاییەوە بووە هۆی لاوازکردنی متمانە بە ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا**

**بڕیاری دەرهێنانی حوسییەکان لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هەڵە بوو، کە بۆ بەدیهێنانی دەرئەنجامێکی ئەرێنی هیچ ئەگەرێکی لەخۆ نەگرتبوو**

**تەنیا لە ڕێی کوشتنی سەرکردەکانیانەوە ناتوانیت هەڕەشەی تیرۆر لە ناو ببەیت، بەڵکو دەبێت ڕێگەچارە و هەوڵێکی گشتگیرتر هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە پاڵنەر تا کەسانێک ڕوو بکەنە گرووپە تیرۆریستییەکان**

مووشەکییەکەی ئێران و دەستێوەردانی لە کاروبارە ناوخۆییەکانی وڵاتانی ناوچەکەدا، پێناچێت ئەگەری بەدیهاتنی لە ئارادا بێت، بەڵکو ڕەنگە ڕێککەوتنێك بکرێت کە مەودا و بوارەکەی بەرتەسکتر بێت، وەك لابردن و هەڵگرتنی هەندێ لە سزاکان لە بەرامبەر پابەندبوونی ئێران بە جێبەجێکردنی مەرج و بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە.

*** ئێوە پێشتر باڵیۆزی ئەمریکا بوون لە وڵاتی یەمەن و ئێستاش لە نزیکەوە چاودێریی بارودۆخەکە دەکەن و، ئاماژەشتان پێ کرد لە وەڵامی پرسیاری یەکەمدا، کە ئاشکرایە ئێستا کارەساتێکی گەورەی مرۆیی لەو وڵاتەدا دروست بووە، ئێوە ئاسۆ و ئایندەی بارودۆخی ئەم وڵاتە چۆن دەبینن و، ئایا چۆن لەو بڕیارەی ئیدارەی بایدن دەڕوانن کە بزوتنەوەی حوسییەکانی لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەرهێنا؟**

- بە تێڕوانینی من بڕیاری دەرهێنانی حوسییەکان لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان هەڵە بوو، کە بۆ بەدیهێنانی دەرئەنجامێکی ئەرێنی هیچ ئەگەرێکی لەخۆ نەگرتبوو، بەڵام کاتێك بایدن دەسەڵاتی گرتەدەست، پێداگریی لەسەر گرتنەبەری ڕێگەچارەی دیپلۆماسی و گفتوگۆکردن کرد، بۆ کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکە و، پێیان وابوو هەنگاوی لۆژیك ئەوەیە حوسییەکان لەم لیستە دەربهێنن و ئەم کارەشیان کرد، بەو ئومێدی ببێتە هۆی هاندانی حوسییەکان بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، کە ئاشکرایە ئەم دەرئەنجامە بەدی نەهات و بگرە ئاکامی پێچەوانەشی لێ کەوتەوەوە و، حوسییەکان دوژمنکارانەتر ڕەفتار دەکەن لە ناو یەمەن و لە دەوڵەتانی دیکەی دراوسێش، بە تایبەت سعودیە و ئیمارات، ئەمەش پێویستی ئەوەی هێناوەتە ئاراوە کە ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن بەم بڕیارەی پێشوویدا بچێتەوە و درك بەوە بکات کە هێشتا حوسییەکان بەو دەرئەنجامە نەگەیشتوون کە دەبێت پەنا بۆ گفتوگۆ ببەن، چونکە هێشتا زۆرێك لە سەرکردەکانی حوسییەکان پێیان وایە دەتوانن سەرکەوتنی سەربازی لە یەمەندا بەدەست بهێنن.

*** هەڵسەنگاندنتان بۆ سیاسەت و ستراتیژیەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ بەگژداچوونەوە و بەرەنگاربوونەوەی تێرۆریزم و ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان چییە، بە تایبەتی کە تا ئێستا ئەمریکا سەرکەوتوو بووە لە تێکشکاندنی سەربازییانەی ئەم ڕێکخراوانە و کوشتنی سەرکردەکانیان، هەروەك ئەوەی لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا بینیمان لە کوشتنی ئەبو ئیبراهیم ئەل هاشمی ئەل قوڕەیشی؟**

- ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی قسە بکەین، ئەوا تێگەیشتنێك هەیە کە ڕاستە کوشتنی سەرکردەکان و کەمکردنەوەی توانای ئەم ڕێکخراوانە بۆ گرتنەبەری ستراتیژی و پلانەکانیان، بۆ هێرشکردنە سەر خەڵك لە تەواوی جیهاندا کارێکی پێویست و بەپەلەیە و، لە ناوبردنی هاشمی ئەل قورەیشیش نموونەیەکە لەم ڕووەوە، بەڵام ئەگەر لە ستراتیژیەت و سیاسەتی ٢٠ساڵی ڕابردووی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم بڕوانین، ئەوا دەکرێت بگەینە ئەو دەرئەنجامەی کە تەنیا لە ڕێی کوشتنی سەرکردەکانیانەوە ناتوانیت هەڕەشەی تیرۆر لە ناو ببەیت، بەڵکو دەبێت ڕێگەچارە و هەوڵێکی گشتگیرتر هەبێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو هۆکارانەی کە دەبنە پاڵنەر تا کەسانێك ڕوو بکەنە گرووپە تیرۆریستییەکان، واتە دەبێت لە سیاسەتی بەرپەرچدانەوەی تیرۆریزم ئەمە پرسە سەرەکییەکە بێت. دووبارەی دەکەمەوە، کوشتنی ئەل قورەیشی هەنگاوێکی لۆژیکی بوو، بەڵام کەس باوەڕ بەوە ناکات کە ئەمە کۆتایی داعش بێت، چونکە ئەم ڕێکخراوە سەرکردەیەکی دیکە هەڵدەبژێرێت، دواتر ئێستا لە واشنتۆن نیگەرانییەکی بەهێز هەیە لە ئاست جموجووڵەکانی داعش نەك هەر تەنیا لە عێراق و سووریا، بەڵکو لە ناوچە سنوورییەکانی پاکستان و ئەفغانستانیشدا لەلایەن ئەوەی پێی دەگوترێت داعش خوراسان، هەروەها لە ئەفریقاش چالاکن، بە هەمان شێوە چالاکییان لە یەمەنیش هەیە- هەرچەندە ئەوەی لە یەمەندا هەیە، زیاتر چالاکیی ئەل قاعیدەیە-، مەبەستم ئەوەیە ئەم گرووپانە لە ئارادا ماون و کوشتنی سەرکردەکانیان نابێتە هۆی لەناوچوون و نەمانیان.

دیمانەی تایبەت



**ستوارت کۆفمان**

پڕۆفیسۆری زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی دیلانوێر بۆ گوڵان:

# هێرشکردنە سەر ئۆکرانیا هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵام ڕەنگە پوتین ئەم کارە ئەنجام بدات

**ستوارت کۆفمان پرۆفیسۆری زانستی سیاسی و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی دیلاوێر، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك سیاسەتی دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل، ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و مێژووی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پێشتریش لە ستافی ئاسایشی نێودەوڵەتیی ئەمریکا بەڕێوەبەری کاروباری ڕووسیا و ئۆکرانیا بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە پەرەسەندن و پێشهاتەکانی قەیرانی ئۆکرانیا و تاوتوێکردنی ئەگەرەکان لە بارەی ئەوەی ئایا ئاراستەی بارودۆخ و تەنگژەکە بە چ ئاقارێکدا دەڕوات.**

*** چۆن لە بارودۆخی ئێستای ئۆکرانیا دەڕوانیت، بە تایبەتی کە باس لە ئەگەری هەڵکشانی زیاتری بارگرژییەکان و تەنانەت داگیرکاری و هێرشی سەربازیش دەکرێت؟**

- بە تێڕوانینی من دۆخەکە لە مەودای نزیکدا بەرەو بارگرژیی زیاتر و هەڵکشانی زیاتر دەچێت، بە دڵنیاییەوە هێشتا هەڕەشەکانی ڕووسیا کۆتاییان نەهاتووە، هەروەها هێشتا ئەوەی ڕووسیا پێی دەڵێت: «مانۆڕە سەربازییەکان»ی کۆتایی نەهاتووە. کەواتە من پێشبینی ئەوە دەکەم کە لە ڕۆژانی داهاتوودا بارگرژییەکان زیاتر ببن و ڕووسیا هێزی سەربازی زیاتر کۆبکاتەوە و، بەردەوام دەبێت لە هەڕەشەکردن لە ئۆکرانیا و ناچارکردنی ئۆکرانیا، یان ئەمریکا بە سازشکردنی دیپلۆماسی و سیاسی. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە من باوەڕم وا نییە ئەو سازشانە بۆ ڕووسیا بکرێت، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی وایە داخوازییەکانی ڕووسیا نالۆژیکین و زیادەڕەوییان تێدایە و جێبەجێکردنیان کارێکی مەحاڵە. هەروەها بە دڵنیاییەوە ئەمریکا پاشگەز نابێتەوە لە پابەندبوونەکانی بەرامبەر ئەندامانی ناتۆ لە پەیوەندی بە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە. ئەمە کارێکی تەواو مەحاڵە.

*** باشە پێت وایە ئاراستە و ئاقاری دۆخەکە زیاتر بەرەو چ ئەگەرێك دەڕوات؟ ئایا پێشبینی دەکەیت کە لە کۆتاییدا لایەنەکان پەنا ببەنە بەر گفتوگۆ و گرتنەبەری ڕێگاچارەی دیپلۆماسی بۆ خاوکردنەوەی گرژییەکان، یان ئەوەتا دۆخەکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت و ئەگەری پەلاماردان و هێرشی سەربازی نزیکە؟**

- لە ڕاستیدا ڕەنکە ڕێگاچارەیەك هەبێت بۆ دەربازبوون لەم دۆخە بەوەی ڕێککەوتن بکرێت کە ڕێگە بە ئۆکرانیا نەدرێت ببێتە ئەندامی ناتۆ، بەڵام زۆر زەحمەتە وێنای ئەوە بکەین کە ڕێککەوتنێکی لەم چەشنە بەدی بێت و بێتەئاراوە. لە بەر ئەوە من پێم وایە دوو ئەگەر لە ئارادایە، یان ئەوەتا سەرۆکی ڕووسیا ڤلادیمیر پوتین پاساوێك دادەتاشێ و وای پیشان دەدات کە سازشی بەدەست هێناوە و، لەسەر ئەم بنەمایەش سەرکەوتن ڕادەگەیەنێت و کۆتایی بە قەیران و تەنگژەکە دەهێنێت، هەر چەندە ئەمە بەمانای شکستی ڕووسیا دێت، بەڵام من پێم وایە ئەمە هەنگاوێکی ژیرانە دەبێت ئەگەر پوتین جێبەجێی بکات، پێگەی خۆی باشتر دەکات، هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەم لە سەر ئاستی ناوخۆش. ئەگەرەکەی دیکە ئەوەیە کە بڕیار بدات کردەوەیەکی سەربازی ئەنجام بدات و هەڕەشەکانی جێبەجێ بکات، کە ئێمە دەزانین چەندین بژارەی سەربازییش لەبەردەم ڕووسیادا هەیە لە پەیوەندی بە قەیرانی ئۆکرانیاوە، چونکە حاڵی حازر هێزەکانی ڕووسیا لە هەر چوار لاوە دەوری ئۆکرانیایان داوە، هەر یەکێك لەو هێزانەش دەتوانێت جووڵە بەرەو شارێکی سەرەکیی ئۆکرانیا بکات، دەتوانێت لە لای بیلاڕووسیاوە هێزەکانی چڕ بکاتەوە و هێرش بکاتەسەر پایتەختی ئۆکرانیا (کییف). هەروەها بۆی هەیە هێرشی ئەلیکترۆنییش بگرێتەبەر، لە هەمان کاتدا ئەگەری ئەوە هەیە هێرشی مووشەکیش ئەنجام بدات. مەبەستم ئەوەیە مەحاڵە بتوانرێت بزانرێت کە ڤلادمیر پوتین چ هەنگاوێك دەگرێتەبەر و چ کارێك ئەنجام دەدات. لەبەر ئەوەی ئێمە دەزانین حوکمڕانییەکی تاکڕەوانە لە ڕووسیادا

**ئەمریکا پاشگەز نابێتەوە لە پابەندبوونەکانی بەرامبەر ئەندامانی ناتۆ لە پەیوەندی بە بەشی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە**

جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، واتە تاکە کەسێك بڕیارەکان دەدات، بۆیە مەحاڵە بتوانین پێشبینی بکەین کە چی ڕوودەدات. لە نێو هەموو ئەم پەرەسەندنانەدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێك بکەم، ئەویش ئەوەیە کە زیادەڕۆی کراوە لە مەزەندەکردنی توانا ستراتیژییەکانی ڤلادمیر پوتیندا، واتە وا مەزەندە دەکرێت کە پوتین پلاندارێژەرێکی زۆر مەزنە، بەڵام ئەگەر ئێمە ئاوڕ لە ساڵانی ڕابردوو بدەینەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین بڕیارەکەی بۆ داگیرکردنی بەشێك لە ئۆکرانیا لە هەموو ڕوویەکەوە کاریگەریی خراپی هەبوو لە سەر پێگەی ڕووسیا لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، لە هەمووشی گرنگتر بووە هۆی یەکخستنی زۆرینەی ئۆکرانییەکان لە دژی ڕووسیا، واتە ئامانجێکی ناسیۆنالیستی یەکگرتوویی لە نێو ئۆکرانییەکاندا لە دژی ڕووسیا دروست کرد، کە پێشتر بوونی نەبوو. کە واتە ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤دا ڕووی دا، بریتی بوو لە هەڵەیەکی گەورە لەلایەن پوتین و ڕووسیاوە. لەم ڕوانگەیەوە دەتوانم بڵێم کە هێرشێکی دیکە کاریگەریی خراپی دەبێت لە سەر ڕووسیا، بەڵام ڕەنگە لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ئەنجامی بدات.

*** بەڵام خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنت چییە بۆ سیاسەت و ئەدای ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن لە ئاست ئەم قەیرانەدا؟ ئایا پێت وایە سیاسەتێکی واقیعبینانەی پیادە کردووە لەم ڕووەوە، یان دەبوو شێوازێکی جیاوازتری بگرتایەتەبەر لەگەڵ ڕووسیادا؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی تا ئێستا بەدی کراوە، ئەوەیە کە ئەم ئیدارەیەك سیاسەتێکی بەرپرسیارانە و تا ڕاددەیەك بەهێزی گرتووەتەبەر، ئەوەش ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ملکەچی هەڕەشەکان نابێت، کە ئەمەش کارێکی ژیرانە و باشە، لە هەمان کاتدا ئەمریکا هیچ ڕێکارێك ناگرێتەبەر بۆ ئەوەی دۆخەکە بەرەو هەڵکشان ببات، کەواتە لەم دوو ڕووەوە سیاسەتێکی تەواو گونجاو و لەباری گرتووەتەبەر. ئێستاش گفتوگۆیەك دەکرێت لە نێو ئەمریکا لە بارەی پێویستی هێنانەئارای گۆڕانکارییەکی کەم لە سیاسەتی ئەم وڵاتەدا، هەندێك پێیان وایە دەبوو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سیاسەتێکی توندتری پیادە بکردایە و پێویست بوو چەکی زیاتری بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر بکردایە، یان تەنانەت هەڕەشەی ئەوەی بکردایە کە هێزەکانی ئەمریکا دەستێوەردان لە بارودۆخەکە دەکەن، بەڵام پێم وایە ئەمانە کارێکی نابەرپرسیارانەن، چونکە بە دڵنیاییەوە هەر هەڕەشەیەکی ئەمریکا لە بارەی دەستێوەردانی سەربازییەوە -هەروەك سەرۆك جۆ بایدنیش ئاماژەی پێ کرد- ڕەنگە سەربکێشێت بۆ جەنگی سێیەمی جیهانی و ئەمەش لە بەرژەوەندیی کەس نابێت، لەبەر ئەوە پێم وایە کارێکی باشە کە ئیدارەی ئەمریکا ئەوەی بە ڕوونی ڕاگەیاندووە کە نایەوێت دەستێوەردانێکی سەربازیی ڕاستەوخۆ بکات لە بارودۆخەکەدا. لە بنەڕەتدا دابینکردنی چەك بۆ ئۆکرانیا بیرۆکەیەکی باشە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە کاتێکی زۆری دەوێت بۆ ئەوەی سوپای ئۆکرانیا فێری بەکارهێنانی ئەم چەکانە ببن و بەو پێیە لەم قەیرانەدا هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕن. کەواتە بە تێڕوانینی من ڕەخنەگران هەڵەن لەو ڕووەوە کە پێشنیاری ئەوە دەکەن دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەڵوێستێکی توندتری بگرتایەتەبەر، چونکە هەڵگیرسانی شەڕ لە ئۆکرانیا لە بەرژەوەندیی ئەمریکا نابێت و بێگومان بەرژەوەندیی ئەمریکاش لەوەدا نابێت کە هەڕەشەیەك بکات کە پێشوەختە دەزانێت، جێبەجێی ناکات. ئەگەرێکی دیکە-هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد، ئەوەیە کە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی دیپلۆماسی بدرێت، کە تەوەری ئەم ڕێگاچارەیەش ئەوە بێت ئۆکرانیا نەبێتە ئەندامی ناتۆ، کە ڕوونە ئۆکرانیا لە ئایندەیەکی نزیکدا- لە چەند ساڵی داهاتوودا- نابێتە ئەندامی ناتۆ، کەواتە دەکرێت ڕێککەوتن بکرێت لە بارەی ئەوەی ئۆکرانیا بۆ ماوەیەکی دیاریکراو نەبێتە ئەندامی ناتۆ، بۆ نموونە بۆ دە ساڵی دیکە، کە ڕەنگە ئەمە سازشێکی ڕەمزی بێت کە سەرۆك ڤلادمیر پوتین پێویستی پێیە بۆ ئەوەی کۆتایی بە قەیرانەکە بهێنێت و، ڕازی بێت بۆ ئەوەی لە ئایندەدا گفتوگۆی زیاتر ئەنجام بدرێت. بە بۆچوونی من ئەمە باشترین ڕێگای بەرەوپێشچوونە و ئەگەری ئەوەش هەیە ئیدارەی سەرۆك بایدن کارێك لەم چەشنە بکات و پێی ڕازی بێت، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بکەین و ببینین.

**حوکمڕانییەکی تاکڕەوانە لە ڕووسیادا جڵەوی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە، واتە تاکە کەسێک بڕیارەکان دەدات، بۆیە مەحاڵە بتوانین پێشبینی بکەین کە چی ڕوودەدات**

**ئەمریکا ملکەچی هەڕەشەکان نابێت، کە ئەمەش کارێکی ژیرانە و باشە، لە هەمان کاتدا هیچ ڕێکارێک ناگرێتەبەر بۆ ئەوەی دۆخەکە بەرەو هەڵکشان ببات**

**هەر هەڕەشەیەکی ئەمریکا لە بارەی دەستێوەردانی سەربازییەوە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ جەنگی سێیەمی جیهانی و ئەمەش لە بەرژەوەندیی کەس نابێت**



**فەهمی محەمەد عەلی**
مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین بۆ گولان:

# فرەچەشنکردنی بەرهەمهێنان کارێکی دروست و سەرکەوتووە، بەڵام پێویستی بە سەربەخۆیی ئابووری و سەرمایەی مەعریفی هەیە

**گرفتی هەیکەلی ئابووری و لاوازیی ژێرخانی ئابووری و گرنگینەدان بە سەرمایەی مەعریفی، هۆکاری سەرەکیی پاشکەوتەیی ئابووریی هەرێمی کوردستانە بە ناوەندێکی لاوازی حکومەتی ناوەندییەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند بابەتێکی پەیوەندیدار، دیدارێکمان لەگەڵ فەهمی محەمەد عەلی مامۆستا لە کۆلێژی کارگێڕی و ئابووریی زانکۆی سەلاحەدین ساز دا و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** ئابووریی کوردستان گیرۆدەی کۆمەڵێك گرفتی هەیکەلی ئابووری و خراپیی ژێرخان بووە، نەبوونی سیستەمێکی ئابووری و دیدگایەك ئەوەندەی دیکەی گرفتەکەی ئاڵۆز کردووە، دەکرێت سەرەتا ڕاوبۆچوونتان لەسەر واقیعی ئابووریی هەرێمی کوردستان بزانین؟**

- بەڵێ، منیش لەگەڵ ئێوەدا هاوڕام و ئەمە ڕاستییەکی ڕوونە کە کۆمەڵێك گرفتی ئابووریی جددی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، تێکچوونی هەیکەلییەتی ئابووری و لاوازی و داڕووخانی ژێرخانی ئابووریی هەرێمی کوردستان گەورەترینی ئەو گرفتانەیە، ئەم دوو لایەنە پەیوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوە هەیە و، بگرە تەواکەری یەکترن بۆ پێشکەوتنی ئابووری. کاتێ هەیکەلی ئابووریی هەرێم لەسەر بنەما زانستییەکەی تەندروست نەبێت و ژێرخانێکی ئابووریی باشمان نەبێت، پاڵپشتییەکی بەهێزمان بۆ گەشەی ئابووری لەدەست داوە، تەنانەت ئەو بڕە پارەیەی بۆ بونیاتنانی ژێرخانی ئابووریی کوردستان خەرج کراوە، زۆر زیاترە لەو پێشکەوتنەی بەدەستمان هێناوە، ئەم کێشەیە لەساڵی ٢٠١٩ ڕووبەڕووی وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیا بووەوە کاتێك پەرەپێدانی ئابوورییەکەی ١,٥٪ بوو، کەچی پێویستی بە خەرجییەکی زۆر زیاتر بوو بۆ بونیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی وڵاتەکە.

کێشەی ئابوویری هەرێمی کوردستان زۆر لەوە گەورەترە کە تەنیا ژێرخانی ئابووری گرفتی هەبێت، بەڵکو نە ژێرخانی ئابووریمان هەیە بەو ستاندار و ئاست و پێوەرانەی کە لەم سەردەمەدا پێویستە، نە پێشکەوتنی ئابووریی ڕاستەقینەمان هەیە. ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ڕوو دەدات، تەنیا ناردنە دەرەوەی هەندێك دەرامەتەکانە بە شێوەی خام، وەك نەوت و گازی سرووشتی و هەندێك بازرگانیی هاوردەکردن و پێشکەوتنی کەرتی بیناسازی، ئەمانەش هەمووی لەسەر بنەمای تێکدان و لەناوبردنی ژێرخانی ئابووریی وڵاتە، کە بنیادنانەوەی چەندین ساڵ و چەندین ملیار دۆلاری پێویستە کە لە دەستهاتی فرۆشتنەکان زیاترە، ئەمەش سەرەڕای لاوازبوونی زۆرێك لە کەرتە گرنگەکانی دیکەی ئابوورییە، تا ئاستی لەناوچوون، وەك کەرتی پیشەسازی و کەرتی کشتوکاڵ و کەرتە خزمەتگوزارییەکانی ئابووری (خوێندن و تەندروستی) کە لەم سەردەمەدا بڕبڕەی پشتی ئابوورییە، بە شێوەیەکی گشتی ئەمانەش کۆمەڵێك هۆکاریان هەیە، کە هەندێکی ناوخۆییە و هەندێکیشی هەرێمی و دەرەکییە.

*** ئاماژەت بە هۆکارەکانی بوونی ئەم گرفتانە کرد، پێت وانییە ئابووریی هەرێمی کوردستان گیرۆدەی ئابوورییەکی پاشکەوتەی عێراقە و، ئایا پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی فیدراڵی و دەوڵەتی مەرکەزی دەبێت لەسەر چ بنەمایەك بێت؟**

- ئەو گرفتانەی لە هەرێمی کوردستانن، شۆڕبوونەوەی ئەو گرفتانەیە کە لە عێراقی فیدراڵ بە فراوانتر هەیە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان دەیتوانی ئەو دەرفەتانەی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی

**کاتێ هەیکەلی ئابووریی هەرێم لەسەر بنەما زانستییەکەی تەندروست نەبێت و ژێرخانێکی ئابووریی باشمان نەبێت، پاڵپشتییەکی بەهێزمان بۆ گەشەی ئابووری لەدەست داوە**

**ئەو بڕە پارەیەی بۆ بونیاتنانی ژێرخانی ئابووریی کوردستان خەرج کراوە، زۆر زیاترە لەو پێشکەوتنەی بەدەستمان هێناوە**

**ئەو گرفتانەی لە هەرێمی کوردستانن، شۆڕبوونەوەی ئەو گرفتانەیە کە لە عێراقی فیدراڵ بە فراوانتر هەیە**

**ڕێککەوتنە سیاسییەکان کورتخایەنن و بەردەوام ناجێگیر و لە گۆڕاندان، بە پێچەوانەی پرانسیپە ئابوورییەکان کە پێویستی بە ئارامیی ئابووری و ماوەی درێژخایەن هەیە**

**سیاسەت و گۆڕانکارییە سیاسییەکان و بڕیارە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان زۆر بەهێزترن و ئابووری کردووەتە پاشکۆ و، بەشوێن خۆیدا ڕای دەکێشێت**

**کوردستان پێویستییەکی زۆری بە ئیرادەی چاکسازی هەیە، نەک بڕیار، پێویستی بەوەیە ئەو ئیرادەیە لە دەستی شارەزا و پسپۆڕە نیشتمانپەروەرەکاندا بێت، نەک کەسانی سیاسیی ناو حزبەکان**

بەعسەوە هاتنە پێش، بە نەفەسێکی نیشتمانی بیانقۆزێتەوە بۆ بنیادنانی ژێرخانی ئابووریی هەرێم و دروستکردنی هەیکەلییەتێکی ئابووریی بەهێز، هەموو کەرتە ئابوورییەکان بگرێتەوە و هەموو دەرامەت و هۆکارەکانی بەرهەمهێنان سوودیان لێ وەربگیرێت، ئەمەش بەوە دەکرا کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا لەسەر بنەمای دەستووری و ڕێککەوتنی ستراتیژیی درێژخایەن بێت، نەك لەسەر ڕێککەوتنی سیاسی و حزبایەتی، چونکە ڕێککەوتنە سیاسییەکان کورتخایەنن و بەردەوام ناجێگیر و لە گۆڕاندان، بە پێچەوانەی پرانسیپە ئابوورییەکان کە پێویستی بە ئارامیی ئابووری و ماوەی درێژخایەن هەیە. بەداخەوە هەرێم تووشی ئەو هەڵەیە بوو، هەروەکو چۆن لە لایەنی وەبەرهێنانیشەوە لە کەرتی نەوتدا هەڵەیەکی دیکەی کرد، بەوەی لە ڕوانگەی ئابوورییەوە لێکدانەوەی بۆ نەکرد و زیاتر کارێکی سیاسی بوو.

*** حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك چاکسازیی ڕاگەیاند، ئایا تاچەند بوونی ئەم ڕیفۆرمی ئابوورییە پێویستە و گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی چییە؟**

- وەك ئەوەی دەگوترێت سیاسەت و ئابووری دوو ڕووی دراوێکن، من بڕوام وایە کە هەرکام لە سیاسەت، یان ئابووری بەهێزتر بوو، دراوەکە بەو ڕووەدا دەکەوێت و ڕووەکەی دیکە دەشارێتەوە، لە هەرێمی کوردستان کاری حزبەکان و سیاسەت زۆر بەهێزترە و، ڕووە ئابوورییەکەی خستووەتە ژێرەوە، واتە سیاسەت و گۆڕانکارییە سیاسییەکان و بڕیارە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان زۆر بەهێزترن و ئابووری کردووەتە پاشکۆ و، بەشوێن خۆیدا ڕای دەکێشێت و پێشکەوتنی ئابووری و کار و چالاکییە ئابوورییەکان دەبنە قوربانیی ئامانجە سیاسییەکان. ئەمە ڕووە زۆرخراپەکەیە کە دراوەکەی کوردستان لە سەری کەوتووە، بۆیە بەڵێ کوردستان پێویستییەکی زۆری بە ئیرادەی چاکسازی هەیە، نەك بڕیار، پێویستی بەوەیە ئەو ئیرادەیە لە دەستی شارەزا و پسپۆڕە نیشتمانپەروەرەکاندا بێت، نەك کەسانی سیاسیی ناو حزبەکان. لەم سەردەمەدا نەك ڕاوەستان لە گەشە و پێشکەوتنی ئابووری، بەڵکو لاوازییش لە گەشەی ئابووری هەرخۆی بە مانای دواکەوتنی دێت، چونکە بەراورد بە وڵاتانی جیهان کە گەشەیان خێرایە، ئێمە هەر دوادەکەوین، دواخستنی چاکسازی بۆ چاککردنەوەی ئابووریی شێواو و بنیادنانەوەی ژێرخانی ئابووریی داڕماومان، دیسان دواخستنی هەرێمەکەمانە.

*** زۆر باسی فرەچەشنکردنی ئابووری و پێشخستنی کەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری کرا، بەڵام لە جێگای خۆماندا گۆڕانکارییەك، یان قەفزەیەکی نەوعی ڕووی نەدا، هۆکارەکەی بۆ چی دەگەڕێنیتەوە؟**

- فرەچەشنکردنی بەرهەمهێنان لە دەرامەتە ئابوورییەکاندا کارێکی دروست و سەرکەوتووە، ئەمە بۆ هەموو کەرتەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشتوگوزار و نەوت ڕاستە، بەڵێ، دەبێت ئابووری هەمو قۆناغەکانی وەبەرهێنان بە شێوەیەکی تەواو لە ناوخۆی هەرێم و سنووری وڵات تەواو بکات، بە مانای دۆزینەوە و دەرهێنانی دەرامەتەکان، کانزاکان و وەبەرهێنان تێیاندا و، هەمەچەشنەکردنی ئەم بەرهەمانە و پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ناوخۆ، پاشان هەناردەکردنی بۆ دەرەوە، بە جۆرێك کە ببێتە سەرچاوەی دراوە قورسەکان لە ناوخۆ، نەك بە پێچەوانەوە هەناردەکردن تەنیا نەوتی خام و دەرامەتەکان بێت بە شێوەی سەرەتایی، دواتر قۆناغەکانی وەبەرهێنان لە دەرەوەی وڵات تەواو بکرێن و ببنە بەرهەمی هەمەچەشنە و، دواتر بە شێوەی هاوردە بێنەوە وڵات و ببنە هۆی چوونە دەرەوەی دراوە قورسە ناوخۆییەکەشمان، ئەمە زۆر خراپە و پێچەوانەکەی ڕاستە. لە ڕاستیدا ئەم گۆڕانکارییانە پێویستی بە سەربەخۆیی ئابووری و سیاسی و دارایی هەیە، کە پلانێکی هەمەجۆری کورت و درێژخایەنی دەوێت پێکەوە بە یەك ئاراستە، ئەمە بۆ هەرێمی کوردستان ئاستەنگی هەیە، لە ڕووی ئەوەی هەرێمی کوردستان نەیاری ناوخۆیی و هەرێمیی زۆرە و لە هەمانکاتدا بەتوانان، بەڵام هەموو هۆکارەکە ئەوە نییە کە ئەم پێشکەوتنە جۆرییە ڕووی نەداوە، بەڵکو دەکرا بە ئیرادەیەکی نشتمانی و بە پلان و بەرنامەی زانستی ئەمە ڕووی بدایە، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ لاوازیی دەسەڵاتی




سیاسی و پەرتەوازەیی حزبەکان دەگەڕێتەوە، کە سیاسەتیان کردووە و ئابووریی وڵاتیان بۆ ئامانجە سیاسییەکان بەکارهێناوە، نەك بە پێچەوانە.

*** دوا پرسیارمان تایبەتە بە گەنجان کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە هەندەران دەکەن و هەلی کاری گونجاو و شیاویان دەست ناکەوێت، نە لە کەرتی گشتی و نە لە کەرتی تایبەت، وەك ئابووریناس و کەسێکی ئەکادیمی پێویستە چی بکرێت لەم بارەیەوە؟**

- لە ڕاستیدا لەم کاتەدا ئابووریی جیهان بە سەردەمی ئابووریی مەعریفە لەگەڵ تەکنەلۆژیا تێپەڕ دەبێت، تەکنەلۆژیاکەش هەر بەرهەمی مەعریفەکەیە، تەنیا سەرچاوەی مەعریفەش مرۆڤ و مێشکی مرۆڤە، ئەوە ڕوونە، بۆیە ئێستا کاریگەرترین دەرامەت، دەرامەتی مرۆییە بۆ پێشکەوتنی ئابووری، بەڵام ئەم دەرامەتە پێویستی بەوەیە کە وەبەرهێنانی تێدا بکرێت و گرنگییەکەی بزانرێت، بەهێزترین نەخۆشی کە بەکاردێت بۆ لەناوبردنی ئەم دەرامەتە، نەخۆشیی بێکارییە، کە بەداخەوە بەهۆی لاوازیی کەرتەکانی ئابووری و کەوتنە شوێنی قازانجی خێرا و کەموکورتی کەرتی تایبەت، ئەم نەخوشییە دەرامەتی مرۆیی کوردستان لەناو دەبات، کە گەنجەکانمان کۆچ دەکەن، یان ناتوانرێت وەبەرهێنانیان تێدا بکرێت. گەورەترین گرفتی کورد بە گشتی نەخوێندەوارییە، ئەویش بەو مانایە نا کە بڕوانامە واتای خوێندەواری، بەڵکو بەو مانایەی کە توانا و لێهاتوویی و شارەزایی بەرهەمی ئەو بڕوانامانە بێت، ئەمەش لاوازیی شادەماری پێشکەوتن و سەرکەوتنمانە، ئاوڕدانەوە لە دەرامەتی مرۆیی و وەبەرهێنان تێیدا بە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتووی ئەم سەردەمە، کە بە پێشخستنی قوتابخانەکان دەست پێ دەکات و بە زانکۆکان کۆتایی دێت، تاکە کلیلی پێشکەوتنە.

**گەورەترین گرفتی کورد بە گشتی نەخوێندەوارییە، ئەویش بەو مانایە نا کە بڕوانامە واتای خوێندەواری، بەڵکو بەو مانایەی کە توانا و لێهاتوویی و شارەزایی بەرهەمی ئەو بڕوانامانە بێت**

# ڕۆڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری و دەستەی گەشتوگوزار لە پاراستنی ژینگەدا

ژینگـە چەمکێکـی گشـتگیر و فراوانـە، بـە جۆرێك هەمـوو بوارەکانی ژیـان دەگرێتـەوە، بۆیـە لێـرەدا تەنیـا تیشـك دەخەینـە سـەر ڕۆڵـی دوو دامـەزراوەی وەك وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و دەسـتەی گەشـتوگوزار:

یەکـەم: وەزارەتـی ڕۆشـنبیری لـە ڕێگـەی ئـەم چالاکییانـەی لای خـوارەوە و هاوشـێوەکانی، دەتوانێت ڕۆڵـی بەرچاوی لە پاراستنی ژینگەدا هەبێـت:

١- کردنـەوەی پێشـانگەی تابلـۆ و وێنـەی ژینگـەیـی.

٢- سازکردنی پێشبڕکێی ژینگەیی.

٣- ئامادەکردنی سروود و گۆرانی بۆ ژینگە.

٤- پرۆژی شانۆ و درامای ژینگەیی.

٥- کردنـەوەی پێشـانگەی کاریکاتێریـی ژینگە یـی.

٦- نەخشاندنی دیواربەندی ژینگەیی.

٧- پێکهێنانی کتێبخانەی ژینگەیی قوتابخانەیەك.

٨- چاپکردنی فۆڵدەری ژینگەیی.

٩- هەبوونی گۆشـەیەکی هەمیشـەیی ژینگەیی لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکاندا.

١٠- هەبوونـی بەرنامـەی ژینگەیـی لـە ڕادیـۆ و تەلەفزیۆنـدا.

١١- دەرچوواندنی وەرزە گۆڤارێکی ژینگەیی.

١٢- ڕێکخستنی کۆڕ و سیمیناری ژینگەیی.

١٣- زیادکردنـی سـوودوەرگرتن لـە بۆنەکانـی تایبـەت بـە ژینگـە و لاوان.


١٤- بنیاتنانـی پـردی پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان، بە تایبـەت یۆنسـکۆ.

دووەم: دەسـتەی گەشـتوگوزار بـە مەبەسـتی هاوسـەنگ ڕاگرتنـی پەیوەندیـی نێوان گەشـتیارییەکی قازانـج کـردوو، ژینگەیەکـی زیـان لـێ نەکەوتـوو دەتوانێـت ئـەم هەنگاوانـە و هاوشـێوەکانی بنێـت:

١- هەمـوارکردنـەوەی یاسـای گەشـتوگوزار بـە مەبەسـتی گەشـەپێدانی زیاتـر.

٢- پەرەپێدانی چەمکی گەشتیاریی ژینگەیی، چونکـە زۆربـەی زۆری گەشـتیارانی هاتـوو بـۆ کوردسـتان گەشـتیاری ژینگەییـن و، بـۆ بینینـی سرووشـت و ژینگـەی خۆڕسـك دێـن.

٣- تەرخانکردنی بڕێك لـە داهاتی گەشـتوگوزار بـۆ شـیاندنەوەی ژینگـە، چونکـە بەشـێك لـە گەشـتیاران بەهـۆی کەمیـی هۆشـیاریی ژینگەیی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

و کارانەکردنی سزای دارایی بۆ سەرپێچییەکانی، زیانی زۆر بە ژینگە دەگەیەنن.

٤- بە مەبەستی کەمکردنەوەی فشار لە سەر ژینگە و، دۆزینەوەی فاکتەرێکی هاوپشت بۆ گەشتیاریی ژینگەیی:

أ - هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف بۆ گەشەپێدان بە گەشتیاریی ئایینی.

ب - هەماهەنگیی لەگەڵ فەرمانگەی شوێنەوار بۆ ئەوەی کۆی سەدان شوێنەواری کوردستان ببنە فاکتەرێکی هاوپشت بۆ گەشتیاریی ژینگەیی.

ج- کاراترکردنی ڕۆڵی مۆزەخانەکانی هەرێم لە ڕاکێشانی گەشتیاراندا.

٥- بەهێزترکردن و کاراترکردنی ڕۆڵی پۆلیسی دارستان و ژینگە.

٦- دابەشکردنی ڕێبەری گەشتیار و، پێکهێنانی یەکەی پۆلیسی ژینگەیی، یان گەشتیاری بۆ ڕێگری لە زیانگەیاندن بە پێکهێنەرەکانی ژینگە.

٧- کارکردن بە مەرجەکانی پاراستن و چاککردنی ژینگە لای دەستەی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەکانی گەشتوگوزار.

٨- هەبوونی دەروازەی ڕێکخستنی هاتنە ژوور و جووڵەی گەشتیاران بۆ نێو پارێزراوە سرووشتییەکان.

٩- دیارکردنی ئەو پەڕی توانای لەخۆگرتنی شوێنە گەشتیارییەکان لە ڕووی شوێنەوە.

١٠- ئاوێتەکردن لە نێوان دانیشتووانە خۆماڵییەکان و گەشتیارەکاندا لە ڕووی پاراستنی کولتووری ژینگەپارێزییەوە.

١١- کارکردن بە ڕێنماییە نێودەوڵەتییەکان لە بواری گەشتوگوزار و ژینگەدا.

١٢- یادکردنەوەی هاوبەشی بۆنە جیهانییەکانی وەک ساڵڕۆژی جیهانیی ژینگە و، ساڵڕۆژی جیهانیی گەشتوگوزار.

١٣- هەماهەنگیی نێوان هەر دوو دەستە بۆ بەشداریکردنی بۆردی ڕێکخراوە ژینگەییەکان.

أ - لە هەڵمەتی ڕاگەیاندن و هۆشیارکردنەوەدا.

ب - لە وێنەگرتنی ئیجابیی و تۆمارکردنی هەڵوێستە جوانەکانی هاووڵاتیان لە ژینگەپارێزیدا.

ج - ڕێگری و لادانی ئاسەواری ئەو دیمەنانەی پیسبوون بۆ هەستی بینین دروست دەکەن.

د - هاندان بۆ بەکارهێنانی کیسەی کاغەز و پەرداخی کارتۆنی و سفرەی توانادار، بۆ شیبوونەوە لە دوای بەکارهێنان.

# ١٨ی شوبات
# پێشوازی گەرم لە ڕۆژی لاوان و قوتابیانی کوردستان دەکرێت



نێچیرڤان کەلاری:

**یەکێتیی قوتابیانی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە و لە سەردەمە جیاوازەکاندا ڕۆڵی کاریگەر و دیاری لە کاری ڕێکخراوەییدا بینیوە**

نێچیرڤان کەلاری، سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «یەکێتیی قوتابیانی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە و لە سەردەمە جیاوازەکاندا ڕۆڵی کاریگەر و دیاری لە کاری ڕێکخراوەییدا بینیوە، لە شۆڕش، لە قوربانیدان، لە پرسە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، لە خەباتی سیاسی و مەدەنی و پیشەیی، لە ئەرکی پیشەیی و نوێنەرایەتیکردن و خزمەتکردنی قوتابیان، پاڵپشتیکردنی زانست و پەرەپێدان بە سیستەمی پەروەردە و خوێندن، لە پێگەیاندنی سەرکردە و کادیر، لە بواری هزری و ڕۆشنبیریی تاك، لە خزمەتکردنی بواری ڕۆژنامەگەری کوردی و بوارەکانی هونەری و وەرزشی، هەمیشە پێشەنگ بووە و، لە ئاست وەسفی جەنابی بارزانیی نەمر بووە، کە دەفەرموێت: «قوتابیان سەری رمن لە گشت شۆڕش و ڕاپەڕینێکدا».

هاوکات دەڵێت: «یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە درێژایی مێژوو لە پێشەنگی کاری ڕێکخراوەییدا بووە، ئەمەش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، کە ئەوانیش بریتین لە سەرچاوەگرتنی پەیام و هەڵوێست و هەنگاوەکانی لە کرۆکیی بیروباوەڕی پتەوی ڕێبازی پیرۆزی بارزانی و خەبات و تێکۆشانی سەرکردە و کادیرانی لە ڕابردوودا. لە ئێستاشدا و لە دوای کۆنفرانسی شەشەمی (ی.ق.ك) لە ١٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٧، کە بە دروشمی (نوێبوونەوە و بەردەوامی)، بەڕێوەچوو و تیایدا پەیڕەو و پرۆگرام هەموار کرایەوە، بە شێوەیەك (ی.ق.ك) هاوتەریب لەگەڵ بەرەوپێشچوونەکانی سەردەم و شێوازی نوێی کاری ڕێکخراوەیی هەنگاو بنێت، لە چوارچێوەی کارنامەیەکی (٢٦) خاڵیدا، کە لە سەر بنەمای پێداویستییەکانی قۆناغەکە و پێویستی و داخوازیی قوتابیان دارێژراوە، هەوڵ دراوە دونیابینییەکان بکرێن بە کردار و خەونەکان بگۆڕدرێن بۆ واقیع».

سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە کۆتایی وتەکانیدا وەك پەیامی پیرۆزبایی گوتی: «لەم یادەدا، وێڕای پیرۆزبایی لە سەرجەم قوتابیان و لاوانی کوردستان، هیوادارم لاوان و قوتابیانی کوردستان بەردەوام تێبکۆشن و هەوڵ بدەن لە پێناو خۆپێگەیاندن بە زانست و زانیاری و ئەو کارامەییانەی پێویستن بۆ ئامادەیی و بەشداریی کارایان لە هەموو کایەکانی ناو کۆمەڵگە، لەپێناو دابینکردنی ژیانێکی خۆشگوزەران بۆ خۆیان و کۆمەڵگەیەکی تەندروستتر و کوردستانێکی بەهێزتر بۆ هەمووان».

زەهرا چەتۆ، ئەندامی سەرکردایەتیی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان و بەرپرسی ناوەندی باڵای سۆران، یادی ٦٩هەمینساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان و یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان پیرۆز دەکات و دەڵێت: «گەرمترین پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی لاوان و قوتابیانی خۆشەویستی کوردستان دەکەم و هیوای سەرکەوتن و بەردەوامییان بۆ دەخوازم.» گوتیشی: «قوتابیان و لاوانی کوردستان هەر لە ساتی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەیانەوە لە قۆناغی شۆڕشی ئەیلوول هەتا شۆڕشی گوڵان و ڕاپەڕین و قۆناغی دوای ڕاپەڕین، بەشێکی دیار و کاریگەری خەباتی گەلەکەمان بوون و، هەردوو ڕێکخراو قوتابخانەی پێگەیاندنی ڕۆڵەی هۆشیار و بوێر و سەرکردەی بەتوانا بوون و، شوێنی وزە و هەناسەی نوێبوونە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان بوون و لە ڕێگەی تێکۆشانیاندا شەهید و قوربانییان داوە».

بەرپرسی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان لە ناوەندی باڵای سۆران جەخت لەوە دەکاتەوە کە «لە سەردەمی ئێستادا ئەو چاوەڕوانییە لە قوتابیان و لاوانی ئازیز هەیە کە هاوتەریب لەگەڵ پابەندبوونیان بە بەها بەرزەکانی

**لە کۆنگرەی سێیەمی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣ لە کەرکووک بەسترا، وەك زەروورەتێکی شۆڕش و خەباتی مەدەنی، هەر دوو ڕێکخراوی یەکێتیی قوتابیان و یەکێتیی لاوانی کوردستان، لەسەر دەستی باوکی ڕۆحیی نەتەوەیی کورد بارزانی نەمر دامەزران، کە ئەو کات و تا ئێستاش لە ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان و لە ناو قوتابیان و لاوان جۆش و خرۆشێکی بێ وێنە و حەماسەتێکی نەتەوایەتی بەرزی هەیە، ئەو کات پێویست بوو ڕێکخراوێك دابمەزرێت بۆ ئەوەی قوتابیان و لاوان لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخراوەدا هێز و توانای خۆیان دەربخەن. لە ساڵی ١٩٩٩، پەرلەمانی کوردستان ڕۆژی ١٨ی شوباتی بە ڕۆژی لاوان و قوتابیانی کوردستان دەستنیشان کردووە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ڕوانگەی خۆیان لەسەر ئەو ڕۆژە پیرۆزە دەخەنەڕوو.**


**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ڕێبازی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری، لە ڕێی زانست و داهێنان کار بۆ پێگەیاندنی گەنج و لاوی هۆشیار و بڕوابەخۆبوو بکەن. قوتابیان و لاوان قوتابخانەیەکی ڕەسەن و پڕ لە شانازین. بە سەدان لاو و قوتابی بۆ خزمەتکردنی گەل ونیشتمان پێ گەیاندووە، هەر بۆیەش دەبێت ئێمەش نموونەی قوتابی و لاوی ئەو کوردستانە بین بۆ خزمەتکردنی نیشتمانەکەمان».

شڤان حاجی کەمال، کارگێڕی لقی گەرمیان (ی.ق.ك) وتەکانی بە «سڵاوی زانست و خەبات» دەست پێ دەکات و دەڵێت: «لەم یادە پیرۆزەدا پیرۆزبایی لە سەرجەم قوتابیانی کوردستان دەکەم بە بۆنەی ١٨ی شوبات، یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە سەرەتای دامەزراندنی لە ١٩٥٨/٢/١٨ تاوەکو ئێستا تێدەکۆشێت لەپێناو پاراستنی مافی قوتابیان و دەستەبەرکردنی خواستەکانیان و بەرزکردنەوی ئاستیان و پەرەپێدانی ڕەوتی زانست، هەروەها پشتگیریی دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان دەکات لە پێناو بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین و چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراسیەت و ئاشتی و مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیان و بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتنخوازی مەدەنی».

شڤان حاجی کەمال ڕای وایە: «ئینتیما پرۆسەیەکی ئاڵۆز و درێژخایەنە، زۆر هۆکار و فاکتەر ڕۆڵ لە دروستکردن و ئاراستەکردن و نەشونماکردنی دەبینن، گرنگترینیان بریتییە لە خێزان، قوتابخانە و دامەزراوەکانی خوێندن، دامەزراوە سیاسی و ئیداری و ئاینییەکان و ڕاگەیاندن، ئینتیما بەرامبەر نیشتمان و کۆمەڵگە، یەکێکە لەو پێوەرانەی کە ئاستی بەرپرسیارێتی تاکەکانی کۆمەڵگە دیاری دەکات، ئەم بەرپرسیارێتییەش دەبێتە دەرخەری ئینتیما بۆ کۆمەڵگە و نیشتمان و پرسەکانی».

گوتیشی: «گەنجان وەك کۆڵەگەی نیشتمان و بزوێنەرەکانی ڕابوون و هێڵی یەکەم و دواهێڵی بەرگری لە وڵات، پرۆسەی دروستبوونی ئینتیمای خۆڕسك و دروستکردنی ئینتیما تێیاندا، کارێکی هەرەگرنگی خێزان و دامەزراوەکانە کە دەبێت بەپێی بەرنامەی هەمەلایەن و فرە ئاست، کاری لەسەر بکەن. « جەحتی لەوەش کردەوە کە «ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لاوەکانی خاوەنی پرسن و ئینتیمایان بەرزە بۆ وڵات و نیشتمان، بواری بەدەستهێنانی مافەکانیان و گەیشتن بە ئاواتەکانیان زۆرترە و دەتوانن دوارۆژێکی باشتر بەدی بێنن.» گوتیشی: «زۆرجار کۆمەڵگەیەکی بە ئامانجکراو لەلایەن دوژمنانەوە، بە جۆرەها ڕێگە و بەرنامەی ئاراستەکراو و داڕێژدراو، هەوڵی دروستکردن و بڵاوکردنەوەی بێ متمانەیی دەدەن و کار لەسەر لاوازکردنی هەستی بەرپرسیارێتی و ئینتیما و خۆشەویستیی گەنجان دەکەن بەرامبەر نیشتمان و کۆمەڵگەکەیان، بۆ ئەم مەبەستەش بە شێوەیەکی سیستماتیك و نەخشەکێشراو، کار لەسەر بێ هیواکردن و بڕوانەمان بە دوارۆژ و چارەنووسیان دەکرێت. ئەگەر کوردستان بکەینە نموونە، دەبینین ئەم بەرنامەیە زۆر بە چڕی پیادە دەکرێت و کاری لە سەر دەکرێت. بەداخەوە لەم بوارەدا، لایەنی سیاسی و هەندێ کەناڵی ڕاگەیاندنی کوردستانی، بە زمانی شیرینی کوردی ئەو ئەجێندا ترسناکەی دوژمنان بە کەرەسەی خۆماڵی جێبەجێ دەکەن .بەڵام سەرەڕای ئەم هەوڵانە، ئاراستە ڕاستەکە هەر لە برەودایە. زۆربەی گەنجانی کوردستان لە ئاستە بەرزەکەی ئینتیما و هۆشیاریی نیشتمانی و نەتەوەییدان. گیانبازیی گەنجانی کوردستان بۆ بەرگریکردن لە خاك و سەروەریی کوردستان و تێکشکاندنی تیرۆریستانی داعش و دوژمنانی دی، ئاستی بەرزی ئینتیمای لاوانی کوردستانی دەرخست بە پرسە ڕەواکان و بە خاك و نیشتمان».


زەهرا چەتۆ:

**قوتابیان و لاوان قوتابخانەیەکی ڕەسەن و پڕ لە شانازین بە سەدان لاو و قوتابی بۆ خزمەتکردنی گەل و نیشتمان پێ گەیاندووە**


شڤان حاجی کەمال:

**ئەو کۆمەڵگەیانەی کە لاوەکانی خاوەنی پرسن و ئینتیمایان بۆ وڵات و نیشتمان بەرزە، دەتوانن دوارۆژێکی باشتر بەدی بێنن**




### ڕێزان باڵەک

# پێویستە خێزان هاوکار و پاڵپشت بن بۆ منداڵەکانیان، بەتایبەت کچەکان، ئەگەرنا سەرکەوتوو نابن

بۆ یەکەمجار خانمێك لە سۆران کۆمپانیایەکی خزمەتگوزاری دادەمەزرێنێت، ڕێزان باڵەك، بەڕێوەبەری کۆمپانیای (هۆمی کلینك، سیرڤس نوڤا هاوس) بۆ خزمەتگوزاریی خاوێنکردنەوەی ماڵ و شوێنە گشتی و تایبەتەکان، لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان باس لە بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمپانیاکەی و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەست بە کارەکانی دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

بەڕێوەبەری کۆمپانیای (هۆمی کلینك، سیرڤس نوڤا هاوس) لە دەستپێکی قسەکانیدا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «پێویستە لە سەرەتای هەر کارێك، بیرت لای بەرژەوەندیی گشتی بێت، دواتر لای بەرژەوەندییەکانی خودی خۆت»، هاوکات دەڵێت: «پێموایە سەرەتای هەر کارێك تەنیا بۆ ئەوە نییە لە ڕووی ماددییەوە سوودمەند بیت، بەڵکو بۆ ئەوەیە تاوەکو بتوانی هەلی کار بۆ خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت دابین بکەیت، واتە سوودمەندبوونی تاکەکانی کۆمەڵگە و خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت لای من جێی ئەو پەڕی ڕێز و ستایشە، هەر بەم بۆنەیەوە دەستپێکی کارم لەم کۆمپانیایە لە ڕۆژی جیهانی کرێکاران (٢٠٢١/٥/١) بوو. هەروەها دەستکەوتنی متمانەی خەڵك و خاوێنی و دڵسۆزی لە کار و سوودمەندبوونی خەڵك و دروستکردنی دەرفەتی هەلی کار یەکەم بژاردەی منە و ئەمە پرەنسیپی کاری من دەبێت».

سەبارەت بە بیرۆکەی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی لەم شێوەیە، ئەو خاتوونە گوتی: «بیرۆکەی دامەزراندنی ئەم کۆمپانیایە بیرۆکەیەکی نوێ نییە، بەڵکو لە زۆربەی شارەکانی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، بە تایبەت لە هەولێری پایتەخت و هەروەها لە سلێمانی و دهۆك، منیش وەك هەر تاکێك لەبەر فراوانیی سۆران و لە ئێستاشدا بووە بە ئیدارەی سەربەخۆ، هەستم کرد، سۆران پێویستی بە پڕۆژیەکی لەم شێوەیە هەیە، شێوازی پڕۆژەکەشمان گرووپ و تیم نییە، خۆم ڕێکخەر و بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیاری کارەکەمم، بەڵام ئەم پڕۆژەیە بۆ سۆران شتێکی تازە و نوێیە، ئامانج لە کردنەوەی هەر پڕۆژەیەکیش لە هەر شارێك ئاماژەیە بۆ ئەوەی کەوا ئەو شارەش بێبەش نەبێت لەو خزمەتگوزارییانەی کە هەیە، هەروەها ئاماژەدانە بە توانا و لێهاتوویی ئافرەتانی دەڤەرەکەمان کەوا دەتوانن خاوەن کاری خۆیان بن و لەسەر پی خۆیان بوەستن. لەم ڕوانگەیەوە پێشوازیی خەڵك بۆ کارکردن بەتایبەتی خانمان زۆر گەرم و گوڕ بووە و، دەتوانم بڵێم تا ئاستێك ئامانجەکەمان پێکاوە. لە ماوەیەکی کەمدا خەڵکێکی زۆر پەیوەندییان پێمانەوە کردووە و، توانیومانە تا ئاستێکی زۆر متمانەی خەڵك بە دەست بێنین. هەروەها دروشمی کارکردنمان کوالیێتی باش و دڵسۆزی لە کار و هەرزانییە لە نرخ، ئامانجیشم ئەوە بووە کە کارەکە ئاشنا بکەم بە خەڵکی خۆشەویستی سۆران و بتوانم زیاتر خەڵکی هەژار و کەمدەرامەت سوودمەند بکەم، تاوەکو بتوانم لەم ڕێگەیەوە سوودێك بە خەڵکی سۆران بگەیێنم، ستافی کاریشمان لە هەر دوو ڕەگەز پێکهاتووە، مەرجی وەرگرتنمان ئەوەیە کە تەمەنی لە ١٨ ساڵ کەمتر نەبێت و لە ٤٥ ساڵ زیاتر نەبێت، لە ڕووی تەندروستییەوە سەلامەت بێت، هەرچەندە زۆر جاریش گەورەیی تەمەن لە بەر چاو نەگیراوە، بە هۆی زۆربوونی خەڵکی هەژار و بێکار، ئەو کارمەندانەش کە کارمان لەگەڵ دەکەن، هەموویان کوردن و کارمەندی بیانیمان نییە».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا جۆری ئەو خزمەتگوزارییانە چین کە پێشکەشی خەڵکەکەی دەکەن؟ ڕێزان باڵەك گوتی: «کاری کۆمپانیاکەمان گشتگیرە، چونکە ئەرکیان تەنیا ماڵ پاك کردنەوە نییە، بەڵکو بریتییە لە ماڵ خاوێن کردن و منداڵ بەخێوکردن و چاودێریکردنی نەخۆش و منداڵ، هەروەها پاککردنەوەی شوێنە گشتییەکان و خواردن دروست کردن، جگە لەو کارانە دەتوانین وەك کۆمپانیا کارئاسانی بکەین بۆ خزمەتگوزاریی دیکەش وەك مافور شۆردن و هەروەها گواستنەوەی ماڵ و ...هتد.

بە شێوەیەکی گشتی ئێمە بەپێی کار و پیشە و داواکردن و خواستی خەڵکی شارەکەمان کریکارەکانمان ئاراستەی کارکردن دەکەین، بە دڵنیاییەوە قورسی و کوالیێتی کاریش بۆ کرێکارەکانمان لەبەر چاو گیراوە».

ڕێزان باڵەك لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بە گرفت و کۆسپەکانی بەردەمی کارەکەی دەکات و، ڕایوایە هیچ کارێك بێ کێشە و گرفت نابێت. هەر لەو بارەیەوە گوتی: «سەرەتای هەر کارێك بەتایبەت ئەگەر سەرپەرشتیارەکەی ئافرەت بێت، بێگومان تووشی کێشە و گرفت دبێت، بەڵام من بەش بە حاڵی خۆم سوپاس بۆ خوا توانای چارەسەری کێشەکانم هەبووە و، توانیومە لە سەر پێی خۆم بوەستم، کێشەکانیش شایەنی باسکردن نین، ئەوەش نیشانەی ئەو پەڕی باوەڕ بە خۆ بوونە و من متمانەم بە خۆم و بە کارەکەشم هەیە، هۆکاری بڕوابەخۆبوونیشم بۆ پاڵپشتیی خێزانەکەم دەگەڕێتەوە، بە دڵنیاییەوە پێویستە خێزان هاوکار و پاڵپشت بن بۆ منداڵەکانیان، بە تایبەت کچەکان، ئەگەرنا لە کارەکان سەرکەوتوو نابن.» لە وەڵامی ئەو پرسیارەشدا کە چ پەیامێکت بۆ هاووڵاتیانی خۆت هەیە؟ گوتی: «سەرەتا پەیامم بۆ پیاوەکان ئەوەیە کەوا هاوکار و هەماهەنگ بن لەگەڵ ئافرەتەکان، نەك ڕێگر بن، تاوەکو ئەوانیش بتوانن خاوەن پڕۆژەی خۆیان بن و لەسەر پێی خۆیان بوەستن. پەیامیشم بۆ ئافرەتەن بە گشتی ئەوەیە هەر ئافرەتێك بیەوێت پڕۆژەی هەبێت، دەرفەتێك هەر دەبێت خۆی بسەلمێنێت و سوودبەخش بێت بۆ کۆمەڵە کەسێکی دیکەش هەلی کار دابین بکات.» گوتیشی: «باوەڕی تەواوم بەوە هەیە پەیام کە تەتبیق بێت، لۆژیکتر شوێنی خۆی دەگرێت، چونکە ئەگەر پەیامەکەمان لە دونیای واقیع بەرجستە بوو، ئیدی هیچ کەلێنێك بۆ خۆدزینەوە و پاساو هێنانەوە نامێنێت. هەر بەم بۆنەیەوە جارێك غاندی کە لە سەفەرێك گەڕایەوە لێیان پرسی: پەیامیت چییە؟ لە وەڵامدا گوتی: «کردەوەکانم و ئەتەکێت و چۆنیەتی بیرکردنەوە و جێبەجێکردنم لە ئەمری واقیع ئەوە پەیامە و قسەی ناوێت».

**هەر کارێک تەنیا بۆ ئەوە نییە لە ڕووی ماددییەوە سوودمەند بیت، بەڵکو بۆ ئەوەیە تاوەکو بتوانی هەلی کار بۆ خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت دابین بکەیت**

**متمانەی خەڵک و خاوێنی و دڵسۆزی لە کار و سوودمەندبوونی خەڵک و دروستکردنی دەرفەتی هەلی کار یەکەم بژاردەی منە و ئەمە پرەنسیپی کاری من دەبێت**

**ئەو کارمەندانەش کە کارمان لەگەڵ دەکەن، هەموویان کوردن و کارمەندی بیانیمان نییە**

**دروشمی کارکردنمان کوالیێتی باش و دڵسۆزی لە کار و هەرزانییە لە نرخ**

# لە کوردستانیش یادی ڤالانتاین پیرۆز ڕادەگیرێت

**لە بارەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی ڕۆژی خۆشەویستی (٢/١٤) و پێدانی گوڵی سوور بە ئەوینداران، بۆچوونی جیاواز هەیە. دەگوترێ لە کۆتایی سەدەی سێیەمدا ئیمپڕاتۆریەتی «کلاودیسی دووەم»ی ڕۆما، دوای ئەوەی تێبینی کرد، ئەو گەنجانەی ژن و منداڵیان نییە، لە جەنگ و شەڕدا زۆر بەهێزتر و خۆڕاگر و سەرکەوتووترن لەو کەسانەی کە ژن و منداڵیان هەیە، فەرمانێکی دەرکرد، بەوەی کە هیچ گەنجێك بۆی نییە ژن بهێنێت تا ئەو کاتەی جەنگ لە وڵاتەکەیاندا کۆتایی دێت، بەڵام «ڤالانتاین» کە قەشەیەك بوو، لە فەرمانەکە دەرچوو، بە شێوەی نهێنی لە کەنیسەدا گرێبەستی هاوسەرگیری دەکرد و خۆشەویستان و عاشقانی لە یەکتر مارەدەکرد، دوای ئەوەی کارەکەی قەشە ڤالانتاین ئاشکرا بوو، ئیمپڕاتۆری ڕۆما بڕیاری دا بە سزای لە سێدارەدانی ئەو قەشەیە، پاش ماوەیەك لەزینداینکردنی، لە ڕۆژی ١٤/٢/٢٧٠، قەشە ڤالانتاین لە سێدارە درا. بۆیە تا ئێستاش لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، ئەو یادە بەرز ڕادەگیرێت و لە ڕۆژی ١٤ی شوبات ئەویندارن هەست و خۆشەویستیی خۆیان بە جوانترین شێوە دەردەبڕن و بە تایبەتی گوڵی سوور پێشکەشی یەکدی دەکەن. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێ ئەم ڕۆژە جیهانییە دەکەن.**



دهۆك بەرۆژی، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان - ئەنجومەنی سۆران، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «خوشەویستی تەنیا ڕێگای تێگەیشتن و نزیکبوونەوە و مەزنییە.» هاوکات دەڵێت: «زۆرن ئەوانەی کە دەڵێن ڤالانتاین تەنیا ڕۆژی خۆشەویستیی نێوان دوو خۆشەویستە و ڕۆژی ڕۆمانسیەتە و نابێت تێکەڵ بکرێت لەگەڵ خۆشەویستی بۆ منداڵ، یان خۆشەویستی بۆ دایك و باوك، یان خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمان، بەڵام من دەڵێم گرنگ ئەوەیە ڕاستگۆ بین لە دەربڕینی هەست و خۆشەویستیدا بەرانبەر بە هەرکەس و هەر شتێك بێت.» گوتیشی: «ئێمە لە هەرێمێکدا دەژین کە بەداخەوە قەیرانی دەربڕینی خوشەویستیشمان هەیە، ئێمە یەکێکین لە و میللەتانەی کە زۆرترین شیعر و غەزەلمان هەیە لەسەر عشق و خۆشەویستی، بەڵام بۆ کچانی کۆمەڵگەمان بیرکردنەوە لە خۆشەویستی کوشندەیە، هیوادارم هەموو توندوتیژییەك بنبڕ بکرێت و، هاونیشتمانیانم ڕاستگۆ بن لە دەربڕینی هەست و ئازا بن لە خۆشەویستی، ئەگەر بۆ یەك ڕۆژیش بێت. هیوادارم خۆشەویستیمان بۆ نیشتمان هەمووومان کۆبکاتەوە و ڕێگای ڕزگابوونمان نیشان بدات».

پارێزەر کارزان هەنارەیی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «خوشەویستی یەکێکە لە هەستە هەرە گرنگ و پێویستەکانی ژیان کە پەیوەندی هەیە بە هەموو لایەنەکان و بە شێوەیەك جوانی دەبەخشێت بە هەموو شتێك. بە بێ خوشەویستی مروڤ بێ ئاگایە لە ڕوویێکی گەورەی ژیان کە پڕە لە ئاسوودەیی و هەستی جوان و گەورە و بە بەها».

ئەو یاساناسە ڕای وایە «خۆشەویستی پەیامێکی پیرۆزە کە مرۆڤەکان بۆ یەکتری دەنێرن و لە هەمان کاتدا دەربڕینێکی سرووشتیی ناخی مرۆڤە کە



هەر تاکە کەسێك بۆ دەوروبەری خۆی هەیەتی.»جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «پێویستە مرۆڤ سەرەتا خودی خۆی خۆش بوێت و قەدری بوونی خۆی بگرێت، ئینجا خۆشەویستیی بۆ دایك و باوك و خوشك و برا و هاورێ بێت، یان بۆ ئەو کەسەی ئاشقیەتی.» باسی ئەوەشی کرد کە «ڕۆژی خۆشەویستی کە دەکاتە ٢/١٤ هەموو ساڵێك لەو ڕۆژەدا بە شێوەیەکی بەرچاو ئەوینداران ئەو ڕۆژە بەرز و پیرۆز ڕادەگرن، ئەمەش وادەکات ببێتە ڕۆژێکی نوێ لە پەیوەندیی کەسەکان و توندوتۆڵ کردنی ئەو پەیوەندییەی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەدا. « گوتیشی: «لە ڕاستیدا مرۆڤ پێوستی بە خۆشەویستیی ڕاستەقینە هەیە، کە هەستێکی ڕۆحیی جیاوازی لا دروست دەبێت بۆ ئارامی و ئاسوودەیی لە ژیاندا و بۆ باشتر بەڕێوەچوونی ژیان و کار و چالاکییەکانی ڕۆژانەی، بۆیە پێویستە هەموو ڕۆژێك ڕۆژێکی نوێ بێت لای هەمووان بۆ خۆشەویستی، بوونی ئەو ڕۆژەش شتێکی جوانە و نوێکردنەوەی پەیامی خۆشەویستییە. لە کۆتاییدا هەست و گەورەیی خۆشەویستی زۆر لەوە پیرۆزتر و بەنرخترە کە ئێمە تەنیا ڕۆژێکی بۆ تەرخان بکەین، پێویستە هەموو ڕۆژێك ڕۆژی خۆشەویستی بێت و، هەموو ڕۆژێك ئەو پەیمانە نوێ بکەینەوە لەگەڵ خۆمان و دەوروبەرمان و خۆشەویستی تێکەڵی ناخ و دەروون و کاروباری ڕۆژانە و ژیانمان بکەین».

ئاواز شێرزاد چالاکی مەدەنییە و لە ڕوانگەی خۆیەوە و بەم جۆرە باسی خۆشەویستی و ڕۆژی ڤالانتاین دەکات: «خۆشەویستی جوانترین و پیرۆزترین پەیوەندییە لە نێوان دوو کەس، یان زیاتر دروست دەبێت و لە سەر بنەمای ڕێز و ڕاستگۆیی و وەفاداری بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، بەڵام بەداخەوە لەم سەردەمەی ئێستادا وەك چۆن هەموو کارەکان، پەیوەندییەکان، دۆستایەتییەکان گۆڕاون، بە هەمان شێوە خۆشەویستییش بەرگێکی تری پۆشیوە و زۆرینەی پەیوەندییە خۆشەویستییەکانی ئێستا بەتایبەت لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر لەسەر بنەمای درۆ و بۆ مەبەست و حەزێکی دیاریکراو دروست دەبن، کە ئەمەیان زیاتر ئافرەت دەکاتە قوربانی.» گوتیشی: «ئەوەی پەیوەندی بە ڕۆژی خۆشەویستییەوە هەیە، وەك خودی خۆم هیچ باوەڕم پێی نییە و، پێم وایە هەموو تەمەنی مرۆڤ دووقات بکرێتەوە، بەشی خۆشەویستی ناکات، چونکە خۆشەویستی دەریایەکی زۆر فراوانە و جێگەی هەموو خراپەکارییەکان، جێی هەموو دڵڕەقییەکان و گومانە ناپەسەندەکان دەگرێتەوە، زۆر جاریش سەیرکردنی هەندێ ڕووداوە ناخۆشەکان بە خۆشەویستی و قبووڵکردنەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاسانتر بە سەریدا زاڵ ببیت، بەڵام دەکرێت ئێمە ئەم ڕۆژە بکەینە دەرفەتێك بۆ پتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرمان، گرینگ ئەوەیە لە پەیوەندیی خۆشەویستیدا ئامانجێکی دیاریکراو هەبێت، ئەویش یەکتر ویستن بێت. بۆیە پێویستە هەر تاکێك کە کەسێکی خۆش دەوێت، کۆمەڵێك پرەنسیپ و تایبەتمەندی بۆ دیاری بکات، کێ و بۆ و لە پێناو چی خۆشی دەوێت؟ وە پەلە نەکات لە بەستنی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکانی دی، جا هاوڕێیە، خزمە، کەسێکی دیاریکراوە لە ڕەگەزی بەرامبەر، بەتایبەت کچان دەبێت زۆر وریا بن لەوەی پەیوەندی لەگەڵ کێ و لە سەر چ بنەمایەك دەبەستن، بۆ ئەوەی دواتر تووشی پەشیمانی و خەفەتباری نەبن، چونکە هەر شتێك لە سەر بنەمای بەرژەوەندییەکی تایبەت بەسترا، کە بەرژەوەندی نەما، خۆشەویستیش کۆتایی پێ دێت، ڕۆژگاری ئەمڕۆش خراپ هەڵدەسووڕێت لە دەست ئەو ئینسانانەی هیچ جوانییەکیان بۆ بەها پیرۆزەکان نەهێشتووە. لە کۆتاییدا دەڵێم: خۆشەویستیی خێزان ڕاستترین جۆری خۆشەویستییە کە خاڵییە لە بەرژەوەندی».



دهۆك بەرۆژی :

**زۆرترین شعر و غەزەلمان هەیە لە سەر عشق و خۆشەویستی، بەڵام بۆ کچانی کۆمەڵگەمان بیرکردنەوە لە خۆشەویستی کوشندەیە**



کارزان هەنارەیی :

**هەست و گەورەیی خۆشەویستی زۆر لەوە پیرۆزتر و بەنرخترە کە ئێمە تەنیا ڕۆژێکی بۆ تەرخان بکەین**



ئاواز شێرزاد :

**زۆرینەی پەیوەندییە خۆشەویستییەکانی ئێستا لەسەر بنەمای درۆ و بۆ مەبەست و حەزێکی دیاریکراو دروست دەبن، کە ئەمەیان زیاتر ئافرەت دەکاتە قوربانی**

# هەندرێن خۆشناو بەشداریکرد لە فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی کاریکاتێری (گوڵ)

**هەندرێن خۆشناوی شێوەکار و کاریکاتێریستی پێشەنگی کورد، لە دوایین چالاکییە هونەرییەکانی خۆی، بەشداریکردن بوو لە فیستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی کاریکاتێری و کارتۆنی، لەژێر ناونیشانی (گوڵ) کە لە شاری فەیومی وڵاتی میسر سازدرا، هونەرمەند سەرەڕای نەبوونی هیچ پاڵپشتیەکی مادی و مەعنەوی، کەچی بەردەوامە لە کارە هونەریی و چالاکییەکانیدا، چالاکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.**

سەبارەت بەم چالاکییە هونەرییە نوێیەش بۆمان دوا و گوتی: ئەم فیستیڤاڵە نێودەوڵەتییە خولی یەکەمە، رۆژی هەینی ٤ی فبرایەر، لە مۆزەخانەی کاریکاتێر لە شاری فەیوم کرایەوە، ئەم پێشانگایە نێودەوڵەتیە بە سپۆنسەر و رێکخستنی سەنتەری کاریکاتێریی فەیوم و گۆڤاری ئەلیکترۆنی توماتۆ کارتۆن بوو، و هەتا ١٥ی مانگ بەردەوام دەبێت.

سەبارەت بە کردنەوەی ئەم پێشانگایەش خۆشناو گوتی: مەبەست لەم پێشانگا کاریکاتێریەش بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری ژینگەیی، و بایەخدان بە گوڵ و رووبەری سەوزایی، و هاندانی هاوڵاتیان بۆ پاراستنی ژینگە و بەرەنگاربوونەوەی پیسبوونی ژینگە بە هەموو جۆرەکانیەوە بوو، ئەمانەش هەمووی لە تابلۆ بەشدارە گاڵتەجارەکانی پێشانگاکە رەنگیدایەوە.

سەبارەت بە ژمارەی هونەرمەندانی بەشداربووش گوتی: ٤٠٤ هونەرمەندی کاریکاتێر لە ٦٣ وڵاتەوە زیاتر لە ٩٠٠ کارتۆنیان بۆ فیستیڤاڵەکە ناردبوو، لیژنەی دادوەری هونەریی فیستیڤاڵەکەش کە لە چەند هونەرمەندێکی ٦ وڵاتەوە پێکهاتبوون، ٢٣٦ کاری ٢١٠ هونەرمەند لە ٦٠ وڵاتەوە پەسەندکرد و لە پێشانگاکە نمایشکران.


هەروەها خۆشنا گوتی: ئەوەی جێگەی خۆشحاڵی بوو لەم فیستیڤاڵەدا چەند کارتۆنیستێکی کوردی تریش بەشداربوون، ئەوانیش بەڕێزان گرفتار کاکەیی و بەکر عەبدولڕەحمان و جەبار سابیر بوون.

هەندرێن خۆشناو درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی: لە چالاکیەکانی فیستیڤاڵە کاریکاتێریەکەش بێجگە لە پێشانگا کارتۆنیە سەرەکیەکە، بریتیبوون لە ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەیساڵیادی لە دایکبوونی محەمەد عیفەتی کاریکاتێریستی کۆچکردووی میسری، و کردنەوەی پێشانگایەکی پۆرترێتی کاریکاتێری بۆ هونەرمەندی کۆچکردوو، کە بریتی بوو لە ٣٠ کاریکاتێر، هەروەها نمایشکردنی چەند کارێکی هونەرمەندی کۆچکردوو محەمەد عیفەت، هەروەها بەستنی کۆڕێک سەبارەت بە هونەرمەندی ناوبراو و خوێندنەوە بۆ کارەکانی.

ئەوەی ماوە باسی بکەین، خاتوو ئەگیار فێرناندێزی باڵیۆزی کوبا لە قاهیرەی پایتەخی میسر، و شێوەکاری میسری محەمەد عەبلە دامەزرێنەری سەنتەری هونەریی فەیوم، و مستەفا شێخ سەرۆکی کۆمەڵەی کاریکاتێریستانی میسر، لە کردنەوەی پێشانگا کاریکاتێرییە نێودەوڵەتیەکە ئامادەبوون.



# بێدەنگ مەبن



د. ئامانج غازی
بۆ گوڵانی نووسیوە

(١-٢)

هەمــوو هونەرێكــی مــەزن بــە پاڵپشــتی كەلەپوورێكــی زینــدوو دەچێتــە نێــو مێژوویەكــی پڕشنگدار، بۆیە دەبێ بە ئاگایی و بە خورتییەوە مامەڵە لەگەڵ بەشێكی هەرە زیندووی كولتووری كــوردی بكەیــن، كــە ئەمــڕۆ لــە میدیاكانــدا بــە بەربــڵاوی شــۆڕش بەرپــا دەكات.

ئەگــەر هەڵێنجانــی هونــەری دەنێــو كەلەپــووری (فۆلكلۆری و میللی)دا بكەین، دەبینین گۆرانیی كــوردی كارێكــی پیــرۆزەو هەتــا بڵێــی قورسیشــە، چونكــە ســەنگی مەحەكــی هەڵبــژاردن دەكەوێتــە ئەســتۆ و سەرشــانی هونەرمەنــدی بــە ســەلیقە، داخۆ تــا چ ڕادەیــەك دەتوانێت بابەتێك هەڵبژێرێت كــە بــۆن و بــەرام و مۆركــی ڕەســەنی خــۆی بخاتــە باوەشــی هاوچەرخایەتییــەك، كــە هەمیشــە پشتئەســتور بێــت بــە ڕەســەنایەتی كەلەپــوور.

هــەر لەگــەڵ یەكەمیــن گۆرانیــی ســەر قەوانــی ســاڵی (١٩٢٠)ی حەمدییــە فەنــدی، دەنــگ و ئــەدای گۆرانیبێــژ كــە وەكــو میلۆدییەكــی كــوردی ســەرنجڕاكێش تەماشــا دەكرێــت، دەبــێ بــۆ شــیتەڵ و شــیكردنەوەی كارەكانــی هەمیشــە لــەو خاڵــەوە دەســت پــێ بكەیــن كــە تــا چ ســنوورێك دەنگــی گۆرانیبێــژ توانیویەتــی بابەتــە زیندووەكانــی نێــو كەلەپــووری فۆلكلــۆری و میللیــی كــوردی بكاتــە هەوێنــی گۆرانییــەك، كــە هەنووكــە لەدایــك دەبێــت، بــەڵام هەمیشــە خــۆی بــە نــەوەی ئــەو گەنجینەیــە دادەنێــت كــە بووەتــە پێكهاتــەی ســەرەكیی (ئــاواز و دەنــگ و مــۆرك).

كەواتــە گەڕانــەوە بــۆ ڕابردوویەكــی نزیــك، دەبــێ بــەو چەشــنە ســەیر بكرێــت كــە ڕەخنــەی بونیاتنــەر شــاكاری جوانتــری لــێ دەكەوێتــەوە، بۆیــە لــە پۆلێنكردن و هەڵسەنگاندنی كارە هونەرییەكانماندا، هەمیشە پەنا بۆ (دەنگی گۆرانیبێژە ڕەسەنەكان) دەبەیــن، لــەوەی هەنــگاو بــەرەو ئامێــرە موزیكییــەكان بهاوێیــن و، لــە دەنگەكانــەوە دەتوانیــن میلــۆدی و كاری درامــی و شــانۆیی و بابەتــی چەپــك ئامێــز دابهێنیــن، ئــاوازە خواســتراوەكانی نێــو گۆرانیــی فۆلكلــۆری و میللیــی مامۆســتا (حەســەن زیــرەك) كۆمەڵــێ ژەنیاری ئامێرەكانی غەیرە كوردی خستە نێــو ڕەســەنایەتیی میلۆدیــی كوردییــەوە، دەنگــی بەســۆز و چریكــەی (ماملــێ) (ئامێرەكانــی تــار و كەمانچــەی ئــازەری و ئەرمەنــی)ی ناچــار كــرد كە ڕەدوی ئەو میلۆدییە كوردییانە بكەون كە لە ئــەدای (ماملــێ) وە دادەبارینــە ســەر ئامێرەكانــی موزیــك.

بۆیــە بــۆ ئەنجام و ئاكامــی هــەر لێكۆڵینەوەیــەك، چ تیــۆری بێــت، یــان بــە پراكتیكــی لــە گۆڕەپانــی ئــاواز و میلۆدیــی كــوردی بێــت و مەبەســت بێــت بگاتــە ئامانــج، دەبــێ بــەو پێودانگــە بژمێردرێــت كــە تــا چ ڕادایــەك دەتوانێــت بــە زیندوویــی و نوێكارییــەوە لــەو مەیدانــەدا بمێنێتــەوە.

## ماجدە زەبیتە بۆ گوڵان:

# پێویستە هونەرمەند زمانحاڵی کۆمەڵگە بێت

*** خۆت زیاتر حەزت لە کام بوای هونەرە؟**

- زیاتر حەز لە بواری نواندن و شانۆ دەکەم و، هەوڵ دەدەم تواناکانم پێش بخەم و بگەمە ئەو ئاستەی کە خۆم دەمەوێت، بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی.

*** جەماوەری هونەر لە ئێستادا لە چ ئاستێکدایە و تێڕوانینت بۆ هونەر چۆنە؟**

- جەماوەر بە گشتی حەز لە کاری هونەرمەندی گەنج دەکەن، بەڵام گرفتەکەیان ئەوەیە کە دەرفەتی زۆر بە ئەکتەرە گەنجەکان نادەن، بۆیە دەبینین کە دراما تورکییەکان گشت کەناڵەکانیان داگیرکردووە، بەتایبەتی کەناڵە عەرەبییەکان، چونکە جەماوەری وڵاتانی عەرەبی حەز دەکەن، دەموچاوی نوێ ببینن کە چاویان پێی نەکەوتبێت، پێویستە کەناڵە عەرەبییەکان دەرفەت بە گەنجان بدەن، لە هەمان کاتدا وەك دراما تورکییەکان دیمەنی جوانی شوێنەکانیش زیاتر نمایش بکەن.

*** کەواتە بینەر چۆن سەیری کارەکان دەکات؟**

- بینەری هەمەڕەنگ هەیە، کە هەمیشە بەشێکی قبووڵ دەکات و بەشەکەی دیکەی ڕەت دەکاتەوە، هەندێ بینەریش هەیە لای گرنگ نییە سینەما چۆن و بە چ ئاراستەیەك هەنگاو دەنێت، لە هەر وڵاتێکدا هونەر بەشێکە لە پەروەردە و ڕۆشنبیریی ئەو وڵاتە، بەڵام سینەما لە وڵاتانی عەرەبی وەکو بەشێك لە دابینکردنی بژێوی ژیان سەیری دەکرێت، ئەمەش وای کردووە هەنگاوی مەزن نەبڕێت.

*** ئەو ڕۆڵانەی کە زیاتر حەز دەکەیت لە کارەکانتدا بەرجەستەیان بکەیت، چین؟**

- هەر بابەتێك من لە کارەکانمدا بیخەمە ڕوو، حەز دەکەم پەیوەندی بە تەواوی کۆمەڵگەوە هەبێت، بەتایبەتی ئافرەت و منداڵان، حەز دەکەم ڕۆڵەکانم جورئەتیان تێدا بێت، جورئەتێك لە سیناریۆ و بابەتەکەدا هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بابەتی بن، حەز دەکەم ئەو بابەتانە بورووژێنم کە لە کۆمەڵگەدا زۆرن، بەڵام لە هەمان کاتدا شاراوەن و بەو شێوەیەی کە پێویستە کەس نەیخستوونەتە سەر شاشە، تا بە مەبەستی وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بێت، چونکە زۆر بابەتی کۆمەڵایەتی هەن تا ئێستا وەك پێویست نەخراونەتە ڕوو.

*** هونەر لە ژیانی تۆدا چی دەگەیەنێت؟**

- هیچ کات لە هونەری و کاری نواندن پەشیمان نیم، چونکە هونەری نواندن خەون و هیوای من بووەو هونەرێکی بەهێز و پڕ جەماوەرە، هەڵبژاردنی کاری نواندن بە ڕێکەوت نەبووە، بەڵکو سووربوونی خۆم بووە لەسەر ئەوەی کە دەبێت ئەو کارەی خۆشم دەوێت، بەدەستی بهێنم، بە ڕای من نواندن و هونەر بەگشتی گەڕانە بەدوای خۆشبەختی و شادومانیدا، هیچ کات نواندن منی مەغروور نەکردووە، بەڵکو وای لێ کردووم کە بەبێ نواندن ناژیم، چونکە هەر تەنیا هونەرە بە ڕاستگۆیی و بە بێ ماکیاژ خۆی نمایش دەکات.

*** ئایا تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ئافرەتی هونەرمەند گۆڕاوە؟**

- کۆمەڵگەی ئێمە ڕێز لە هونەرمەند دەگرێت، پێی وایە لە ڕێگەی هونەرەوە دەتوانێت هەموو خەم و ئازارەکانیان بە ڕاستگۆیی بگوازێتەوە، چونکە هونەرمەند زمانحاڵی





**ماجیدە زەبیتە یەکێکە لەو کچە هونەرمەندانەی کە لە ناخەوە خۆشەویستییەکی بێسنووری بۆ هونەر هەیە و، پێیوایە هونەری نواندن دەکرێت ئاوینەی نیشاندانی خەمەکانی جەماوەربێت، ئەمەش وایکردووە کە بچێتە نێو قوڵایی ڕۆڵەکانەوە، بۆیە زۆر سەرکەوتووانە توانیویەتی لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە شوێنی خۆی لەدڵی جەماوەردا بکاتەوە، ماجیدە لە دەرفەتێکدا بەم شێوەیە وەڵامی چەند پرسیارێکی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

کۆمەڵگەیە، بەتایبەت هونەرمەندانی ئافرەت، کە وەکو ئایکۆن لەلایەن کۆمەڵگەوە سەیری دەکرێن، بەڵام ئەوە بەو مانایە نایەت کە هەندێ کەس لە کۆمەڵگەدا بە چاوێکی سووك سەیری هونەرمەندانی ئافرەت بکەن، هەندێ لە ئافرەتە هونەرمەندەکانیش هۆکاربوون بۆ ئەوەی بە سووکی سەیری هونەرمەندانی ڕەگەزی مێ بکرێت، بەڵام بەگشتی بۆچوونی کۆمەڵگەی مەغریبی زۆر ئیجابییە و جێگەی باوەڕن.

*** کێبڕکێ وململانێ لە نێوان خانمانی هونەرمەند لە وڵاتی مەغریب هەیە؟**

- نابێت هیچ کات ململانێ لە نێوان هونەرمەندان هەبێت، دەبێت ڕێزگرتن و خۆشەویستی کۆیان بکاتەوە، بەڵام کێبڕکێی هەبیت بۆ ئەنجامدانی باشترین کار، خۆشبەختانە من کێشەم لەگەڵ هیچ کام لە هونەرمەندانی دیکەدا نییە و، پەیوەندییەکی زۆر باشم لەگەڵ هاوڕێ هونەرمەندانەکانمدا هەیە.

*** هونەرمەند چۆن دەتوانێت ئاوێنەی جەماوەر و هەوادارانی بێت؟**

- هونەرمەند هەمیشە ئاوێنەی کۆمەڵگە بووە، هونەر دەبێت ببێتە پردێك بۆ گواستنەوەی هەموو کێشە و گرفتەکانی نێو کۆمەڵگەو، چارەسەرەکەش نیشان بدات، هونەر دەتوانێت لێبوردەیی و پێکەوە ژیان لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە، هونەر ڕاستییەکانی نێو کۆمەڵگە وەکو خۆی دەگەیەنێت، هونەرمەندیش هەمیشە موڵکی خەڵك و جەماوەر بووە.

*** وەکو هونەرمەند ئەو کێشەو گیروگرفتانە چین کە ڕووبەڕووت دەبێتەوە؟**

- هونەر تاکە چەکی هونەرمەندانە، کە هەموو بڕوا و متمانەیەکی خۆیان لە ڕێگەی هونەرەکەیانەوە پێشکەش بە هەوادارەکانیان دەکەن، بەڵام بەداخەوە ئێمەی هونەرمەندان نەمانتوانیوە هەوادارەکانی خۆمان بە کاری هونەریی جوان تێر بکەین، بۆیە جەماوەرکەمان بۆ ئەوەی چێژ لە کاری جوان ببینن، ڕوو لە بەرهەمی بیانی دەکەن، هۆکارەکەش زیاتر ئەوەیە کە کاری زۆر لاواز بەرهەم هاتووە و جەماوەرەکەی تۆراندووە، ئەمەش بۆ ئێمەی هونەرمەند ناخۆشەو هەست بەو بۆشاییە دەکەین کە، کەوتووەتە نێوان هونەرمەندان و جەماوەر لە وڵاتی مەغریب.

# هونەری خۆشنووسی



**خۆشنووسی و جواننووسی، دوو زاراوەی هاوواتان، گوزارشت لە هونەرێکی زۆر باڵای ڕۆژهەڵات دەکەن. ئەم هونەرە لە تەواوی وڵاتانی ئیسلامدا باوە. ڕیشەکەی بۆ چواردە سەدە بەر لە ئێستا و سەرەتای پەیدا بوونی ئایینی ئیسلام دەگەڕێتەوە. ئەلف و بێی عەرەبی بنەمای ئەم هونەرەیە، ئەمیش دەگەڕێتەوە سەر ئەلف و بێی ئارامی یان نەبەتی. لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسیدا بۆ نووسینی دەق بە زمان و ئەلف و بێی عەرەبی جوانکاری و هونەرارای کراوە، خەتی نەسخ لە کۆتایی سەدەی نۆیەمی زاییندا، پەیدا بووە. ئەم جۆرە خەتە بۆ نووسینەوە و کۆپی کردنی کتێب و دەسنووس بەکار دەهات، دواتر بوو بە خەتی تایبەت بە نووسینی قورئانی پیرۆز، تا ئەم ڕۆژگارەش قورئان لە لایەن خۆشنووسانی ناودارەوە بەم جۆرە خەتە دەنووسرێتەوە، پاشان بە سەدان هەزار دانە کۆپیی دەسنووسەکەیان لێ چاپ دەکرێت.**

**ئا/ تاریق کارێزی**

پیتەکانی خەتی نەسخ ڕوون و دیارن، ئاسان دەخوێندرێنەوە، لە پای ئەوە نەسخ بوو بە بنەمای ئەو جۆرە خەتە (فۆنتەی) لە چاپ کردنی کتێبدا بەکار دێت، لە سیستەمی چاپی ئەلیکترۆنی (کۆمپیووتەر)یشدا، هەر ئەم جۆرە خەتە بەکار دێت.

بێ لە عەرەب، دەیان نەتەوەی موسڵمان لە ئاسیا و ئەفریقا کە زمانیان بە ئەلف و بێی عەرەبی دەنووسن، خۆشنووسی هونەرێکی باوە لە لایان. بۆیەش نووسین بەم ئەلف و بێیە هونەرە، چونکە بەشێکی زۆری پیتەکانی پێکەوە دەلکێن، شێوەی هەمەجۆری ئەندازەی دەگرنە خۆ، پیتەکانی درێژ دەکرێنەوە، لە شێوەی بازنە تێکەڵ بە یەك دەبن، بەسەر یەکدا چڕ دەکرێنەوە، بە ڕادەی بێ کۆتا لە شێوە و فۆرمی هەمەچەشندا بەرجەستە دەبن. ئەوەی زیاتر ڕێی بۆ گەشە کردنی ئەم هونەرە خۆش کرد، هونەری نیگار و پەیکەرتاشی لە ئایینی ئیسلامدا جێی بایەخ نەبوون، هونەرمەندان زیاتر بایەخیان بە هونەری خۆشنووسی دا، مزگەوت و کۆشك و تەلاریان پێ دەڕازاندەوە، قورئان و هەمەجۆر کتێبیان پێ دەنەخشاند. خۆشنووسی و نەخش (زەخرەفە) جووتە هونەری هەرە باوی شێوەکارین لە مێژووی ئیسلامدا. هەموو ئەو دەوڵەتانەی تا سەرەتای سەدەی بیستەم لە جیهانی ئیسلامدا دامەزراون، بایەخیان بە هونەری خۆشنووسی داوە، پەیدا بوونی چاپی ئەلیکترۆنی، لە ڕووی پیشەییەوە تەنگی بەم هونەرە هەڵچنی.

زنجیرە چیای زاگرۆس هێڵی بە یەك گەیشتنی گەورەترین دوو قوتابخانەی هونەری خۆشنووسییە، ئەو نەتەوە و دەوڵەتانەی لە ڕۆژاوای زاگرۆس هەن و پەیدا بوون، برەویان بە جۆرەکانی خەتی نەسخ، سولس، دیوانی، ڕوقعە، جەلی دیوانی، ئیجازە و جۆری دیکەی خەت داوە، هەر لەو جوگرافیایەدا عەرەب و کورد و تورك گەشەیان بە هونەری خۆشنووسی داوە. ئەمەیان قوتابخانەی ڕۆژاوای زاگرۆسە. قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتی زاگرۆسیش لە ئازەربایجان و بانووی ئێرانەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە هیندستان و ناوەڕاستی ئاسیا. لەم سەرزەمینەشدا فارس و کورد و تورك و هیندی و ئەفغان گەشەیان بە چەند جۆرێکی خەت داوە، فارسی، نەستالیق، شکستە و چەندین جۆرە خەتی دیکە، لەم جوگرافیایەدا برەویان هەیە. بێ لەو دوو قوتابخانەیە، لە ئەندەلووسی سەردەمی ئیسلام و وڵاتانی مەغریب، جۆرە خەتێك گەشەی کردووە و پێی گوتراوە خەتی مەغریبی.



لەم کاتەشدا تورکیا و ئێران و وڵاتانی عەرەب خۆیان بە خاوەنی هونەری خۆشنووسی وەك میراتێکی شارستانی دەزانن. تورکیا داوای لە یونسکۆ کردووە هونەری خۆشنووسی بە ناوی (نەریتە خەتی هونەری ئیسلامی لە تورکیا) لە لایەن ڕێکخراوەکەوە بە ناوی تورکیا تۆمار بکرێت. ئێران بەرانبەر بەم داوایەی تورکیا هاتە دەنگ و لە کۆتایی 2020دا دەرهەق بە داواکەی تورکیا ناڕەزایی نامەیەکی بۆ یونسکۆ نارد، داوای کرد لە کۆبوونەوەی ساڵی 2021ی یونسکۆدا (خەتی ئیسلامی) بە ناوی ئێرانەوە تۆمار بکرێت، جێگر وەزیری میراتی کولتووری ئێرانیش گوتی «سیفەتی ئیسلامی تەنیا پەیوەست بە تورکیا نییە، بەدەر لەوەی دەبێ لە ئێراندا بە دوای بنەچەی خەتی ئیسلامیدا بگەڕێین.» زۆر هونەرمەندی شێوەکاریش هەن هونەری خۆشنووسی وەك ڕەگەزێکی واتا و جوانی تێکەڵ بە هونەری نیگار دەکەن.



سعوودیە بە پشتیوانیی (15) دەوڵەتی دیکەی عەرەب دۆسیەکی پێشکەش بە یونسکۆ کرد، داوای کرد ئەم هونەرە بە ناوی (خەتی عەرەبی)یەوە وەك میراتێکی شارستانی بە ناوی وڵاتانی عەرەبەوە تۆمار بکرێت. لە یونسکۆدا شەڕی سێ نەتەوە لەسەر ئەم هونەرە گەرمە. ئێمەی کوردیش بە دڵنیاییەوە بەشمان بەم هونەرەوە هەیە، بەڵام نوێنەرایەتییەك نییە دەنگمان بە یونسکۆ بگەیەنێت.

سۆما فازڵ:

یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی و لەشجوانی

# بەبێ پاڵپشتی خێزانەکەم نەم دەتوانی بگەم بەم ئاستە

لە ئێستادا لە سەنتەری شار و شارۆچکەکانی کوردستان یارییەکانی بەرزکردنەوەی قورسایی و لەشجوانی و زوومبا و ئایۆبیک، بوونەتە یەکێك لەو یارییانەی کە خانمان بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕوو لەم یارییە دەکەن، بۆ ئەوەی هەم حەز و خولیاکانیان بەجێ بهێنن، هەمیش ببنە خاوەن لەشولارێکی ڕێك، بۆیە ئەم یارییە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە پەرەسەندندایە و ئافرەتانیش بە شێوەیەکی زیاتر لە جاران، ڕوو لەم وەرزشە دەکەن، پارێزگای هەڵەبجەش یەکێکە لەو شارانەی کە خانمان زیاتر ڕوو لە وەرزشی بەرزکردنەوەی قورسایی و لەشڕێکی و وەرزشەکانی دیکە دەکەن، سۆما فازل عابد یەکێك لەو خانمە یاریزانانەی کە خاوەنی چەندین ئەنجامی باشە لە سەر ئاستی کوردستان و، وەکو یاریزان لە پارێزگای هەڵەبجەی شەهید یاری دەکات، سۆما لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی پارێزگای هەڵەبجەی شەهیدە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد سەبارەت بەم وەرزشە، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی







*** چۆن بوو لەناو هەموو یارییەکاندا یاریی ئاسنت هەڵبژارد؟**

- حەز و خۆشەویستیم بۆ وەرزش، بە تایبەت یاریی لەشجوانی و هێزی لەش، وای لێ کردم ئەم یارییە هەڵبژێرم.

*** بەڕای ئێوە ئەم وەرزشە تا ڕادەیەك بۆ خانمان قورس نییە؟**

- ڕاستە بۆ ئافرەتان وەرزشێکی قورسە، بەڵام گرنگ بڕوابوون بە توانای خۆت و کۆڵنەدانە.

*** دوو وەرزش لە یەك کاتدا ئەنجام دەدەیت، لەشجوانی و هەڵگرتنی قورسایی، لەکامیاندا خۆت بە سەرکەوتووتر دەزانیت؟**

- تاڕادەیەکی باش توانیومە لە هەردوو یارییەکەدا بە شێوەیەکی هاوسەنگ سەرکەوتوو بم.

***هەست ناکەیت ئەم یارییە لە کوردستان و بە تایبەتی بۆ ئافرەتان پێشوازییەکی باشی لێ نەکراوە؟**

- بەداخەوە کەوایە، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنمەوە کە تا ئیستا بە ترسەوە لە یارییەکە دەڕوانین و بە گونجاوی دانانێن بۆ ئافرەت، بەڵام خۆشبەختانە بەشێوەیەکی گشتی لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان لە بەرەو پێشچووندایە، بەتایبەت کوڕان کە حەز و خولیان زیاترە و خاوەن توانایەکی جەستەیی زیاترن.

***چی بکرێت باشە بۆ هێنانە پێشەوەی ئافرەتی وەرزشکار بۆ نێو ئەم یارییە؟**

- پێم وایە گرنگترین کار پشتگیریکردن و هاندان و، ئاشناکردنیان بە وەرزشەکە بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتر.

*** وەکو کچە یاریزانێك بەرنامەت چییە بۆ داهاتوو؟**

- هیواخوازم لە سەر ئاستی عێراق بەشداریی پاڵەوانێتییەکان بکەم و، پشتیوان بە خوای گەورە لە داهاتوودا بتوانم بەشداری پاڵەوانێتییەك بکەم لەسەر ئاستی ئاسیا.

***گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

-گرفتی ئەم یارییە بۆ کچان، بەتایبەت لە کاتی پاڵەوانێتییەکاندا نەبوونی پاڵپشتی داراییە، نەبوونی پاڵپشتی دارایی گرفتێکی گەورەیە کە یاریزان نەتوانێت بە ئاستێکی بەرز ئامادەکاری بکات، بۆ ئەوەی بەشداریی پاڵەوانێتییەکان بکات و ئەنجامی باشی هەبێت.

***خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-خەونی من ئەوەیە لە داهاتوودا پلەیەکی بەرز بەدەست بهێنم و، بتوانم بەتایبەت خزمەتی کچانی هەڵەبجەی پێ بکەم.

***خانەوادەکەت تا چەند هاوکارن بۆ وەرزشکردن؟**

- گومانی تێدا نییە من بەبێ پاڵپشتی خێزانەکەم نەم دەتوانی بگەم بەم ئاستە، کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تا ڕادەیەك بوار بۆ کچان نەڕەخساوە لەلایەن خانەوادەکانەوە و، بگرە هەندێك جار ڕێگرن لە بەردەم دەرخستنی تواناکان و بەدیهێنانی خەونەکانیان.

***بە نیازی ئەوە نیت تیپێکی کچان دروست بکەی لە پارێزگای هەڵەبجە؟**

- لە ئێستادا بیرم لێ نەکردووەتەوە، چونکە پێویستی بە توانایەکی ماددیی زۆر هەیە، پشتیوان بە خوای گەورە لە داهاتووا هەوڵی بۆ دەدەم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-سوپاسی ستافی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەو دیمانەیە، بە هیوای سەرکەوتنی بەردەوام، هیوادارم لایەنی وەرزشی بەرەو پێش ببەن و بەردەوامبن لەم خزمەتە زۆرەی بە ئافرەتانی وەرزشکاری شارەکانی کوردستانی دەکەن.

# پاریس پلانی نوێکردنەوەی گرێبەستی ئێمباپێ هەیە

بەرپرسانی یانەی پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی، هەوڵێکی دیکە دەدەن و پلانێکی نوێیان هەیە بۆ رازیکردنی کیلیان ئێمباپێی هێرشبەری فەرەنسی بە مانەوە لە ریزەکانی یانەکەیاندا.

ئەگەرچی لەم هاوینەدا ئێمباپێ بەئاشکرا داوای لە بەرپرسانی پاریس سانت جێرمان کرد، کە رێگەی پێبدەن بڕواتە ریال مەدرید و بەرپرسانی ریال مەدرید بەفەرمی لەسەر ئەو پرسە دانووستاندنیان لەگەڵ یانەی پاریس کرد، بەڵام نەگەیشتنە رێکەوتن و دەرئەنجام یاریزانەکە لە یانەی خۆی مایەوە، بەڵام لە کۆتایی ئەم وەرزەدا ماوەی گرێبەستی کیلیان لەگەڵ پاریس تەواو دەبێت و یاریزانەکە دەتوانێت بەبێ بەرامبەر بچێتە ریال مەدرید.

سەرەڕای ئەوەی یاریزانەکە چەندین هەوڵی یانەی پاریس بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی رەتکردووەتەوە، بەرپرسانی ئەو یانەیە هێشتا هیوایەکیان ماوە، کە تاوەکو کۆتایی وەرز بتوانن ئێمباپێ لە رۆیشتن پاشگەز بکەنەوە و گرێبەستەکەی نوێبکەنەوە.

بەگوێرەی راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی فەرەنسا، کارگێڕی پاریس سانت جێرمان پلانێکی دیکەی هەیە بۆ رازیکردنی کیلیان، کە بەپێی ئەو سەرچاوانە ئێستا دانووستاندن لە نێوان یانەکە و یاریزانەکە لە ئارادایە و ئێمباپێ هێشتا بڕیاری کۆتایی نەداوە سەبارەت بە رۆیشتن لە یانەکەی.

یانەی پاریس دەیەوێت بە ٣ هەنگاو وا لە ئێمباپێ بکات لەگەڵیان بەردەوام بێت و گرێبەستەکەی نوێبکاتەوە، کە یەکەم هەنگاو یاریزانەکە بکرێتە خاوەنی بەرزترین مووچە لە یانەکەدا، دووەم هەنگاویش بەڵێنی پێدەدرێت یانەکە پرۆژەیەکی نوێی هەبێت و تیپێکی بەهێزتر دروست بکەن، هەروەها سێیەم هەنگاویش لە ماوەی نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی کورت بێت، بۆ ئەوەی یاریزانەکە بتوانێت ئەزموونی دیکەش تاقیبکاتەوە.

ئێمباپێ لە پەیامێکی نوێیدا لەسەر داهاتووی خۆی و ئەگەرەکانی چوونی بۆ ریزەکانی یانەی ریال مەدرید دا هیوایەکی بۆ بەرپرسانی پاریس سانت جێرمان گەڕاندەوە. پرسیار لە ئێمباپێ کرا، ئایا بڕیاری کۆتاییت داوە بۆ چوونە ریزەکانی ریال مەدرید؟ ئەو لە وەڵامدا، بە روونی و ئاشکرا گوتی: نەخێر، یاریکردن بەرامبەر ریال مەدرید زۆر شت دەگۆڕێت.

کیلیان لە درێژەی وەڵامەکەیدا بۆ پرسیارەکەی رۆژنامەوانان، گوتی: هەرچەندە من ئێستا ئازادم و مافی ئەوەم هەیە هەر شتێک بکەم، کە من دەمەوێت، بەڵام من قسە لەسەر رکابەرەکەم و هیچ کەسێک ناکەم، من تەنیا بیر لە رووبەڕووبوونەوەی ریال مەدرید لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا دەکەمەوە، دواتر دەزانین کە چی روودەدات.






# کێشە لە نێوان کارگێڕی و ڕاهێنەری ڕیال مەدرید هەیە




سەرچاوەیەکی ڕۆژنامەوانی ئاشکرای کرد، بە هۆی یاری پێ نەکردنی ئیدین هازارد، کێشە کەوتە نێوان ڕاهێنەری ڕیال مەدرید و کارگێڕی یانەکەی.

بە پێی زانیارییەکان، کارلۆ ئەنچیلۆتی ڕاهێنەری یانەی ڕیال مەدرید بە هۆی پشتنەبەستن بە ئیدین هازارد یاریزانی بەلژیکی یانەکەی لە یارییەکاندا، تووشی کێشە بووە.

بەرنامەی (ئێلچرینگیتۆ)ی تەلەڤزیۆنی لە ئیسپانیا، ئاشکرای کرد، بەشدارینەکردنی هازارد لە یارییەکاندا، کارگێری یانەکەی تووڕە کردووە، چونکە ئەوان دەیانەوێت نرخی یاریزانەکە لە بازاڕی گواستنەوەدا بەرز بکەنەوە، بۆ ئەوەی هاوینی داهاتوو بە پارەیەکی باش بیفرۆشن.

بەرنامەکە ئاماژەی بەوەدا، هازارد بەشێکی باشی کێشی لەدەست داوە و بەردەوام دەچێتە لای پزیشکی خۆراک، چونکە بە هۆی خۆراکەوە کێشەی گەورەی لە ماسوولکەکانیدا هەبووە.

هەروەها باسی ئەوەش کراوە، یانەکە هێشتا تێناگەن بۆچی ئەنچیلۆتی پشت بە هازارد نابەستێت لە یارییەکاندا، سەرەڕای ئەوەی لە یارییەکانی ڕابردوودا چەند یاریزانێکی گرنگ لە تیپەکەدا دابڕابوون.

کارگێری مەدرید پێیان وایە پێویستە هازارد لە پێش ئیسکۆ بێت و زیاتر لە ئەو بەشداریی یارییەکان بکات، چونکە گرێبەستی ئیسکۆ لە کۆتایی ئەم وەرزە تەواو دەبێت و لە یانەکە دەڕوات.

لە بەرنامەکەدا ئەوەش ئاشکرا کراوە، ئەنچیلۆتی پێی وایە کێشەی هازارد پێوەندی بە هەڵسوکەوتییەوە هەیە، نەك جەستەیی، چونکە ڕاهێنەرەکە بەو شێوازە مەشقە ڕازی نییە، کە هازارد ئەنجامی دەدات، بە تایبەتی لە دوای سەری ساڵەوە، بۆیە ئەگەر هازارد شێوازی مەشقکردنی خۆی و هەڵسوکەوتەکانی نەگۆڕێت، ئەوا ڕاهێنەریش بواری زۆری یاریکردنی پێ نادات.

# هۆکاری شکستی پەیوەندیکردنی دی لێخت بەیانەی بەرشلۆنە کێیە؟



راپۆرتێکی رۆژنامەوانی لە کەتەلۆنیا، نهێنییەك دەربارەی هۆکاری پێوەندی نەکردنی ماتیاس دی لێختی بەرگریکاری هۆڵەندی بە یانەی بەرشلۆنە ئاشکرا دەکات.

دی لێختی هۆڵەندی لە ٢٠١٩ لە ئەیاکس ئەمستردامەوە رووی کردە یانەی یۆڤانتوسی ئیتالی. رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی ئاشکرای کرد، دی لێخت لە ٢٠١٩ زۆر حەزی دەکرد پێوەندی بە بەرشلۆنە بکات، بەڵام دوای ئەوەی لە هۆتێلێك لە دەریای کاریبی لەگەڵ جێرارد پیکێ یەکتریان بینیوە و گفتوگۆیان کردووە، بیرورای خۆی گۆڕیوە و نەهاتووەتە بەرشلۆنە.

سەرچاوەکە روونی دەکاتەوە، پیکێ دی لێختی بێ هیوا کردووە، دوای ئەوەی پێی گوتووە هەلی یاریکردنی زۆرت نابێت لە بەرشلۆنە.

ئەو کاتەی ئەم بابەتە روویداوە، پیکێ خۆی لە پێکهاتەی سەرەکی بەرشلۆنە بوو لەگەڵ لۆنگلێی.

سپۆرت نووسیویەتی، ماتیاس دی لێخت قسەکانی پیکێ وەك هەڕەشەیەك لەسەر داهاتووی خۆی لە بەرشلۆنە بینیوە بەتایبەتی، کە هەردووکیان لە یەك شوێنی تیپدا یاری دەکەن، بۆیە بڕیاری داوە بچێتە یۆڤانتۆس.

رۆژنامەکە دەڵێت، پیکێ ئەم هەواڵە بە درۆ دەخاتەوە، بەڵام دی لێخت و بریکارەکەی، کە مینۆ رایۆلایە، قسەکان بە درۆ ناخەنەوە.






# یانەی بازیان هیوای گەورەی هەیە

یارییەکانی خولی پلە یەکی کوردستان هەفتەیەکی کێبڕکێی بەهێزتری بە خۆیەوە دەبینی لە هەردوو کۆمەڵەکەی یانەکان، یانەی بازیانی سەر بە پارێزگای سلێمانیش لە کۆمەڵەی دووەم شان بە شان یانەکانی کۆمەڵەکەی، بە سەر پەرشتیی ڕاهێنەری یانەکە (دارا محەمەد) هەوڵی گەیشتن بۆ ڕیزی یانە گەورەکانی کوردستان دەدەن، لەم بارەشەوە دارا محەمەد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە کۆمەڵەکەی ئێمەدا کێبڕکێ بەهێز لە نێوان یانەکاندا هەیە و، ئێستا چوار یانە خاڵمان وەکو یەکە و دەمانەوێت یاری دوای یاری ئاستی باشتر پێشکەش بکەین، ئێمە لەگەڵ یانەی چوار قوڕنە وەکو یەکین و لە پێشەنگی یانەکانین»، هەروەها گوتیشی: «یاریزانی باشمان هێناوەتە یانەکە و تیپەکەمان لە هەموو ڕوویەکەوە ئامادەیە، دوای گەڕانەوەشم بۆ یانەکە تیپەکە دۆخی گۆڕاوە، ئامانجی ئێمە گەیشتنمانە بۆ ڕیزی یانە نایابەکانی کوردستان و، دەمانەوێت ببینە ژمارەیەکی قورس لە خولەکە و، ئێستا شێوازی یاریکردنمان گۆڕاوە»، دارا محەمەد گوتیشی: «گرفتی ئێمە دارایییە، ئەوەش گرفتێکی گەورەیە، بە داخەوە سەرەڕای هەبوونی ژمارەیەك کۆمپانیای گەورە لە سنوورەکەماندا، بەڵام پشتگیری نییە و تەنیا سێ کەس لەم یانەیە خەمخۆرن، یاریزانەکانیشمان بە پەیوەندی کەسییەوە ڕاگرتووە، لەم چەند یارییەی ماوە و یارییەکان بە یاری کۆتایی دادەنێین، پلانی باشمان داوە بۆ ئەو یاریيانەی ماوە و دەبێ بە وردی چاودێریی یارییەکان بکەین، دەمانەوێت باشتر دەربکەوین».




# یاسین کەریم: هێشتا دەرفەتم ماوە

هەر چەندە یانە گەورەکانی عێراقی بەردەوام چاویان لەسەر ئەستێرەکانی کوردستانە لە خولە گەورەکەی عێراق، هاوکات گۆڵپارێزی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (یاسین کەریم) کە ماوەی چەند وەرزێکە لەسەر یەك لە خولی نایابی عێراقی دەدرەوشێتەوە، ئەم وەرزەش لە ڕیزی یانەی شورتەی عێراقی بەرگری لە تۆری ئەو یانەیە دەکات، بەڵام وەکو پێویست دەرفەتی بۆ نەڕەخساوە بۆ یاریکردن، لەم بارەشەوە یاسین کەریم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من زۆر ئاسوودەم لەگەڵ یانەی شورتە، گرفتی من ئەوەیە کەم یاریم بەردەکەوێت، پێنج بۆ شەش بەشداریم کردووە و گۆڵم لێ نەکراوە، گرێبەستەکەم یەك ساڵەیە و نازانم بۆ وەرزی داهاتوو چی دەبێ، گرێبەستم زۆر بۆ هاتووە لە یانەکانی عێراقی و یانەی پیرۆزیی ئێرانیش داوای کردبووم و، لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانیشم گەیشتبوونە ڕێکەوتن، بەڵام شورتە مافی گواستنەوەی پێ نەدام، خۆشم پێم خۆش نەبوو یانەی شورتە جێ بهێڵم، من وەکو گۆڵپارێزێکی کورد چاوەڕێی دەرفەت دەکەم بۆ ئەوەی ببمە گۆڵپارێزی سەرەکی، گوتیشی: «بۆ وەرزی داهاتوو هیچ دیار نییە لەگەڵ چ یانەیەك دەبم، ئایا دەبمە گۆڵپارێزی یانەی هەولێر یان زەورا، یان نەورۆز، یانیش دەگەڕێمەوە یانەی مینا، یارینەکردنیشم لە سەر ئاست نییە، چونکە لە گۆڵپارێزی یەکەمی یانەکەش باشترم و ئاستم زۆر لەو بەرزترە، بەڵام ئەو ماوەی هەشت ساڵە لەو یانەیە و کاپتنی دووەمی یانەکەیە، بەڵام متمانەم بە خۆم هەیە، هەر چۆن نور سەبریم کردە یەدەگی خۆم و کاپتنی یانەی مینام کردە یەدەگ، لە شورتەش ئەو کارە دەکەم، بەڵام هەندێك کاتم پێویستە».



# هەولێر
# یاریزانێکی پێشووی یانەکەی دەکاتە ڕاهێنەر

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەولێر لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان ئەم وەرزە ئاست و ئەنجامی وەکو پێویست نەبووە، هەر چەندە یانەکە گۆڕانکاریی بە چەند ڕاهێنەرێکیش کردووە بە ئامانجی باشتربوونی ئاستی تیپەکە و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، بەڵام ئەنجامە خراپەکانی بەردەوام بوو لە خولی کوردستان، دوایین یاریی یانەکە دۆڕانی تیپەکە بوو بەرامبەر یانەی دهۆك لە سەر دەستی ڕاهێنەری پێشووی یانەی هەولێر یونس سلێمان، دوای دەستلەکارکێشانەوەی ڕاهێنەریش یانەی هەولێر بەفەرمی بژار ئەکرەمی یاریزانی پێشووی یانەکەی بە ڕاهێنەری یەکەمی خولی کوردستان دەستنیشان کرد، لەم بارەشەوە ئەحمەد شکور ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ڕاهێنەری پێشووی یانەکە یونس سلێمان بە فەرمی نامەی دەستلەکارکێشانەوەی پێشکەشی ئیدارەی یانەکەمان کردووە، کە ناتوانێت بەردەوامبێت لەگەڵ یانەی هەولێر، بۆیە ئێمەش سوپاسمان کرد، کە لە ماوەی ڕابردوودا لەگەڵمان بەردەوام بووە، ئێستاش دەستەی کارگێڕیی یانەکە بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ بژار ئەکرەم یاریزانی پێشووی یانەکەمان مۆرکردووە، بۆ ئەوەی بتوانین لەم قوناغە تیپەکە ببەینە قۆناغێکی باشتر لە خولی کوردستان و، یانەکەمان لە دوایین ڕیزبەندی یانەکان بچێتە پێشەوەو ئەنجامەکانمان باشتر بکەین، ئەوەی پێویست بکات بۆ یانەی هەولێر ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی تیپێکی تۆکمە دروست بکەین لە گشت ڕوویەکەوە، متماتەی تەواویشمان هەیە کە ئەنجامی تیپەکەمان باشتر دەبێت».

# زیانی دەرمانەکانی دابەزاندنی کۆلیستیرۆڵ لە نەخۆشانی شەکرەدا

ئەوە سەلمێندراوە کە دەرمانەکانی دابەزاندنی کۆلیستیرۆڵ کە ستاتینەکان Statins باوترینیانن و، زۆر کاریگەرن و ڕۆڵی بەرچاویان هەیە بۆ خۆپاراستن لە ئەگەری نۆرەی دڵ و جەڵتەی مێشك، بەڵام بە پێی نوێترین توێژینەوە لە نەخۆشانی شەکرەدا کاریگەریی نێگەتیڤی لەسەر ئاستی شەکری خوێن دەبێت و، تا ژەمی دەرمانەکان زیاتر بێت هێندە کاریگەریی نەرێنی زیاتر دەکاتە سەر ئاستی شەکری خوێن و، پێویستی بە وەرگرتنی ئینسولین و دەرمانەکانی دیکەی دابەزاندنی ئاستی شەکری خوێن زیاتر دەبێت. پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە بەکارهێنانی ستاتینەکان زۆر پێویستە بۆ نەخۆشانی شەکرە، واتە سوودەکانی لە زیانە لابەلاکانی زیاترن، ئاماژە بەوەش کراوە کە بەکارهێنانی دەرمانەکانی دابەزاندنی کۆلیستیرۆڵ لە کەسانی ئاساییدا، نابێتە هۆی تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە، بۆیە تا ئێستا میکانیزمی بەرزبوونەوەی شەکری خوێن پاش بەکارهێنانیان لە نەخۆشانی شەکرەدا بە تەواوی ڕوون نییە. پسپۆڕان جەخت دەکەنەوە کە تەنیا کۆنترۆڵکردنی ئاستی شەکری خوێن لە نەخۆشانی شەکرەدا، تاکە ڕێگە نییە بۆ کۆنترۆڵکردنی نەخۆشیی شەکرە، بەڵکو پێویستە کە هاوکات بێت لەگەڵ گۆڕینی ستایلی ژیان و بەکارهێنانی دەرمان بە مەبەستی خۆپاراستن لە ئەگەری ئاڵۆزییەکانی پەیوەست بە نەخۆشیی شەکرە، وەك بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، نۆرەی دڵ، هەروەها جەڵتەی مێشك.



# بەکارهێنانی هیتەر بۆ گەرمکردنەوە زیان بە چاو دەگەیەنێت




ئایا لەکاتی نووستن لە وەرزی زستاندا هیتەر بە درێژایی شەو لە ژوورەکەتدا بە داگیرساوی جێدەهێڵیت؟ ئەگەر وایە، ئەوا پێویستە بزانیت کە هیتەر زیان بە چاوەکانت دەگەیەنێت. هیتەر هەوای گەرم و وشك پەیدادەکات کە زیان بە چاوەکان دەگەیەنێت بەتایبەتی لەو کەسانەدا کە هاوێنەی لکاو Contact lenses بەکاردێنن، ئەم هەوایە گەرم و وشکە هاندەرە بۆ بەهەڵمبوونی فرمێسك ئینجا وشکبوونی چاو، بۆیە واباشترە کە هەرگیز ڕاستەوخۆ بەرانبەر بە هیتەر دانەنیشیت، ئەگەر هاوێنەی لکاو بەکاردێنیت واباشترە کە بە چاویلکە بیگۆڕیت. لە لایەکی تر، هیتەر تیشکی یان ڕووناکیی ژێرەوەی سوور Infrared دروست دەکات کە بە چاو نابینرێت، بەڵام زیانی پێدەگەیەنێت، بۆیە هەرگیز باش نییە کە چاو ڕاستەوخۆ و نزیك هیتەر بۆ ماوەیەکی زۆر ڕابگیرێت یان سەیری هیتەر بکرێت. جگە لەمانە، زیاد بەکارهێنانی هیتەر لە ژووردا دەبێتە ئەگەری کەمبوونەوەی ڕێژەی شێداریی ژوور، ئەمەش دەبێتە ئەگەری وشکبوون و سووتانەوەی چاوەکان، بۆ ڕێگرتن لە کەمبوونی ئاستی شێداریی ژوور دەتوانرێت کە ئامێری شێدارکەرەوە Humidifier بەکاربهێنرێت کە هەڵمی ئاو بە هەوای ژووردا بڵاودەکاتەوە.




# به چەند هەنگاوێکی سادە کۆلیستیرۆل دابەزێنە

دابەزاندنی ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆڵ ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەڵتەی مێشك کەم دەکاتەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ ئەم مەبەستە دەرمانیش بەکار بهێنێت، بۆ زیاتر پاراستنی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن هێشتاپێویست بە گرتنەبەری چەند ڕێگایەکی سادە دەکات، کە بریتین لە: کەمکردنەوەی قەبارەی ژەمەکان، چونکە ژەمی گەورە هاندەرە بۆ زیادبوونی کێشی لەش و بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵ، هەڵبژاردنی خۆراکی تەندروست بەتایبەتی زیادکردنی سەوزە و میوە کە ئاستی کۆلیستیرۆڵی خراپ دادەبەزێنن و ماددە دژەئۆکسانەکان لەخۆدەگرن، کە سوودی زیاتر بە تەندروستی دەگەیەنن لە ڕێگای دابەزاندنی پەستانی خوێن و ڕێگرتن لە زیادبوونی کێشی لەش، هەروەها ماسی کە دەوڵەمەندە بە ئۆمیگا٣ کە ڕۆڵی هەیە بۆ دابەزاندنی چەوریی گلیسریدە سیانییەکان، پاشان دانەوێڵەی تەواو، کاکڵەکانی وەکو گوێز و باوی کازو، چەورییە ناتێرەکان بەتایبەتی زەیتوون و کانۆلا، پاقلەمەنیی زیاتر و پەتاتەی کەمتر، لەکاتی خواردن لە دەرەوەیماڵدا وریا بە لە کوالیتی و چەندێتیی خۆراك، دووركەوتنەوە لە چەورییە تێرەکان و چەورییە نێوەندەکان Trans fats، چاودێریکردن و کۆنترۆڵکردنی کێشی زیادی لەش، ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی لە زۆربەی ڕۆژەکانی هەفتەدا، سووککردنی سترێس، چونکە سترێس زۆر بە خێرایی هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی کۆلیستیرۆڵ.







بەم دواییە تووشبوون بە گۆڕدراوێکی نوێی ڤایرۆسی ئۆمیکرۆن بە ناوی BA.2 لە چەندین وڵاتدا بڵاوبوویەوە، بۆنموونە لە ٢٩ وڵاتی ئەمریکی و ٥٦ وڵاتی دیکە لە جیهاندا تۆمارکرا.

لە لێکۆڵینەوەیەکی دانیمارکیدا لە زانکۆی کۆپنهاگن، هاتووە کە ئەم گۆڕدراوە نوێیەی ئۆمیکرۆن خێراتر لە خودی گۆڕدراوی ئۆمیکرۆن دەگوازرێتەوە و توانای زیاترە بۆ تووشکردنی ئەو کەسانەی کە ڤاکسینی کۆڤیدیان وەرگرتووە، هەروەها تا ڕادەیەك توانای بەرگەگرتنی کاردانەوەی سستمی بەرگریی لەشی هەیە، بەمەش ئاستی توانای ڤاکسین بۆ خۆپاراستن لە هەوکردن کەم دەکاتەوە، بۆنموونە توانای بڵاوبوونەوەی بە ڕێژەی ٣٣٪ لە گۆڕدراوی BA.1 (گۆڕدراوی ئۆمیکرۆنی ئێستا) زیاترە، بۆیە توانای تووشکردنی ئەو کەسانەی هەیە کە ژەمی تەواوی ڤاکسینی کۆڤیدیان وەرگرتووە، یان تەنانەت ئەوانەی کە ژەمی سێیەمیشیان وەرگرتووە، لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی WHO ڕوونیکردووەوە کە تووشبوون بەم گۆڕدراوە نوێیەی ئۆمیکرۆن، بە هەمان سەختیی تووشبوون بە گۆڕدرای ئۆمیکرۆنە، واتە دژوارتر نییە.

## هەموو شتێک سەبارەت بە گۆڕدراوی نوێی BA.2ی ئۆمیکرۆن



# یەکەم نیشانەی تووشبوون بە ئۆمیکرۆن



ڕاپۆرتە پزیشکییەکان جەخت دەکەنەوە کە کرانەوە، یان سووتانەوەی قورگ Sore throat یەکەم نیشانەی تووشبوونە بە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆنی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئینجا هەستکردن بە ماندووبوون و هیلاکیی جەستەیی، بۆیە پسپۆڕان ڕێنمایی دەکەن کە لەکاتی هەستکردن بە سووتانەوەی قورگ، جگە لە هەڵامەت و ئەنفلوەنزای وەرزی، گومانی تووشبوون بە ئۆمیکرۆن دێتە پێشەوە، بۆیە بۆ دڵنیابوون، پێویست بە ئەنجامدانی تێستی PCR دەکات، هاوکات لەگەڵ مانەوە لەماڵ تا دەرکەوتنی ئەنجامی تێستەکە. نیشانەکانی دیکەی تووشبوون بە گۆڕدراوی ئۆمیکرۆن بەگشتی سووکن و بریتین لە: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك، گرفت لە هەناسەدا، ئازاری گشتیی لەش، هەروەها لەو تووشبووانەدا کە ڤاکسینی کۆڤیدیان وەرنەگرتووە، ئەوا هەمان ئەو نیشانانەی کۆڤید١٩ بەدی دەکرێن کە لە سەرەتای پەتای کۆرۆنادا بەدی دەکران، وەکو: بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیی لەش و هەستکرن بە سەرما، کۆکە، هەناسەتەنگی، یان گرفت لە هەناسەدا، هەستکردن بە ماندووبوون، ئازاری ماسولکە و لەش، سەرئێشە، نەمانی هەستی چێژ و بۆن، زیادبوونی دەردراوی لووت، یان لووتگیران، سووربوونەوە و سووتانەوەی چاوەکان، هێڵنج، یان ڕشانەوە، لەگەڵ ئەگەری سکچوون.



# هەستکردن بە گەرمبوونی پێیەکان

هەستکردن بە گەرمبوونی پێیەکان Burn-ing sensation کە زیاتر لە ئەنجامی گرفت لە دەمارەکانی قاچدا ڕوو دەدات، نەخۆشیی شەکرە باوترین هۆکارە. هەستکردن بە گەرمبوونی پێیەکان هەندێك جار هاوکاتە لەگەڵ هەستکردن بە سڕبوون، یان تەزین، ئازار، یان هەستکردن بە سووتانەوە لە پێیەکاندا، بەتایبەتی لەکاتی پیادەڕۆییدا. هۆکارەکان: نەخۆشیی درێژخایەنی گورچیلە، هەوکردنی دەمارەکانی دەورووبەر Neuropathy، کەمیی ڤیتامینەکانی B6 یان B9(فۆلەیت) یان B12، ڕاهاتن لەسەر ئەلکهول، ئایدز، زیانی لابەلای هەندێك دەرمان، سستبوونی گلاندی دەرەقی، ژاراویبوون بە کانزای قوڕسی وەکو قوڕقوشم، یان جیوە، یان ئارسنیك Arsenic، هەوکردنی پێستی پێیەکان بە کەڕوو، هەوکردنی بۆرییەکانی خوێن Vasculitis لە پێیەکاندا.

چارەسەرکردنی هەستکردن بە گەرمبوونی پێیەکان بریتییە لە ڕێگرتن لە پەرەسەندنی تێکچوونی زیاتری دەمارەکان، هاوکات لەگەڵ دۆزینەوە و کۆنترۆڵکردن، یان چارەسەرکردنی هۆکاری تێکدانی دەمارەکان، هەروەها بەکارهێنانی چەند دەرمانێك بۆ کۆنترۆڵکردنی هەستکردن بە تەزین، یان سڕبوون، پاشان دەرمان بۆ کەمکردنەوەی ئازار.



# دەسکی گەیم بۆ مۆبایل و کۆمپیوتەر

مۆبایل و کۆمپیوتەر ئێستاکە زۆر پێکەوە بەستراونەتەوە، هەم لە بواری نەرمە ئامێر و هەم لەبواری سەختە ئامێرەوە لێك نزیکن. کیبۆرد و ماوسی هاوبەشیان هەیە و لەم دواییەش دەسکی گەیمی هاوبەش.

دەسکی گەمەی جۆری clutch کە بەرهەمی کۆمپانیای هایپەر لۆکسە، بۆ مۆبایل و کۆمپیوتەر دەگونجێت. بەدوای ئەوەی کە جیهان تووشی قەیرانی کۆرۆنا بوو، دابەستەبوون و لەماڵەو دانیشتین وای کرد، کە بنەماڵەکان لەلای یەك کۆبنەوە و بۆ ئەوەی کاتەکانیان بەسەر بەرن، گەمە کۆن و نوێیەکان لەبەرەودان. گەمەی ئەلکترۆنی چ بە کۆمپیوتەر، یا مۆبایل یا هەر ئامێرێکی دیکە بکرێت یەکێکە لەو سەرگەرمیانە.

کۆمپانیای بەرهەم هێن رایدەگەیەنێت هەرکاتێك شەحن بکرێتەوە هەتا ١٩ کاتژمێر شەحنی دانابەزێت. هەم لە سیستەمی بلوتوس و هەم لە سیستەمی وای-فای سوود وەردەگرێ.




# مەچەک بەندی زیرەک بۆ جیهانی مەجازی

جیهانی مەجازی – واقیعی کە جیهانی تەکنەلۆژیای هەوڵی بۆدەدا و پێیوایە داهاتووی جیهان بۆ ئەم قۆناغە دەچێ. ئامێری نوێ و پرۆگرامی نوێ و پرۆژەی نوێی بۆ دادەنرێ.

یەکێك لەو ئامێرە نوێیانە مەچەکبەندی زیرەکی HTCیە، کە لە پەنای هێدستی Vive focus3 خرایەڕوو.

مەچەکبەندە زیرەکەکە بەناوی Vive Wrist Tracker ناسراوە. مەچەکبەندەکە وەك کاتژمێر لەدەست دەکرێ، بەڵام ئەرکی مەچەکبەندە سمارتەکانی دیکە جیبەجێ ناکا و بگرە پەیوەندی بەجوڵەی دەستەکانەوە هەیە.

مەچەکبەندەکە بۆ ئەرکی پۆلیس و ئاگرکوژێنەوە گرنگی خۆی هەیە. بۆ ئەو ئەرکانە دەگونجێت کە کاری راهێنان دەکەن، بۆ نموونە ئاگرکوژێنەوەیەك بەر لەوەی بە شێوەی کرداری ئەرك ئەنجام بدا، راهێنانی کردووە. ئەم مەچەکبەندە و جیهانی مەجازییەکەی وا دەکات کە جیهانی راهێنانەکە وەك حاڵەتی واقیعی نیشان بدات.



# سینەمایەکی پێشکەوتوو لە چاویلکەیەکدا

لە پێشانگای ساڵانەی CESی ئەمساڵدا گەرچی زۆربەی کۆمپانیا مەزنەکان بەشداریان تێدا نەکرد و بەهۆی پەتای کرۆناوە کشانەوە، بەڵام هێشتاش گەلێك ئامێری نوێ و ناوازەی تێدا نیشاندران. یەکێك لەو ئامێرانە شاشی بچووکی TCL NXTWEAR AIRە کە بەقەد چاویلکەیەکی ئاساییە. ئەم چاویلکە بچووکە دەکرێت لەبەرچاوی بەکارهێنەرەکەی شاشەیەکی گەورەی بەقەد لادیوارێك نیشان بدات. مەبەست ئەوەیە کاتێك چاویلکەکە لە چاو دەکەی وەك ئەوە وایە لە هۆڵێکی گەورەی سینەما دانیشتبێ و سەیری فیلم بکەی.

چاویلەکەکە رکابەرێکی گوگل گلاس نییە، بەڵکو سینەمایەك لە چاوەکاندا.

کێشی چاویلەکە تەنیا ٧٥ گرامە. شووشەی پێشەوەی دەگۆڕدرێ لە دیزانیدا وەك چاویلکەیەکی ئاسایی دەچێ. چاویلەکەکە بە سوود وەرگرت لە پۆرتێکی USB-C لە کۆمپیوتەر پەیوەند دەدرێ. وزەی خۆی لەو ئامێرانەوە وەردەگرێ. کاتێك لە چاوی دەکەی دوو شاشەی جۆری Micro OLED بە کوالیتی full HD لە چاو دەکەی. بە چاویلەکەکە دەکرێ سەیری فیلم بکەی، یاری بکەی و سەیری ئینتەرنێت بکەی.




# لاپتۆپێک دەنووشتێتەوە

لە زمانی بازاڕیدا کاتێك ئامێرێك چەند کارێك ئەنجام بدا، یان مرۆیەك چەند رایەکی هەبێ و یان چەند کارێك بکا، دەڵێن ئەوە جۆکەرە. لە نێو ئامێرە ئەلکترۆنییەکانیشدا جۆکەر زۆرن. بۆ نموونە ئامێر هەیە لەیەك کاتدا سێ ئەرك ئەنجامدا و سێ ئامێرە.

کۆمپانیای ئاسۆس لەم ماوەیەدا ئامێری zenbook 17ی بڵاوکردەوە. ئامێرێك کە هەم تەبلێتە و هەم لاپتۆپ. لەراستیدا شاشەیەکی مەزنە کە وەك ئەو مۆبایلانەی دەنووشتێنەوە ئەویش دەنووشتێتەوە.

گرنگترین بەشی ئەو ئامێرە جۆکەرە، شاشەکەیەتی کە ١٧,٣ ئینج سایزەکەیەتی. کوالیتی نیشاندانی زۆر بەرزە. هەرچەندە شاشە گەورەتر بێ، چێژی تایب کردن لەسەر کیبۆردی فیزیکی زیاترە. ئەم ئامێرە کیبۆردێکی بلوتۆسی تایبەتیشی لەگەڵە. دیارە دەکرێت ئەو کیبۆردەش دادەنێی و هەر بە شاشەکەی کە دەنووشێتێتەوە و دەبێتە کیبۆرد ئەرکەکان ئەنجام بدەی.

لاپتۆپەکە ئەگەرچی دوو کامێرای تێدایە، ئەو هەستەوەرە رەنگیانەی تێیدایە دەتوانێت بەشێوەیەکی خۆکار رووناکی رێك بخەن. بۆ ئەوانەی کە چات و گفتوگۆ لەسەر لاپتۆپ دەکەن زۆر باشە، شاشە نووشتاوەکە هەتا ٨ ساڵ کارکردن تێکناچێ.

# پرۆگرامێک بۆ تێکەڵکردنی فیلم و دەنگ و ژێرنووس

یەکێك لە فۆرماتە گرنگەکانی تایبەت بە فیلم و ژێرنووس MKVیە. ئەم فۆرماتە زۆرتر بۆ فیلمە ژێرنووسەکان دەگونجێت. پرۆگرامێکی گرنگ بۆ ئەم جۆرە فۆرماتانە، پرۆگرامی MKVToolnixMKVToolnixیە. بەهۆی ئەو پرۆگرامە دەتوانی ڕێژەیەکی زۆر لە فیلم پێکەوە پەیوەند بدەی. دەنگ و ژێرنووسیان بۆ دابنێی. ئەم پرۆگرامە گرنگە دەتوانێت هەر سێ فۆرماتی دەنگ و دەق و فیلم پێکەوە گرێبدات. بەو مانایە ئەگەر فیلمێکت هەیە لە چەند بەش پێکهاتووە و فایلی ژێرنووسی بە جیا لەگەڵدایە و هەروەها فایلی دەنگی بەجیایە، دەکرێت بەهۆی ئەو پرۆگرامە گشت ئەو فایلانە بکەی بەیەك و بەبێ ئەوەی کێشەی بۆ بێتە پێش. هەروەك زۆجاران دەبینن، لە فیلمەکاندا دەنگ و فیلم لەگەڵ یەکدانین، یان ژێرنووس کێشەی هەیە و لەگەڵ فیلمەکەدا هاوئاست نین.








## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، پرۆگرامی فۆتۆشۆپم دابەزاندووە سەر کۆمپیوتەرەکەم، بەڵام یان لە پرۆگرامەکە دەچێتە دەر، یان کۆمپیوتەرەکە جام دەکا هۆکاری چییە؟**

خوێنەری بەڕێز، بەشێکی زۆری ئەو پرۆگرامانەی کە لە بازاڕدا هەن، بەهۆی ئەوەی کراك کراون واتە دزراون و پەسۆردەکەیان شکێندراوە، تووشی ئەم گرفتە دەبن، بەڵام گرفتی سەرەکی ئەوەیە کە کۆمپیوتەرە کۆنەکان لەگەڵ سیستەمە نوێیەکان ناگونجێن، بۆ نموونە بۆ فۆتۆشۆپی نوێ حەتمەن دەبێت رامەکەت ٨ گیگابایت بێت و یان سەرووی ئەوە. هەروەها کێشەیەکی دیکەش ئەوەیە کە کارتی شاشە، واتە کارتی گرافیکی کۆمپیوتەرەکەت لە خوارێیە. ئەگەر بتەوێ بە فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی کار بکەی، هەوڵبدە ڤێرژنە کۆنەکان کە سیستەم زۆر داگیر ناکەن و پێویستیان بە رام و کارتی شاشەی زۆر نییە، دابەزێنە..

## تیڤی بۆکس بەقەد کاتژمێرێک

تیڤی بۆکس (TV box ) چییە؟ ئامێرێکە وەك ریسرڤێر یان بە واتای بازاڕی وەك ئامێری سەحن دەچێت، بۆ وەرگرتنی کەناڵە جیهانییەکانە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە. TV box جیاوازی لەگەڵ ئامێرەکانی دیکە ئەوەیە، کە سیستەمی تایبەت بەخۆی هەیە و تەنیا ئەوە نییە کە کەناڵەکان بگرێ، بەڵکو سیستەمی ئەندرۆید دەکاتەوەو دەتوانی لەسەر تەلەڤزیۆنەکەت، ماڵپەڕەکانیش بکەیەوە و سەیری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش بکەی و یارییە ئەلکترۆنیەکانیش بکەی.

لەم دواییەدا هواوی ئامێرێکی تیڤی بۆکسی بەرهەم هێناوە کە بەقەد کاتژمێرێکی دەست دەبێ. ئامێرەکە بە Himedia Smart Box C1 ناسراوە. دەتوانی بەهۆی ئەو ئامێرەوە سەیری کەناڵە تیڤیەکان بە کوالیتی 4k بکەی. سیستەمی ئەندرۆیدی ٩ی لەسەرە. دەکرێ کیبۆرد و ماوسیشی بۆ دابندرێ.






# کاتژمێرێکی زیرەکی تایبەت بە ماراتۆن

ماراتۆن، یا ماراسۆن واتە راکردن و خێرارۆیشتن لە پێشبرکێی و وەرزشدا. کۆمپانیای هواوی کاتژمێرێکی نوێی بەرهەمهێناوە کە تایبەتە بە ماراسۆن. ئەم کاتژمێرە زیرەکە کە بە Huawei Watch GT Runne ناسراوە. پشتیوانی لە سەد جۆری حاڵەتەکانی وەرزش کردن دەکات. خۆی لە فایبەری کامپۆزیت سووك دروستکراوە و کێشەکەی تەنیا ٣٨,٥ گرامە. سیستەمی GPS ی تایبەتی بۆ داندراوە. لە حاڵەتی ماراسۆندا داتاکان بەپێی لێدانی دڵ، مەودای رۆیشتوو و خێرایی رۆشتوو کۆ دەکاتەوە. لەگەڵ مۆبایلیش پەیوەنددەکرێ و ئاگاداری پەیوەندی و کورتەپەیام و ئاگادارکردنەوەکان دەبی. لەگەڵ هەردوو سیستەمی ئەندرۆید و IOS دەگونجێت.



## ماڵپەڕێک بۆ رۆژمێری وڵاتان

هەر وڵاتێك و تەنانەت لەنێو گەل و هۆزەکانی جیهانیشدا، رۆژی تایبەتی هەیە، گەلان رۆژی جەژن و شایی و ناخۆشی و تازیەباری بە کۆمەڵیان هەیە، بۆ نموونە رۆژی نەورۆز لە بەشێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جەژنی گەورەیە. یان رۆژی تاسوعا و عاشورا بۆ ئاینزای شیعە، رۆژی ماتەمینییە. ئەگەر بتەوێ بزانی گەلانی جیهان چ رۆژێك، رۆژی خۆشی و ناخۆشیانە، سەر لەماڵپەڕی https://www.daysoftheyear.com/ بدە. لەم ماڵپەڕەدا وڵاتەکە هەڵبژێرە و تا بۆت دیاری بکا چ رۆژێك، رۆژی تایبەتیانە. بۆ نموونە گەلان هەیە رۆژی تایبەتیان هەیە بۆ خواردەمەنی، یان بۆ گیاندارێکی تایبەتی. ئەم ماڵپەڕە هەموو رۆژەکان نیشان دەدا.

# مۆنیتۆرێکی زۆر سەرنج راکێش و ناوازە

هەر رۆژە و داهێنانێکی نوێ، هەر رۆژە و تەکنەلۆژیایەکی نوێ! یەکێك لە نوێترین بەرهەمە تەکنەلۆژییە ناوازەکان، مینتۆری گەڕۆکی (lukos)ە.

مۆنتیۆری ناوبراو دیزانەکەی زۆر ناوازەیە، وەك هیچ مۆنتیۆرێك ناچێ، درێژ و باریکە. قەوارەکەی ١٤ ئینجە و کوالیتی 4Kیە. تایبەتە بە گەیمی ئەلکترۆنی.

بەکارهێنەران دەتوانن مۆنیتۆرەکە بەشێوەی ئاسۆیی یا ستوونی بسووڕێنن. مۆنیتۆرەکە دەتوانن لەیەك کاتدا چوار دیمەن نیشان بدا. سپیکەری لەناوخۆیدایە و دەنگێکی بەهێزی هەیە.



# باشترین فاوندەیشن بۆ پێستی ڕوخسارت

فاوندەیشن کرێم، یان کرێمی ئەساس، گرنگییەکی زۆری هەیە لە کاتی ماکیاژی ڕوخساردا، بەهۆی ئەوەی کاری سەرەکی دەکات لە بنیاتی ماکیاژەکە و ڕەنگی سەرەکی و تەنی ژێرەوە پێك دەهێنێت، چەند جۆرە فاوندەیشنێك هەن کە پێویستە ئاشنایان بیت، سەرەتا بە: فاوندەیشنی کرێمی دەست پێ دەکەین، کە بریتییە لە پۆدرەیەك، کە پێست بە جوانی دەگرێت، دوای ماکیاژکردنیش ناتوێتەوە و دەمێنێتەوە. فاوندەیشنی ئاوی، کە لە ڕۆن و ئاو تێکەڵ کراوە، نەرمونیانیی پێوە دیارە و کاریگەریی لەسەر ماکیاژ ناکات. فاوندەیشنی سیلیکۆن، کە بە سلیکۆن دەوڵەمەندە و بە جوانی پێست دەگرێت، مارکەی (دیۆر) کرێمی شلی پێ باشە تا بکرێتە فاونێشنی سەرەکی، چونکە پێست بە جوانی دەگرێت و ماکیاژەکەش بە نەرمی نیشان دەدات، هەروەها بۆ ئەوانەی کە پێستیان وشکە، پێویستە کرێمی شل بەکار بهێنن، ئەوەی پێستی تیکەڵە واتە چەوری و وشکیی پێوە دیارە، دەکرێت کرێمی فاوندەیشنی چەور بەکا ربهێنن، بۆ ئەوانەش کە پێستیان چەورە، پێویستیان بە فاوندەیشنی ئاو هەییە، تا کێشەی چەوری بۆ پێست دروست نەکات.





# تاج و ملوانکەی زەرگۆن بۆ بۆنە و یادی تایبەت

خشڵ و ئێکسسواری قژ و سەر، بە جۆرێکە کە کاریگەریی لەسەر جوانیت دەبێت، هەندێکیان جوانیت زیاتر دەگەشێننەوە، بەتایبەت ئەوانەی لە شێوەی تاج و تەوقەی قژن، کە لە بەشی سەرەوەی سەر دەدرێت، تاجەکانی خانمان گرنگن بۆ بەستنی قژ و ڕازاندنەوەی سەر و قژ، تاجەکان مەرج نییە تەنیا بۆ خانمانی بووك بن، ئافرەتان بە گشتی دەتوانن لە بۆنەی تایبەت و زۆر شوێنی دیکە لە سەری بکەن. تاجی مەلەکیی زەرگۆن جۆرە تاجێکە کە لە لایەن ڤاناس مۆدەوە ئامادە کراوە، تاجەکە لە قەبارەیەکی پان و گەورە ئامادە کراوە، بە نەخشی داخراو و تێکهەڵکێش لە کەرەستەکانی کریستاڵ و زەرگۆن، لەلایەن دیزاینەرانی کورد دروست کراوە کە هەوڵدەدەن خشڵ و ئێکسسوارەکان مۆرکێکی کوردی پێوە دیار بێت، جگە لە تاجەکان، ملوانکەی زەرگۆنیش مۆدێکی باوی خشڵەکانی خۆمانەیە، کە لە شێوەی ئەستێرەی دەریا نەخشی بۆ کراوە، مۆدێکی ناسك و نەخشێکی گەورەی پێوە دیارە، بۆ کاتی بۆنە و ئاهەنگ و یادی تایبەت لە مل دەکرێن، جگە لە خانمانی بووك، تاج و ملوانکەی زەرگۆن بۆ شوێنی تایبەت لەسەر دەکرێت، لەگەڵ جلی کوردی و جلی بیانیش شیك دەکرێت.



## پێکردنی پانتۆڵی سەوز لەگەڵ دەستە جلەکان

پانتۆڵەکان، لە هەموو وەرزێکدا باون و جێگەی سەرنجی هەمووانن، بە تایبەت لە وەرزی سەرمادا کە زیاتر لە تەنوورە، باوی پۆشینی پانتۆڵە، پانتۆڵ جگە لەوەی پۆشاکێکی گەرموگوڕە، هەروەها جەستە ڕێك و توند دەکات، لە بارەی پانتۆڵەکانەوە هەمیشە ئەو مۆدە هەڵبژێرە کە لەگەڵ ستایلی دەستە جلت دەگونجێت، بۆ نموونە: ئەگەر ڕەنگی سەوز بۆ پانتۆڵەکان وەربگرین، مۆدێکی نایابی دەبێت، بە تایبەت ئەوانەی کە لە ڕەنگی سەوزی کاڵن، ئەو مۆدە بۆ زۆربەی خانمان گونجاوە، بە تایبەت ئەوانەی زۆر نەچوونەتە تەمەن، جوانیی پانتۆڵی سەوز ئەوەیە کە لەگەڵ زۆربەی پۆشاکەکان شیك دەبێت وەك: مۆدی پانتۆڵی کراوەی سەوز لەگەڵ چاکێتێکی پێست لە هەمان ڕەنگ، کە لە مارکەی (ئەلبێرتا فیراتییە) لەگەڵ قەمیس و بەدی دەپۆشرێت، پانتۆڵی سەوزی چاپکراو لە مارکەی ئەنا سووی، کە لە شێوەی کاجواڵ وایە، لە سەوزی تۆخە و بە نەخشی ئەستێرە و بازنەی کراوە نەخشی چاپکراوی لەسەرە، پانتۆڵی سەوزی پێست لە مارکەی (براسکی) بۆ بۆنە و ئاهەنگەکان گونجاوە، لەگەڵ پێڵاوی بەرز دەپۆشرێت، پانتۆڵی کاجوال لە بالمەین، بە نەخش و سادەی هەیە، لەگەڵ پشتێنی پان لەبەر دەکرێت.

## دیزاینەر گۆران ڤاناس:

# وەک براندێکی کوردی لەسەر ئاستی جیهان جلەکانمان نمایش کردووە



**جلوبەرگ و فاشیۆن جیهانێکی جیاوازە، لە سەراپای جیهاندا دیزاینەران بە کارە جوانەکانیان ستەیجەکانی نمایش و بازاڕەکان بە بەرهەمە شیکەکانیان دەڕازێننەوە، دیزاینەران وەك ئەندازیاران کارێکی ئەستەم دەکەن، چونکە ماندووبوونێکی زۆری دەوێت تا دیزاینی جلێك دەکەیت و پاشان بەرهەمێکی جوانی لێی دەردەچێت، کە سەرەتا لە نمایشەکان ئامادە دەکرێن، پاشان دەخرێتە بازاڕ و بەر دەستی خانمان. لە کوردستان چەند دیزاینەرێکی جلوبەرگ هەڵکەوتوون و یەکێك لەوانە (گۆران ڤاناس)ـە لە ڤاناس مۆدەوە و، لە چەند پرسیارێکدا بەم شێوەیە وەڵامی گوڵانی دایەوە:**



*** دیزانی جلوبەرگ، چۆن پێناسە دەکرێت؟ ئایا زانست و هونەرە، یان حەز و ئارەزووە؟**

- حەز و ئارەزووە، بەڵام بەلای منەوە هونەرە، چونکە لە ڕاستیدا زۆر هونەری پێ دەکرێت، بۆ نموونە نمایشکردن لەو کاتانەی کە کارێکی بزنست هەیە و دەتەوێت بە دەستی بهێنیت، پێویستە جلەکانت نمایش بکەیت و سەرنجی کەسی بەرامبەر ڕابکێشیت.

*** دیزاینەکان، چۆن کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی جوانی و شیکیی جلەکان دەبێت؟**

- دیزاینەکان بەپێی قوماش کاریگەرییان بۆ شیك دەرکەوتن هەیە، بەڵام پێویستە دیزاینەر بە باشی و بە پێی قوماشەکان دیزاین بکات.

*** لە ئێستادا چ جۆرە دیزاینێکی جلوبەرگ زیاتر لە کوردستان و جیهان باوە؟**

- بە گشتی جیهان بەسەر دوو بەشدا دابەش کراوە، وڵاتانی ڕۆژهەڵات زیاتر حەز بە شتی قەرەباڵغ دەکەن و، وڵاتانی ڕۆژئاواش زیاتر ئارەزووی شتی سادە دەکەن.

*** دیزاینەکانت لە کوێیەوە سەرچاوە دەگرن، بیرۆکەی خۆتن، یان وەری دەگریت و دەستکارییان دەکەیت؟**

- دیزاینەکان ٪١٠٠هی خۆمن، بەڵام زۆر کەس دێت و دەڵێت شتێکم بۆ درووست بکە وەك ئەم مۆدێلە بێت، ئەوە کۆپیی دیزاینی پێ دەڵێن و، بەو شێوەیە دروستی دەکەین، واتە لەسەر داواکاریی خەڵکە.

*** چ جۆرە دیزاین و مۆدێکی جلی کوردی و بووك لە کوردستان باوە؟**

- دەربارەی جلی کوردی زۆر جار ئێمە گۆڕانکاریی تیایدا دەکەین، چونکە مەجالی زۆر لە گۆڕانکاریدا هەیە، واتە دەتوانین دیزاین و شێوەیەکان دووبارە چاك بکەینەوە.

*** خانمان زیاتر حەزو ئارەزوویان لە دیزاینی خۆمانەیە، یان بیانی؟**

- دەتوانم بڵێم لە ئیستادا زیاتر حەز لەو دیزاینانە دەکەن کە خۆمان دروستی دەکەین، کەواتە زیاتر حەز بە دیزاینی خۆمان دەکەن.

*** چەند ماوە پێویستە بۆ دیزاین و دروستکردن و دوورینی جلێیکی بووك، یان عەزیەیەکی بۆنەکان؟**

- ئێمە لە ڕۆژێکدا شەش مۆدیل دروست دەکەین، واتە لە هەر کاتژمێر و نیوێکدا مۆدێلێك دروست دەکەین.


*** ئایا هیچ خولێکی تایبەتت کردوەتەوە، یان لە وۆرکشۆپ و فیستیڤاڵەکاندا بەشداریت کردووە؟**

- وەکو خول هیچ خولێکم نەکردووەتەوە، بەڵام زۆر کەس لای ئێمە فێر دەبن، بەڵێ، لە زۆربەی فیستیڤاڵەکاندا و، بگرە لە دەرەوەی وڵاتیش لەسەر ئاستی جیهانی و وەك براندی کوردی بەشداریمان کردووە، کەرەستە و جلەکانمان بە بیرۆکەی خۆمان دروست دەکەین، کەواتە هەمووی خۆماڵین.



# ڕازاندنەوەی فیل وەک ئوتۆمبێل

لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، زیاتر ئەوانەی خولیای ئوتۆمبێلی جوان و سەرنجراکێشن، هەڵدەستن بە ڕازاندنەوەی ئوتۆمبێلەکانیان بە ئێکسسواراتی جۆراوجۆر، بەڵام لە وڵاتی هیندستان لە جیاتی ئوتۆمبێل، فیلیان هەیە و، هەر یەکە فیلەکەی خۆی بە جوانترین شێوە و نەخش و ڕەنگ دەڕازێنێتەوە. ئەو وێنانە لەلایەن وێنەگرێکی فەڕەنسی بە ناوی (چارلز بۆرگیە)یە چرکێندراون و، ئەو کارە سەیرەش لە شاری (گاپیۆر) ئەنجام دەدرێت، تەنانەت ساڵانە فیستیڤاڵیش بۆ دەستنیشانکردنی جوانترین فیلی ڕازاوە ئەنجام دەدرێت، خاوەن فیلی هەڵبژێردراویش خەڵاتی فیلەکە وەردەگرێت، کە خواردنی ساڵێکی فیلەکەیەتی بە خۆڕایی، بەڵام ڕازاندنەوە و جوانکردنی ئوتۆمبێلەکانی لای خۆمان، بێسوودە و سەرەنجی کەسیش ڕاناکێشێت.



# بە ئەسپ بەشداری نمایشی جلوبەرگ دەکات

نمایشەکانی جلوبەرگ زیاتر لەسەر ستەیجی درێژ دەکرێت، تا بە درێژایی ستەیجەکە بە پێ بڕۆن و جلی نمایشییان لەبەردا بێت، بۆ ئەوەی ئامادەبووان جلەکان بە ڕوونی ببینن و داوای بکەن، هەندێ جار هەوڵ و جووڵەی سەیر لە کاتی نمایشەکاندا ڕوو دەدەن، دواجار هاتنی کچێکە بۆ سەر ستەیجەکان بە سواری ئەسپەوە وەك حاڵەتێکی دەگمەن دەرکەوت، ئەو کچە ناوی شارلۆت کاسیراگییە و، خوشکەزای میری مۆناکۆ (ئەلبێرت)ـە، ئەو کچە یاریزان و نمایشکاری هەڵبەزین و بەرزکردنەوەی ئەسپە، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین ئەو کچانەی لەو بوارەدا پێشەنگن، نمایشەکە لە نمایشگای (گراند پالاس ئیفیمیر) بەڕێوە چوو، بیرۆکەی هاتنی ئەو کچە بۆ نێو نمایشەکە لە ناکاو بوو، بووە جێگەی سەرنجی ئامادەبووان و میدیاکاران، ئەو کارە لە ناکاوە بە هاوکاریی مارکەی گوتشی و چارلۆت بەڕێوە چوو، بەهۆی ئەوەشەوە ئەو کچە ئەسپسوارە وەك نێردەی مارکە بازرگانییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ هەڵبژێدرا.





## کاریکاتێر

باس لەو کەسانە دەکات کە جلوبەرگ و کەرەستەکانیان زۆر گرانبەهایە، کەچی خاوەن عەقڵ و مێشکێکی بەتاڵ و پووچن، واتە هێندەی کە گرنگی بە جلوبەرگیان دەدەن، هێندە گرنگی بە مێشك و عەقڵیان نادەن.





# پیاوێکی تایلەندی هەشت ژنی هەیە


ئیسلام ڕێگەی بە پیاو دەدات کە چوار ژنی هەبێت، کریستیانەکانیش تەنیا یەك ژن دەهێنن، بەڵام ئەو گەنجە تایلەندییە بەناوی «تاناپۆنگ» ڕیچکەی ئایینەکانی شکاندووە و هەشت ژنی هێناوە، سەرەڕای ئەوەی کە هەشت هاوسەری هەیە، بەڵام وەك ئەوەی خەڵك بیری لێ دەکاتەوە، پیاوێکی دەوڵەمەند نییە و بە تەنیا خەرجی خێزانە گەورەکەی دابین ناکات، بەڵکو هەموو ژنەکانی کاری خۆیان هەیە، هەمووان پشت بە خۆیان دەبەستن و پێکەوە خێزانەکە بەڕێوە دەبەن، بە گوێرەی قسەکانی تاناپۆنگ، هاوسەرەکانی پێشتر یەکیان نەناسیووە، بەڵام ئێستا هەمووان پێکەوە لە یەك ماڵدا ژیان دەکەن و پەیوەندیی نێوانیشیان زۆر باشە.

## نوکتە

نەخۆشێك تووشی نەخۆشی بیر چوونەوە بوو بوو، چووە لای دکتۆر و پێی گوت: دکتۆر من تووشی نەخۆشییەکی سەیر بووم دکتۆریش پێی دەڵێت: نەخۆشییەکەت چییە؟ ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: دکتۆر کام نەخۆشی؟ کێ نەخۆشە؟.

## فیلم

## Gold – زێڕ




فیلمێکی دراماییەو و دەربارەی ژیانە، باس لە دوو پیاو دەکات کە بە شوێنێکی چۆڵدا دەڕۆن، یەکێکیان بریسکەیەك دەبینێت کە زێڕێکی گەورەیە لە ژێر زەویدایە، بە دەست ناتوانن دەریبهێنن، بۆیە پێویستیان بە ئامێر دەبێت، هەردووك لەگەڵ یەکتردا فێڵ دەکەن، تاو هەریەکە زێڕەکە بۆ خۆی بێت، یەکێکیان سەگی کێوی دیخوات و ئەوەی دیکەش دەکوژرێت، هیچیان نابنە خاوەن زێڕەکە، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و (٣٧) خولەکە، لە دەرهێنانی ئەنتۆنی هەیاس، لە ئوستراڵیا وێنەی گیراوە، لە نواندنی: زاك ئیفرۆن، ئەنتۆنی هەیاس، سوسی پۆرتەرە، فیلمێکی بەهێز و نایابە، لە داهاتوودا دەبێتە خاوەن چەندین خەڵات.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ژیانت ڕێك بخە، چونکە داهاتووت بەرەو خۆشی دەچێت، هەندێك بەربەست لە کارەکەتدا دێتە بەردەمت، کە دەبێتە هۆی ئەوەی توشی دڵەڕاوکێ ببیت، واز لەو ناکۆکییانە بهێنە کە لە نێوانی خۆت و خۆشەویستەکەتدا هەیە و، هەوڵ بدە زیاتر لەیەك نزیك ببنەوە، وا باشترە سیستمی خۆراکیی تەندروست پەیڕەو بکەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

یارمەتیی کەسانی دیکە بدە، دەبێت زۆر بە ئاگابیت لە کارەکانتدا و سوود لە ئاستی زانیاریی کەسانی دیکە ببینیت، وا باشترە کە تا دڵنیانەبیتەوە لە هەستی بەرامبەرەکەت، هەرگیز پەیوەندیی سۆزداری دروست نەکەیت، کەمێك زیاتر بایەخ بە خەو و پشوو بدە، دەنا لە ڕووی تەندروستییەوە کاریگەریی نەرێنیی دەبێت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بڕیارەکانت بە جوانی بدە، بۆ ئەوەی لەکۆتاییدا پەشیمان نەبیتەوە، سوود لە زانیاریی هاوپیشەکانت وەربگرە و پێکەوە لەپێناو داهاتویەکی باشتردا هەنگاو بنێن، کەسایەتیت بووەتە هۆی ئەوەی کەسانێکی زۆر سەرسامت بن، بەڵام دەبێت وریابیت، واز لە زۆر خواردنی شیرینیبهێنە و ئاگاداری باری تەندروستیت بە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ڕەزیبە لە ئاستی زانیارییەکانی خۆت و بۆ ئەوەی هەنگاوی نوێ بنێیت تاقیکردنەوەکانی ڕابردووت بێنەوە یاد، لێبوردەیی جوانترین سیفاتی تۆیە و لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانیت پەیوەندییەکی سۆزداریی بەهێز دروست بکەیت، زۆر خواردنەوەی ئاو سوودی باشی بۆ تەندروستییەکی باشتر هەیە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەڵدانەوەی لاپەڕکانی پێشوو دەبنە مایەی ناخۆشی بۆت، ئەمڕۆ لە لایەنی پیشەییەوە هەست بە ئارامی دەکەیت و کێشەکانت کۆتاییان دێت، ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوبیت هەوڵ بدە یەکسانی لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتدا بپارێزە و، بۆ ژیانێك ئارام و ئاسوودە، ڕێگەمەدە توڕەیی بەسەرتدا زاڵبێت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لە لایەنی پیشەییەوە کارەکانت بەشێوەیەکی ئەرێنی بەڕێوە دەچن، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی زیاتر متمانەت بە خۆت هەبێت، متمانە و تێگەیشتن لە نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتدا باشترین هەنگاوە بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی سۆزداریی بەهێز بنیاد بنێن، پەستانی زۆر وادەکات هەست بە ماندوبون بکەیت.



## پەند و وتە

ترێنسی ئاڵن، ناسراو بە سپاك میلیگان، ئەکتەری کۆمێدیی بەریتانی لە ساڵی ١٩١٨ لە شاری ئەحمەدنگار لە هیندستان لەدایکبووە و لە ساڵی ٢٠٠٢ لە شاری ڕێی لە بەریتانیا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی پارە و سامان دەڵێت: پارە و سامان، هاوڕێ و کەسی باشت بۆت ناهێنێت، بەڵام دڵنیابە کە پارە و سامانێکی زۆرت هەبوو، دوژمنی وات دەبێت، کە خۆشت هەست ناکەی چەندە باشن لە ڕۆڵەتدا، بەڵام لە پشتەوە خەنجەری ژەهراوین.



## یاریی وێنە

لە وێنەکەدا کەسێك دانیشتووە و پلیکانەیەکیش هەیە، وێنەکە بە جۆرێك گیراوە کە شوێنی کەسەکە دیار نییە لە سەرەوە، یان لە خوارەوە دانیشتووە، هەوڵ بدە فێڵکاریی وێنەکە بدۆزیتەوە.

## یاسا

# ژن و داوای جیابوونەوە



ژن چ کاتێك دەتوانیت لە دادگا داوای جیابوونەوە بکات:

١-ئەگەر پیاوەکە بۆ ماوەی ساڵێك، یان زیاتر بەبێ هیچ پاساوێك ژنەکەی بەجێ هێشتبوو.

٢-ئەگەر مێردەکەی سزادرابێت بەهۆی ئەو تاوانەی کردوویەتی، بۆ ماوەی سێ ساڵ یان زیاتر.

٣-گەر پیاوەکە بەبێ هیچ هۆیەك ئامادە نەبوو دەستگیرانەکەی بگوازێتەوە بۆ ماوەی دووساڵ لە مێژووی گرێبەستی هاوسەرگیریەوە.

٤-گەر پیاوەکە تووشی نەخۆشیی درێژخایەن هات (دەروونی بێت، یان جەستەی)، یان گەر پیاوەکە نەزۆك بوو.

٥-ئەگەر پیاوەکە ژنی دووەم بەبێ ڕەزامەندیی ژنی یەکەم بهێنێت.

٦-ئەگەر پیاوەکە بەبێ هیچ هۆیەك نەفەقەی ژنەکەی نەکێشا

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

باشبوونی پەیوەندییەکانت لەگەڵ هاوپیشەکانت و بونی متمانە لە نێوانتاندا، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی ئەنجام و بەرهەمێکی باشترت هەبێت، لەلایەنی سۆزدارییەوە واز لە ڕابردوو بهێنە و بیر لە داهاتو بکەرەوە، هێندە بایەخ بە توندی گفتوگۆ مەکە، دەنا کاریگەریی نەرێنیی لەسەر کار و چالاکییەکانت دەبێت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەرەو قۆناغێکی دیکەی ژیانت دەچیت، گرنگە زاڵبیت بەسەر کارەکانتدا و بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بەربەستەکان تێپەڕێنیت، واز لە گەورەکردنی کێشەکانی نێوان خۆت و خۆشەویستەکەتبهێنە، چونکە کەسانێکی ناحەز هەن کە چاوەڕوانی جیابونەوەتان دەکەن، بۆ ئارامبوونەوە پێویستت بە مۆڵەت و پشوودان هەیە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

فەرامۆشکردنی بەربەستەکان و گرفتەکانی کارکردنت، مانای ئەوە نییە کە کێشەکات چارەسەر بووە، بەڵکو دەبێت دواتر بگەڕێیتەوە سەریان و چارەسەریان بکەیت، لە لایەنی سۆزدارییەوە هەوڵبدە چالاکیی نوێ ئەنجام بدەیت و، وازبهێنە لە ڕۆتین بهێنە، بۆ ئەوەی تەندروستییەکی باشترت هەبێت، هەوڵبدە لە ناو سرووشتدا بگەڕێیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١


هاوپیشەکانت یارمەتیت دەدەن و پشتیوانیت دەکەن، ئەمەش کاردانەوەی لەسەر ئەنجامی کارەکانت هەیە، لەلایەنی سۆزدارییەوە بەهۆی هەندێك جیاوازیی بیروڕاوە لەگەڵ خۆشەویستەکەتدا بە قۆناغێکی هەستیاردا تێدەپەڕیت، هەوڵ بدە ئەو چالاکییانە ئەنجام بدەیت کە دەبێتەهۆی ئەوەی لە ڕووی دەروونییەوە ئاسوودە بیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لەپێناو داهاتوویەکی باشتردا شکستی ڕابردوو لە بیر بکە و، هەمیشە بیرکردنەوەی جوانت هەبێت، ڕەنگە لە کارەکەتدا ڕووبەڕووی هەندێك گرفت ببیتەوە و هەست بە ژاوەژاو بکەیت، هەمیشە ڕاستگۆیانە هەوڵ بدە هەستەکانت بۆ خۆشەویستەکەت دەرببڕیت، کەمێك ئاگاداری خواردنی ئێواران بە، دەنا کێشت زیاد دەکات.


### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە پێناو پەیوەندییەکی پتەوی کۆمەڵایەتیدا، هەوڵ بدە هەمیشە دڵت کراوە بێت، لە لایەنی پیشەییەوە چانسی نوێ دێتە بەردەمت و ڕەنگە بەشداریی پرۆژەی نوێ بکەیت، خۆشەویستەکەت زیاد لە پێویست بایەخت پێ دەدات، هەوڵبدە تۆش فەرامۆشی نەکەیت، سیستمی خۆراکیت ڕێك بخەرەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone



## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626